# ماڵی ڕێحان

هۆشەنگ شێخمحەمەد

**ماڵی ڕێحان**

**هۆشەنگ شێخمحەمەد**

**دیزاینی بەرگ و ناوەوە: لوقمان ڕەشیدی**

**چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٢**

**چاپخانە:**

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، لە هەولێر، ژمارە سپاردنی ١ی ساڵی ٢٠١١ی دراوەتێ



# ماڵی ڕێحان

هۆشەنگ شێخمحەمەد

پێشکەشە بە خوشکی خۆشەویستم
نەجیبە خانم

ئاوسم بە شتێک
فاڵچییەکان، هەر کەسە و بە پێی تەمەن و ئەزموونی خۆی پێشبینییەک دەکات:
فاڵچییەک پێی وایە ئەو شتەی پێی ئاوسم، مرۆڤێکە لە چەشنی باران و دنیا نقووم دەکات. فاڵچییەک، پێی وایە شیعرێکە و دنیا دەکاتە بیابان.
یەکێک، یەقینە کە باخی رێحانێکە و دنیا گەمارۆدەدا و مرۆڤەکان لە جیاتی هەوا بە بۆنی رێحان هەناسە دەدەن. یەکێکی دی، دەبینێت رووبارێکە لە خوێن، قەترەقەترە دەرژێتە نێو ڕۆحمەوە.

نازانم پێشبینیی کامە فاڵچی، راست دەردەچێت؟
ئەوەی خۆم هەستی پێ دەکەم، ئازارێکە، لە بڵندترین شوێنەوە دەرژێتە هەناومەوە. چەقۆیەکە، لە سپیترین دەستەوە، لە لە لاملم دەچەقێ. تیرێکە بە وێنەی عەشق، جەرگم کون دەکا و قەهرێکیشە، هەناوم هەلاهەلا دەکا.

ئەگەر هاتوو شیعر دەرچوو، دەیخەمە رووبارە وشکەکانەوە. ئەگەر

بـــاران دەرچوو، دەیدەمە باخچەکانی کۆشـــکێکەوە، کە دواتر چیرۆکەکانی دەبیستن.
ئەگـــەر بـــووە باخی ڕێحـــان، ئەوە هەمووی لە پرچی تـــۆ دەدەم، کە ئاوس دەبیـــت. ئەگەر روباری خوێن بوو، ئەوە پارچەپارچە، هەر بە ئاوســـییەوە پێی وەردەبم.

# سەرەتاکانی ڕێحانزادە

ئێستا، دوای ئاوسبوونم لە ڕووداوەکان رادەمێنم، وەک جەنگاوەر و پادشا و پیرەمێردەکەی کتێبخانە و کەسانی دیکەش رامانی ڕووداوەکان دەکەم، سەرەتا من لە قولاغی قەڵایەکەوە جەنگاوەرم، تماشای سوپای دژمن دەکەم، لە بیری ئەوەدام، مێژوونووسێکی بێ ویژدان، چۆن ئەو ساتانە دەنووسێتەوە، کە دەرگەی کۆشکەکەمان دەشکێنن، لەم قولغەیەدا یەکێک دێت و خەنجەرەکەی لە لا ملم گیر دەکا و شیرەکەی دەخاتە زگمەوە، رمێک بەرزدەکاتەوە.

وەک پادشا بیر لە شکانی سوپاکەم دەکەمەوە، ئاگری ژوورەکانم دەبینم، ئەو ژوورانەی تێیاندا لەگەڵ دەیان کچ و ژندا تێکەڵ بووم، ئەو ژوورانەی بە سەدان شەو، لەبەر چراکانیاندا چاوی جوانترین کچم ماچ کردووە. بە بەر چاومەوە ماڵم دەسووتێنن و ژنەکان و کەنیزەکەکان و کچەکانم دەبەن، کوڕەکانم سەر دەبڕن، بە بەر چاومەوە من دەسووتێم و دژمنەکانم بە پێکەنینەوە چەقۆیێ دەخەنە ڕۆحمەوە.

لە باخچەیەکی ئەو کۆشکەدا، وەک باخەوانێک کە لە خاکەنازەکەیەوە زیاتر هیچی نییە شەڕی پێ بکات، تیرێک دەگرنە دڵمەوە و پێشئەوەی

مـن بمرم، گوڵەکان هاوزینگ دەدەن. پێشـئەوەی جەنگاوەرێک بەسـەر گوڵێکـدا، بە دوای کچێکدا غار بدات، دڵی من پان دەبێتەوە، پێشـئەوەی گوڵـەکان بسـووتێن، قرچەقرچ و دووکەڵی ڕۆحم ئاسـمانی باخچەکان داگیر دەکا.
لە کتێبخانەی ئەو کۆشکەدا، کە دانیشتووم، لە چاوەڕێی شکانی دەرگاکەم و چەنـد بەربەرییـەک بێنە ژوورە و لەگەڵ کتێبەکاندا بمسـووتێنن، دوا وشە پێشئەوەی لە کتێبەکەی بەر دەستمدا بسووتێ، لە نێو ڕۆحی مندا پـەرش دەبێ، دوا کتێبی سـەر فاقوچکەکان، پێشـئەوەی تورِ هەڵبدرێ، ئەقڵم دەپەڕێ و سـەرم گێژ دەخوا، پێشـئەوەی کەسێک رمێک لە پشتم بچەقێنێ و لە گەرووِمدا دەربێنێ، کتێبخانەکە پڕ دەبێ لە وشەی کوژراو و ناوی کوژراو.
لە کۆڵانێکی شـارەکەدا، لە بەرامبەر پەنجەرەی ماڵی دەسـگیرانەکەمدا، شـیعرەکانم لە باخەڵم کونکون دەبن بەو تیرانەی کەسێک لە پەنجەرەی ژوورەکەدا، دوای ئەوەی دەسگیرانەکەم دەکاتە ژنی، تیرتیر لە دڵم گیر دەکا و کاغەزەکانی باخەڵم و وشەی شیعرەکان پێش من، دڵڕەقی مردن، ئەزموون دەکەن.
ئـەی مێژوونووس، تۆ لەم هێرشـەدا چی دەنووسـیتەوە؟ هاوارەکانی دڵی من، یان ئازاری ڕێحانەکان، فیغانی دەسـگیرانەکەم، یان سـووتانی کتێبەکان؟
لەو سـاتەدا، خۆم لێ دەبێتە جەنگاوەرێک، کە هەر بۆ پێکەنین نایکوژن و پێی دەڵێن تماشـاکە: «چـۆن ژنەکانتان دەکەینە کەنیزەک، تماشـاکە کتێبە پیرۆزەکانتان چۆن دەکەینە گاڵتەجاڕیی، باخەکانتان چۆن دەکەینە گووخانـە، بەچـاوی خـۆت ئـەو دیمەنانە ببینە، تماشـاکە چـۆن تۆی مـرۆڤ بچووک دەبیتەوە، ئەوەندە بچووک، تا لە بن تفی جەنگاوەرێکدا دەشاردرێیتەوە و فڕێ دەدرێیتە بەر پێی هەسپێکی مردوو»
دەزانـم ئەو ئاوسـییە، بۆی هەیە لە مێژوودا، ریسـوابوونەکانی ڕۆحم، پێش سـووتانی کۆشکەکان بنووسێتەوە، هاوارەکانی دڵم، پێش فڕێدانی کتێبەکان وێنە بکێشێ، بەڵام هەمووی لە پای چی دا؟
لەو سـاتەدا، من خەیاڵم بۆ ئەوە دەچـێ: جارێکیان لەگەڵ ژنێکی ئاوس جـووت بـووم، ژنێک کە زگی ئەوەنـدەی باگوردانێک گـەورە بووبوو،

لەگەڵی جووت بووم، دەستم دەهێنا بەسەری منداڵەکەی ناو زگی دا و دەیگوت: خۆزگە دەخوازم کوڕ بێ و وەک تۆ چاوی رەش و دەماری دەستەکانی گرژ بێ، وەک تۆ سڵ نەکاتەوە لە سەفەر و لە گەڕان بە دوای جەنگەکاندا، لە هەمووماڵێکدا جەنگێک بکا، لە هەموو شارێکدا هەرایەک بنێتەوە، لە هەموو شانشینێکدا، ژنان بە کەنیزەک بێنێتەوە کۆشکەکەی. ژنە، دوای سێ حەفتە منداڵێکی ئیفلیجی بوو، دوای سێ حەفتەی تر، بە دەم خەفەتی منداڵەکەوە گیانی دا، منداڵیش بە ئیفلیجی منی کوشت و ئەو خۆی نەمرد.
ژنێکی دیکەی ئاوس، کە بە دەستەکانی دۆخینی کردمەوە و کەوتە لێستنەوە و مژینی جەستەم دەستی دەگرتم و بەسەر مەمکەکانیدا دەهێنا و دەیگوت: نزا دەکەم لەو پەنچانەی تۆ، لەو زمانەی تۆ، شیرێکی سپی و بێگەرد برژێتە مەمکەکانم. تا کۆرپەکەمی پێ گەورە بکەم، شیرێک، وەک شیری شێر، وەک شیری بەهەشت شیرین، وەک هەنگوینی خودایی، تا کۆرپەکەم بەهێز و گەورە بێ، ئەوەندە شیرین، کە خۆم حەیرانی بم، ئەوەندە جوان، خوشکەکانی رۆژانە بۆی بمرن و زندووببنەوە. کوڕێک بێ، هەموو ژنەکانی دنیا تاقی بکاتەوە، بێ شومار ژنی هەبێ و وەچەیەک بنێتەوە. لەبەر خاتری چاوی ژنەکان دنیا داگیر بکا. کەچی ئەو ژنە، دوای دوو مانگ کچێکی بوو، ڕەنگی لە چارۆگەکەی داپیرەگەورەی هەمووومان رەشتر، ددانیشی لە بەفر سپیتر.
ژنێکی دیکەی ئاوس دەستی  گرتم و نای بە زگییەوە، دەیگوت: دەموێ کۆرپەکەم ئەوەندە هێزی جووتبوونێ  هەبێت، هۆزێک ژن بە یەک شەو تێر بکا، تەنانەت ئەگەر دامەنی ژن بە نێوچەوانی شێرەوە بێ، هێرشی بۆ ببات، دەمەوێ کوڕەکەم بەوە فرمانڕەوایی بکات و دنیا بخاتە ژێر میهری نێراییێتییەکەیەوە. کەچی دوو شەو دواتر زگەکەی لەبەر چوو و خەونە نەزۆکەکەیشی دوایی هات.
چیرۆکی ژنەئاوسەکان و ئاوسیی من، لەو سەردەم و رۆژگار و شەوگارانەدا، لە حیکایەتە کۆنەکانی ئەو مێژووە ناچن، کە مێژوونووسان بۆیان نووسینەوە، ئەو مێژووناسانەی خاتری هەموو کەسێکیان گرتبێ، خاتری قەحپەیەکی ئاوسیان نەگرتووە، خاتری ژنێکی ئاوسیان نەگرتووە، بۆیە دەبێ بە خاتری ئەو ژنە ئاوسانە حیکایەتی یەکەیەکەی

ژنەئاوسەکان بنووسمەوە، ئەوانەی لە کۆشکەکاندا خۆیان، خەونەکانیان هەروەک منی جەنگاوەر و پاڵەوان و پادشا و باخەوان و شاعیر سووتام و کوژرام و هەزار خەنجەر چووە دڵمەوە، ئەو ژنە ئاوسـانەیش دەیان ڕم و تیر و شیر و قەهر چوونە زگیانەوە، هەزار ئاگر و ئایەت و زریکە چوونە زگیانەوە، ژنە زگپڕەکان، هیچکەس لە بارەیانەوە نەینووسی، کە سوپای نەفرەت هاتوو هەلاهەلای کردن، کە هاتن و پێش چاوی ئەوان، چاوی کۆرپەلەکانیان دەرهێنان، پێش ئەوەی ڕۆحی ئەوان ببەن، ڕۆحی کۆرپەکانیان تەفروتونا دەکردن.

بۆ ئەوەی چیرۆکی ئەو ژنە زگپڕانە و ئاوسـبوونی خۆم بنووسـمەوە، دەبێ بچمەوە کۆشکەکە و لەوێ شێوەی ژنێکی زگپڕ وەرگرم و لەگەڵ خۆمدا جووت ببم، پێش ئەوە، دەبێ شـەڕەکان دوا بخەم و بگەڕێمەوە سەردەمی کچێنی و شوو بکەم و دواتریش خۆم لە خۆمدا ئاوس بکەم، ئینجا لە کردەیەکی سێکسیدا، خەون بە کوڕەکەم ببینم و مرازان لە دڵی خۆمدا بگرم، بۆ ئەوەی بزانم چۆن کوڕێکم دەوێ، بەڵام پێش ئەوانەیش، دەبێ بڕۆم و چاوە دەرهێنراوەکانی زارا ماچ کەم، بیانخەمەوە شـوێنی خۆیان و بڵێم: «زارا، بزانم تۆ بۆچ تاکە ژن بووی کچت دەویست؟» زارا، بە زمانە شـیرین و پڕ لە مێیایەتییەکـەی دەیگوت: «ئای ئەگەر دەزانی کچێنی چەند خۆشـە و ژنایەتی چەند خۆشـە و لە هەمووشیان خۆشتر ئاوسـبوونە بە کچێکی وەک ڕێحانەکەی نێو زگم، بۆیە پێم خۆشـە کچ بێ، تا تامی بە ژنبوون و ئاوسبوون بکا، بزانێ چ خۆشە، بە ئاوسی بەم کۆشـکانەدا بێ و بچێ، بە ئاوسـی بچێتە بازاڕ و تەماتەسـوورەکان لە مەتبەخ بە سـەر زگیدا بینێ و ببات، چ خۆشـە گوڵی ڕەنگاورەنگ بخاتە کانیـاو و بـە ڕووتی بچێتـە ناوییەوە و مەلەی تێدا بـکا. ئای خودایە چ خۆشـە ئاوس بێ، خۆشـە ئاوس بم و بە ئاوسـی بخوێنمەوە و لە بەر ئاگردان بە ڕووتی دانیشـم و هەر بەو زگەوە هەموو کۆڵانەکانی شـار تـەی بکەم و لە نێـو فریزدا بگەوزێم. حەزم لێیـە کچێک بێ وەک خۆم و تۆ شـەهوانی بێ و قەت لە ماچکردن تێر نەبێ. بۆیە حەزدەکەم زۆر ماچت بکەم و ئاوی لێوانت بخۆمەوە و بیرژێنمە نێو زگمەوە، تا کچەکەم وەک تـۆ حـەزی لە ماچ بێ، وەک تۆ حەزی لە گرتـن و مژینی لێو بێ. وەک تۆ شەیدای تامی لێو بێ، بە هیچ تامێکی دیکەی نەگۆڕێتەوە».

کەچی، زارا لە شەڕەکەدا، بە ڕووتی لە نێو کانیاوەکەدا خنکابوو، دەمی پـڕی خوێن بوو و زەرداوێک لە بنییەوە رژابوو، کە رەنگی ئاوەکەی لە پاڵ سووریی خوێنەکەدا زەرد و کەسک کردبوو، زەرداوەکە تێکەڵی ئاو و خوێنەکە نەبووبوو.
بـەڵام ئەو ژن و کچانە، کارئەکتەری چیرۆکی لابەلا بوون، کارئەکتەری چیرۆکی هەقیقی و گەورەی شـاری ئێمە، سـوورگوڵ بوو، سوورگوڵ ئـەو ژنە زگپـڕەی هەر بە دەم بۆنـی رێحانەوە دەرۆیشـت، باخەڵی چ پیاوێک رێحانی تێدا بووایە، ڕووتی دەکردەوە و دەیخسـتە نێو زگیەوە، کە منی دیت، رێحانەکانی لە باخەڵ دەرهێنام و گەورەترین پەلکی خستە دەممـەوە، ئینجا بە ماچ، لـە دەمی دەرهێنام و خواردی. لە جووتبووندا، هەموو رێحانەکانی خواردن و دەیگوت: «دەمویَ کوڕەکەم بۆنی رێحان بگـریَ، بە هەر شـوێنێکدا بڕوات، بزانن ئـەو باخچەیە، نەک کوڕ، بزانن ئەوە رێحانزادەیە و هەر ناویشی دەنێم رێحانزادە، کچی بە ناوبانگترین باخەوانی شـاری بۆ دەخوازم و لە نێو رێحاندا زەماوەندی بۆ دەگێڕم. لـە شـەوی بـە زاوابوونیدا، لـە نێو باخـی رێحاندا، لەسـەر رێحان، بە زاوای دەکـەم، یەکەم سەرشووشـتنی بە رێحان دەبـیَ و ژنەکەیش لە رێحان هەڵدەکێشم»، هەر بۆیەشە دایکی رێحانزادە پێشئەوەی زگەکەی دانـیَ، کە دژمن باخی رێحانەکانی تێکدان و رێحانەکانی بەر پەنجەرەی ماڵی ئەویشـیان لـە هەواوە فڕیَ دا خوارەوە، سـوورگوڵ وەزگی دا و رێحانزادە نەهاتە سـەر دنیا، بۆیە تا ئێسـتایش بۆنی رێحان بۆ من دیَ، بۆنی رێحانزادە لەم دەڤەرە دیَ، کە لە نێو زگی دایکیدا، هەموو رۆژێک، لە قەهری رێحان و بووکەکەیدا دەمریَ.
فاڵچییەکان پێشبینیی زۆر گەورەیان دەکرد لەو زگەی سوورگوڵ، کەچی ئەو نەیدەزانی چیی لە زگی خۆیدا هەڵگرتووە. ئەوانەی ئەم چیرۆکەمان دەزانـی، تەنیـا چەند کەسـێک بووین: مـن و پادشـا و پیرەمێردەکەی کتێبخانە و دەسـگیرانەکەم و باخەوانی شـار، ئەوانـی دی نەیاندەزانی ئەگـەر رێحانـزادە بێتە دنیـا، پێشـبینیی فاڵچییەکان دێتـە دی، جگە لە ئێمەیش، هیچکەس نەیدەزانی پێشبینیی فاڵچییەکان چ هەقایەتێکی سەیر و غەریب بوو، چ دەمێک بوو، کە هەموو مێژووی دەگۆڕی.

# حەکایاتەکانی بۆنی ڕێحان

لــە کاتێکدا، هێشــتا جەنگاوەرەکەی قولاغێکی قەڵاکەم و دەســت و پێ بــە خاکــەوە دەکەوم. منداڵێکی ســوپای دژمن خەنجەرەکــەی لە لاملم گیــر دەکا و خوێــن لە دەممەوە، وەک تاڤگــە دەرژێ. پێی دەڵێم: «بەو کوشتنەم ئاسوودەی؟» تفم لێ دەکا و شیرەکەی دەخاتە زگمەوە. پێی دەڵێم: «ئەو شــیرەت بۆ لە زگم چەقاند، مەگەر نازانی من بە کۆمەڵێک شــتەوە ئاوســم؟ چەندین کوڕ و تاقە کچێکم لەو زگەدا هەڵگرتوون؟» ئەو لە زمانم ناگا، ڕمێک بەرز دەکاتەوە. پێی دەڵێم: «کوڕیژگە تۆ، تەنیا مــن ناکــوژی، بەر لە من، ئــەو منداڵ و شــتانەیش دەکوژی» ڕمەکەی دەچەقێنێتــە نێوچەوانــم و کــە دەریدەکێشــێتەوە، هێندێک لە مێشــکم دەکەوێتە بەر دەممەوە. بەسەرمدا دەنووشتێتەوە و خوێنی لامل و زگم بۆن دەکا، بۆنی ڕێحانە. دەزانێ ئەوە بۆنی ڕێحانە و لەگەڵ خوێنەکەدا دەکەوێتــە بــەر هەتاو و بریقە دەداتەوە. کەپــووی دەخورێنێ و لە بەر خۆیەوە دەڵێ: «ئای چ ســەگبابێکی نەجیبزادەم کوشــت» پێدەکەنێ و خوێنی لامل و زگم لە ســەروچاوی خۆی دەســوێ و دەســتەکانی پێ دەشــوا، وەکئەوەی تەزبێحێکی ئەبلەقیی قــەزوان، یان نێرگزێک لە نێو

دەستی خۆیدا بپلیشێنێتەوە. تیرتیر نێو لەپەکانی بۆن دەکا. دەگەڕێتەوە سەرم و مەتارەکەی بە لاملمەوە دەچەسپێنێ و بە پەنچەگەورەی پت بە دەماری لاملمەوە دەنێ و خوێن و بۆنی ڕیحانەکە دەخاتە مەتارەکەی، ئەوەندەی خوێنم لێ دەچوڕێتەوە، دەیکاتە مەتارەکە و سەرەکەی قەپات دەکا و تف دەکاتە کونی نێوچەوانمەوە. چەقۆکەی هەڵدەگرێ و شیرەکەی دەگرێتەوە دەست و هەڵدەستێتەوە و رمەکەی لە سینگی کەسێکی دیکەدا گیر دەکا. سوپا کۆشکەکە تالان دەکا، بەڵام ئەو کوریژگەیە زگ و دڵ و مێشکی تالان کردم. هەست دەکا براوەی یەکەمی ئەو شەڕە، پادشا و سەرکردەی سوپا نین، بەڵکوو خۆیەتی. ئەو بۆنی ڕیحانی دەویست و لە خوێنی مندا دۆزییەوە. جەنگاوەرەکان هەر یەکەیان بۆنی شتێکیان دەویست. پادشا بۆنی سێوی مەبەست بوو، بۆیە هەموو ئەو کەسانەی بۆنی سێویان لێ دەهات خوێنیان بۆ پادشا بوو. سوپاسالار بە بۆنی پرتەقاڵ مەست دەبوو، بۆیە هەرکەس خوێنی نارنجی با، خوێنی کەسەکەیان بۆ لە گۆزە دەکرد. بەر لە شەڕەکە، پێیان گوتبووم ئەوانە بۆ خوێن دێن، خوێنی هەمووان، هەریەکە و بۆنی خوێنی خۆی دەوێ. بۆیە هەموومان دەکوژن و خوێنمان دەبەن. ئێمەیش هەرکاممان بۆنێکمان هەبوو: من بۆنی ڕیحانم لەوە گرتبوو، کە دایک و باوکم لە سەر پەلکی ڕیحان بە زاوا ببوون. برایەکم بۆنی ئارووی هەبوو، چونکە کە لە زگی دایکمدا بوو، دایکم مەگیرانی بە ئاروو کردبوو. خوشکێکم بۆنی سنۆبەری هەبوو. برایەکی دیکەم بۆنی گوڵەبەرۆژە. ئەوانیش هەرکامیان بۆنی خۆیان هەبوو، وەک هەموو ئەندامەکانی کۆشک، هەر کەسە و حەکایەتی بۆنی تایبەتی خۆی هەبوو. بۆیە: ژنەئاوسەکان، هەر یەکەو مەگیرانیی بە بۆنێکەوە دەکرد. ئەوانەی لەم شارەدا بۆنی ڕیحانیان دەکرد، من بووم، پادشا و پیرەمێردەکەی کتێبخانە و باخەوان و دەسگیرانەکەیشم. کەسانی دیکەیش لە شاردا هەبوون، کە بۆنی ڕیحانیان کردبوو، هەر کامیشمان حەکایەتی خۆمان هەبوو، بەڵام هیچکاممان یەک حەکایەتمان لە بارەی بۆنەکانمانەوە نەدەگێڕاوە. پادشا، بۆنی ڕیحانی بەم شێوەیە کردبوو: شاژنی دایک ئاوس دەبێ. فاڵچییەک پێشبینیی ئەوە دەکا، کە بۆنی ڕیحان بگرێ، بەڵام چونکە پادشای باوک حەزی لە بۆنی نێرگزە. فاڵچییەکە پێی دەڵێ،

کە پێویستە ڕۆژانە سێ جار، سەری بە ئاوی نێرگز بشوات، تا زگەکەی دادەنێ. هەموو وڵات بەشــی ســێ حەفتە نێرگزی تێدا نییە، بۆیە پادشا سوارەکانی بە هەموو کون و قوژبنەکانی دنیادا بڵاو دەکاتەوە، هەرچی پیــوازی نێرگزە بێنن و لــە وڵاتدا بیچێنن. خەڵک بە چیــا و گوندەکاندا بــڵاو دەبنــەوە و هەرچــی قەتمەر و نێرگــز هەیە کۆیــان دەکەنەوە و دەیانکوڵێنــن و دەیانکەنە ئاو. شــاژن ڕۆژانە بەیانیــان و نیوەڕۆیان و ئێــواران، بــە ئــاوی نێرگز خۆی دەشــوات، بەڵام لە دواجــار و لە دوا ڕۆژدا، دوای نــۆ مانــگ و نــۆ کاتژمێر و دوو خۆشووشــتن، کە تەنیا یەک خۆشووشتنی ماوە و مامانەکان دەڵێن: «ئەمشەو پادشای کوڕ لە دایک دەبێ». ئاوی نێرگز نامێنێ. ناچار، شاژن سەری ناشوات و دوای ئێوارە، شــەودرەنگان پادشــا بە بۆنی ڕێحانەوە لە ڕەحمی شاژن دێتە دەرەوە و پادشای باوک لە حەژمەتان وەزگ دەدا. پادشا، تا ئەو کاتەی ئاوی نێرگزی پەیدا کردبوو، چەندین شەڕی کردبوو، شەڕی کۆشک و قەڵای بەرز، شەڕی وەرزەکان و دەم و کاتەکان، شەڕی بەفر و گەرما و چیابڵندەکان و باڵندەکان. لە ئەنجامیشــدا پادشای کوڕ بۆنی نێرگزی نەگرت و بۆنی ڕێحانی گرت.

پیرەمێردی کتێبخانەکە، دایکی هەرچەندە مەگیرانیی بە ئاوەوە گرتبوو، دەبــوو ڕۆژانە بەفراوی خواردباوە. نــۆ مانگی ڕەبەق بەفری لێ نەبڕا، کەچــی لــە پڕێکــدا کە کوڕ دەبــێ بۆنی ڕێحــان لە خوێنییــەوە دێت و ژوورەکــە پــڕ دەکا، بەڵام بــۆ دایک و باوکی کێشــەیەک نابێت، چونکە بۆنی ڕێحان قبووڵ دەکەن.

باخەوانەکەیــش چیرۆکێکــی ســەیری هەبــوو: باوکــی باخەوانەکە کە باخەوانی باخچەکانی کۆشک و شار بوو،مەراقی هەموو بۆن و بەرام و گوڵێک بووە، چەندین جار لەگەڵ ســوپای کۆشک چووبووە شەڕەکان. تەنیا بۆ ئەوەی تۆ و پیواز و کەد و گەڵای گوڵی ســەیر و ناوازە پەیدا بکا و لە خاکەکەی ئێمەدا بیانچێنێ. شەڕی لەگەڵ خاک و خۆڵ و هەواو ساردو گەرمایی دەکرد، تا گوڵەکان لە خاکی ئێمەدا شین ببن، دەڵێن لە ســەفەرێکیدا، لە گەڵ دوو لە کوڕەکانی، لە وڵاتێکی دوور ڕێگەی ســێ هەفتە دوور، لە بناری چیایەکدا کە بۆ دەست بەئاوگەیاندنێک لە ڕێگادا لادەدات، لە پشــت تاشــە بەردێکەوە گوڵە ڕێحانێکی نۆ ڕەنگی دەبینێ،

لەنێو بەردێک دا شـــین بووە، تەنیا ئەو گوڵە و هیچ گوڵێکی دیکەی لەو جۆرە لەوێ بەدی ناکا. تماشای بەردەکە دەکا. ئەوەندەی خۆی گەورەیە و یەک گەردیلە خۆڵیشـــی لەســـەر نییە. چەندی بیر دەکاتەوە چۆن ئەو گوڵـــە بگوێزێتـــەوە بێئەوەی ناچـــار بێت بەردەکـــە هەڵگرێت؟ ڕێگەیەک نابینێتـــەوە. بیـــر لە شـــکاندنی و گچکەکردنـــەوەی بەردەکـــە دەکاتەوە، هـــەوڵ دەدا چەنـــد لایەکی بەردەکە بشـــکێنێ، بەڵام چەند دەکۆشـــێ و دەکا بەردەکە تاوێرەبەردە و لەوە بچووکتر نابێتەوە، لەوەش دەترسێ ڕەگی ئەو گوڵە بەهەموو لایەک و لەشی بەردەکەدا ڕۆچووبێ و لەگەڵ شـــکاندنی بەردەکە ڕەگی گوڵەکە ئەشـــکەنجە بـــدات و گوڵەکە نابووت بکات، بۆیە ناوێرێ زیاتر پێ لەســـەر شـــکانی بەردەکە دابگرێ. بۆیە بە ناچاری گالیسکەیەک دروست دەکا و بە ئەسپێکی ڕای دەکێشێ، بەڵام لە شـــوێنێکی لێژی ڕێیەکدا، بەرد غلۆر دەبێتەوە و پاشـــووی ئەسپەکە دەشـــکێنێ. دەرمانەکانـــی باخـــەوان ســـوودیان نابێ و ناچـــار دەبێ لە تاو برینەکان، ئەســـپەکەی لە نێو گوڵزارێکدا بکـــوژێ. بەردەکە دەخاتە گالیســـکەیەکەوە و ئەمجارە بە دوو ئەســـپ ڕایدەکێشێ و توندتر گرێی دەدا، باخەوان ترســـی ئەوەی هەیە لەگەڵ ڕێگە سەختەکاندا بەرد غلۆر ببێتـــەوە و گوڵەکە بشـــکێ و بمـــرێ، بۆیە زۆر بە پیتۆڵییەوە هەمیشـــە لە تەنیشـــت گالیســـکەکەوە ڕێـــدەکا، دوای دوو حەفتـــە و پێنج ڕۆژ، کە تەنیـــا دوو ڕۆژیان ماوە بگەنەوە شـــار، لە پێچـــی تولەڕێیەکی تەنگ و ئاسێدا، دەرفەتی ئەوە نییە، ئەسپەکان پێکەوە یان بە تەنیاش گالیسکەکە ڕاکێشـــن، پێچەکە تەنیا چەند مەترێکە، بەڵام ئاسێیە و دەرناچێت، بۆیە ناچـــار بەردەکـــە لە گالیســـکەکە دەکاتەوە، ســـەرەتا دەیوێ لە پشـــتی ئەســـپەکەدا باری بکا، بەڵام هەم لەبەر قورســـی و هەم لەبەر گەورەیی بەردەکەیش، ناکرێ بیخاتە ســـەر پشتی ئەســـپەکە، بڕیار دەدا خۆی و کوڕەکانی بە هەڵگرتن، لەو پێچە دەربازی بکەن، گوڵی بەردین کە زۆر زل و گرانە، بە هەرســـێکیان بەرزی دەکەنەوە، هەر نیو مەترێک دەچنە پێشـــەوە، بەردەکە بەســـەر پێی کوڕێکی دەکـــەوێ و لاقێکی هەپروون بـــە هەپروون دەکا، هـــەر لە تاوی ئەو برینە و خوێنڕۆیشـــتنی، ماوەی ڕۆژێکـــی تـــەواو وەک ئەســـپەکە، دەبێتە قوربانی، قەبرێـــک بۆ کوڕەکە لـــێ دەدات و بـــە خـــۆی و کوڕەکەی دیکەیـــەوە بەردەکـــە دەخەنە بان

ســەری گۆڕەکەوە، بە ناچــاری گوڵەکە لەوێ بەجێ دێڵێ. پێش ئەوەی بڕوات، پەلکێک لە ڕێحانە نۆ ڕەنگییەکە لێدەکاتەوە و دەیجوێ، شــیلەی گوڵەکــە تنۆکتنۆک دەچێتە قوڕگییەوە و لەگەڵ پڕمەی گریاندا دەیخاتە نێو گەدەیەوە. دوای سێ مانگ، کە یەکەم جارە لەگەڵ ژنەکەی دەنوێ، ژنە زگی پڕ دەبێ و ئەو باخەوانەی دەبێت کە بۆنی ڕێحانی هەیە.

حەکایەتی بۆن ڕێحانی دەسگیرانەکەیشــم، لەوەوە دروســت دەبێ، کە عەتارێک لە نەیشاپورەوە هاتووە، بە نێو کۆڵانەکانی شاردا دەسوڕێتەوە و بە دەم خوێندنەوەی شیعرەکانی خەییامەوە شەراب دەنۆشێ. لە بەر دەرگەی ماڵی دەســگیرانەکەم ڕادەوەستێ و دایکی دەسگیرانم هێندێک کل و کلدانێکــێ لێ دەکڕێ، بــەر پەنچەرەکەی خوارەوەیان ئینجانەیەک ڕێحانی لەسەر بووە، کابرایش پەلکەڕێحانێک دەقرتێنێ و دەیخاتە جامی شــەرابەکەیەوە و ماوەیەک پێکی شــەرابەکە لە دەستی بادەدا، تا بۆنی ڕێحانەکە دەگرێ. دواتر بە دایکی دەســگیرانەکەم دەڵێ: «بۆنی بکە!». دایکی دەسگیرانەکەیشــم، جامەکەی لێ وەردەگرێ و چاوەکانی دادەخا و جامەکە دەخاتە ژێر کونەکەپوویەوە و تێر بۆنی شەراب و ڕێحانەکە دەکا. عەتار لەو دەمەدا ئەو شیعرە دەخوێنێتەوە:

«ڕێم کەوتە گوڵستانەوە لای بولبولی مەست
بە چریکە پێی گوتم گەلێ ڕاز و مەبەست:
تا گوڵ نەوەریوە تا لەشت نەبوە بە گڵ
وەک گوڵ بە دەمێ، دەم بە بزە و پیاڵەبەدەست»

ئینجا دایکی دەسگیرانەکەم پیاڵەکە دەداتەوە عەتار و عەتاریش تۆزێک پیاڵەشــەرابەکە دەهەژێنــێ و دەیخاتە ژێر کەپوویــەوە و بۆنی دەکا و کەمێکــی دەخاتــە دەمەوە و بەمــلا و بەولای دەمیدا دەیبــات و زمانی تفت دەبێ، ئینجا لە ســەرخۆ قووتی دەدا. بزە بۆ دایکی دەسگیرانەکەم دەکا و پەلکــە ڕێحانەکــەی دەداتێ، دایکــی دەسگیرانەکەیشــم ڕێحانە تەڕەکە تێرتێر بۆن دەکا. کابرای عەتار لێی وەردەگرێتەوە و ڕێحانەکە دەجوێ و شــەرابی پیاڵەکەی بە ســەردا دەکا، بە ڕێزەوە داوا لە دایکی دەسگیرانەکەم دەکا، کە نێو دەمی ماچ بکا، دایکی دەسگیرانەکەم، ئەگەر ســەیریش بووبێ، بەڵام هێزێکی جادوویی وای لێ دەکا، کە ڕاستەوخۆ ڕازی ببــێ و هــەر لە بــەر دەرگەکە، لێــو بە لێوی عەتــارەوە دەنێ و

عەتاریش هەناسەی قووڵ قووڵ دەخاتە دەمی دایکی دەسگیرانەکەمەوە، کــە بۆنی شــەرابی ســوور و ڕێحانی تــەڕی لێ دێت؛ بۆنەکــە دەچێتە گەرووی دایکی دەسگیرانەکەم و تا دەگاتە نێو سییەکانی و خوێنی زگی، دەســگیرانەکەم لەو کاتەدا شــەش مانگانە، خەوتــووە، بۆنی ڕێحانەکە دەچێتــە کونەکەپوویــەوە، دەچێتە قوڕگییەوە، دەچێتــە دڵیەوە، دەچێتە ســینگ و گەدەیــەوە، بۆیە کە لــە زگی دایکییەوە دێتە دەر، هەناســەی بۆنی ڕێحانی لێ دێ.

# هەندێ لە چیرۆکەکانی ڕێحان

حـــەزم دەکرد بە ڕێحانـــزادە ئاوس ببم، بۆیە لـــە کتێبخانەکەدا هەرچی کتێب لە بارەی ڕێحانەوە هەبووایە، دەبوو بیخوێنمەوە، چونکە دەمزانی لەشـــکری دژمن دێ و ڕێحانزادە لە نێو زگـــی دایکییەوە لە نێو دەبەن، باخچەکانـــی ڕێحـــان و ڕێحانی نێـــو ئینجانەکانی ماڵی دەسگیرانیشـــم دەشـــکێنن، بۆیـــە لـــە کتێبە کۆنەکانـــەوە دەســـتم پێ کرد، دەمویســـت بگەڕێمـــەوە ســـەر ڕەگـــی ڕێحان و هەمـــوو ئـــەو ژن و پیاوانەی بۆنی ڕێحانیان گرتووە، دەمویست سەروسۆراخی چارەنووسی ئەو کەسانە بکەم، حەکایەتی ژیان و مردنیان بخوێنمەوە و بیانناســـم. دوای ئەوانە، جارێکـــی دیکە ڕێیەک بدۆزمـــەوە، منی نێر بە (ڕێحانـــزادە) ئاوس ببم؛ (ڕێحانزادە) بە بۆنی ڕێحانەوە لە منەوە لە دایک ببێت و لەسەر پێخەڤی ڕێحانـــەوە بـــە زاوای بکەم. دەبوو ئـــەو ژن و پیاوانە بدۆزمەوە، کە بۆ بۆنی ڕێحان خەباتیان کردووە و بە دەستیان هێناوە. ئەوانەی بە منداڵیی ڕێحانـــەوە ئاوس بـــوون. دەبوو بگەڕێم لە هەر کوێیەکـــی ئەو دنیایەدا هەبن، بیاندۆزمەوە: لە هندســـتان، یۆنان، ڕۆما، چین، ئۆرشـــەلیم، بابل، ئێران، میســـر، لە نێو جولەکان، لە نێو عەرەبەکان، یان فارســـەکان بان،

دەبــوو بگەڕێم و ڕێیەک بدۆزمەوە، بۆ ئــەوەی منی نێر، بە ڕێحانزادە ئاوس ببم. یەک لەو چیرۆکانەی دەکرا ببێتە ڕێی گەڕانەوەی ڕێحانزادە، کچە جوان و شــازادەکەی ئۆرشــەلیم بــوو، (هەدس) یــان ڕێحان، کە مۆرەدخــای ئامــۆزای لــە ئۆرشــەلیمەوە دەیباتــە شــوش- پایتەختی فارســەکان و لەگــەڵ کەنیزەکەکانــدا پێشــکێش بە شائەحشــەویرەس دەکرێ، ڕێحان شــۆخێکی ئەوەندە جوان بووە، شــا تاجی شاهانەی لە ســەر دەکا و لە شوێنی ژنەکەی (وەشتی) دایدەنێ، من لەو چیرۆکەوە تێگەیشــتم، ڕاســتە ڕێحان جوان بووە، بەڵام تەنیــا جوانییەکەی بەس نەبووە بۆ ئەوەی شا تاجی شاهانەی لە سەر بکا. چیرۆکەکان باس لەوە ناکەن کە ڕێحان لە ئۆرشەلیمەوە تا شوش بە ڕێگەکاندا هەر ڕێحانێکی دیبێ بۆنی کــردووە؛ لە ژێر لێوەکانییەوە جوویبێتی و تنۆکتنۆک ئاوی ڕێحانی مژیبێ و خســتبێتییە نێو هەناســەکان و دەمارەکانی خوێنی و ســییەکانی، تا ڕەحمییەوە، بۆیە، شــا بەو بۆنی ڕێحانەوە مەست دەبێ و هەســت بە نەشئە و شەهوەتی سەرسامکار دەکا، جووتبوونی لەگەڵ ڕێحــان بــەو بــۆن و ئاوی ڕێحانــەوە، کە لــە نێو لەشــیدا دێتە دەر و بەســەر لەشــی شــادا بڵاو دەبێتەوە تەڕی دەکا، چێــژی جیاوازی پێ دەبەخشــێ و تەختی شاهانە لە (وەشــتەوە) دەداتە ڕێحان. ئیدی ئەوە بۆنی ڕێحان بووە گەمەی بە تەخت و تاراج و شارەکاندا کردووە، بۆنی ڕێحان و ئاوی ڕێحان و شــیلەی ڕێحان بووە ســەفەر و شەڕوشــۆقە گەورەکانی دنیای ڕێخستووە، ڕێحان، ڕێڕەوی مێژووی دەگۆڕی. هەر لە مێژوویەکی زۆر دوورەوە، پێش چیرۆکی ڕێحانی ئۆرشەلیم و هەر لە خاکی میســری کۆنەوە، شــایەکی کۆنی میسرییە کۆنەکان دەبێ، بە بڕوای فاڵچییەکان شا بە هیچ نامرێ تەنیا بە ژەهری مار نەبێ، ژەهری مار تاکە ڕێیە بۆ کوشتنی، چونکە دەرمانی هەموو دەردێکی دیکە هەیە، تەنیا ئەو دەرمانە نەبێ، بۆیە پادشا لە هیچ ناترسێ، تەنیا لە مار نەبێ، مار لەو وڵاتە تارومار دەکرێ، بەڵام لەسەر ململانێی دەستەڵات. لە ژنە زۆرەکانی شــا، یەکیان دەیوێ لە نێو کوڕە زۆرەکانی شادا، کوڕەکەی ئەو ببێتە پادشــا، شــایش دەیوێ دوای مەرگی خۆی، کوڕێکی دیکەی، لــە کوڕە زۆرەکانــی ژنێکی دیکەی، لە ژنە زۆرەکانی، بکاتە شــا، بۆیە ژنێک لە ژنە زۆرەکانی شــا، کە دەیــوێ کوڕە گەورەکەی لە نێو کوڕە

زۆرەکانی شا ببێتە پادشا، مارێک لە وڵاتێکی زۆر دوورەوە پەیدا دەکا، لە شـــەوێک لە شەوەکانی دەستبازی و جووتبووندا، خۆی و مارەکەی دەچنە ژووری نووســـتنی شـــا، بەڵام پێش ئەوەی بچێ، سێ جار خۆی بە (شـــامپۆ) دەشـــوا کە ناوی کۆنی ڕێحانە لای میسرییە کۆنەکان، شا حەزی لە بۆنی شـــامپۆ بووە، هیچ ژنێک نەیوێراوە بێ خۆشووشتن بە شـــامپۆ، بچێتە لای. بۆ ئەوەی ئەو شـــەوە لەگەڵی بخەوێ، شـــاژن سێ جار خۆی بە شـــامپۆی ڕێحان دەشـــوا، سێ دەســـت: پرچ و گەردن و مەمـــک و ســـینگ و زگ و بـــن زگ و قون و لاق و لەتەری دەشـــوات، پادشـــایش سێ دەستە سەر و دەست و پەنجەکانی و لەشی، بە شامپۆ دەشوا، تا لەگەڵ ژنی ئەو شەوەی جووت ببێ، بۆنی شامپۆ واتە بۆنی ڕێحانـــی ژن و مێـــرد ژوورەکە پڕ دەکەن، شـــا و شـــاژن لـــە نێو بۆنی ڕێحاندا دەست بە ماچکردن دەکەن و بۆنی ڕێحان دەڕژێننە نێو دەم و هەناســـە و زگی یەکترەوە، لە دەمێکدا کە شـــا نەشوە دەیگرێ و چێژی ڕەحەتبوون گێژی دەکا، ژنە، مارەکە لە نێو شاڵێکی درێژ و ئەستووردا، کە لەگەڵ خۆی هێنابووی و مارەکەی تێدا شاردبۆوە، بە پادشاوە دەنێ و زریکەی پادشـــا، پاســـەوان و ڕاوێژکار و فاڵچی و حەکیم دەگەیەنێتە ژوورەوە، مـــار پێیوە دەدات، بەڵام شـــا نامرێ، دەڕشـــێتەوە و لیکاوی ڕەش دەردەدا، لیـــکاوی ڕەش و بۆنـــی ڕێحـــان، بۆنی شـــامپۆ لە زاری دێتە دەر و لیکاوی ڕەشـــیش لەگەڵیدا. کەس لەوە ناگات، کە چۆن شـــا نەمرد، تەنیا حەکیمەکە نەبێ، کە لەو ساتەدا تێدەگات: ئەوە ڕێحانە بۆتە دەرمانی ژەهری مارەکە. لەوێوە، شا، باخچە و کۆڵان و سەر پەنجەرە و هەر شـــوێنێکی ئـــەو وڵاتە هەتاوی بگاتێ، فرمـــان دەدات ڕێحانی لێ بچێنن، چونکە دەرمانە بۆ مار پێوەدان، ژنە دەکوژرێ و کوڕەکەیشـــی دەکـــوژرێ و کوڕێکـــی دیکە لە کوڕە زۆرەکانی شـــا، لـــە ژنێک لە ژنە زۆرەکانی شـــا، دەبێتە پادشـــا. ئەوەی ڕێڕەوی ئەو چیرۆکە دەگۆڕێت مار نییە، مرۆڤەکان نین، شا و شاژن نین، فاڵچی و حەکیمەکان نین.

دەبـــوو بزانم مێژوونووســـەکان، حەکیـــم و فاڵچییەکان چییان لەســـەر ڕێحان نووســـیوە، بۆ ئەوەی من بە ڕێحانـــزادە ئاوس ببم و ڕێڕەوەی مێژوویەکـــی بچووک بگۆڕم، مێـــژووی نێرێک، کە دەیوێ بە ڕێحانزادە ئاوس ببێ.

لە هندســتاندا ڕێحان گوڵێكی پیرۆزە، كەس ناوێرێ دەســتی لێ بدات، بەڵام ژنێكی ئاوســی جووتیارێكی هەژاری هیندستانی ئەوەندە مەراقی ڕێحان دەبێ، تا سنووری مەرگ حەز دەكا بیخوا، بەڵام حەرامە و نابێ تێكــەڵ بە خواردن و خــۆراك بكرێ. ڕێحان، كە پێــی دەڵێن (ڕووەكی شــاهانە)، شایش ناتوانێ دەســتی لێ بدا، یان بیر لە خواردنی بكاتەوە، بەڵام ژنی جووتیار كە ئاوس دەبێ، مەگیرانیی ڕووەكی شاهانە- ڕێحان دەكا، چەند دەكۆشــێ ناتوانێ لە بەرامبەر سیحری ڕێحانە ڕەشەكان و كەســكەكان و گوڵــی تۆقیــوی هێندێكیان و نەرمی و لووســی پەلك و بێگەردیــی قــەد و بۆن و بەرامەیان خۆی بگــرێ، بەرگە ناگرێ. دەیان جار دەســت بە پەلكە ڕێحانەكاندا دەهێنێ و ســەری دەخاتە نێو پۆلێك پەلكــی ڕێحان و لــە هەناویدا بۆنەكە هەڵدەمژێ، بەڵام هێشــتا بڕی بە بۆنەكە ناشــكێ و هەر مەگیرانی خواردنی دەكا. مامانەكان زۆر شــتی سەیروسەمەرەی بۆ دێنن، بەڵكوو دڵی بچێتە یەكیان و لە جیاتی ڕێحان مەگیرانیــی بــكا، خــۆڵ و دار و پەلكــی جۆرەها گوڵی بــۆ دێنن، بەڵام ســوودی نابێ، ئەو ڕووەكی شــاهانەی دەوێ. شەوێكیان هەست دەكا دەخنكــێ، ڕەحمــی دەتەقــێ و منداڵەكە دەیوێ لە زگیدا خــۆی فڕێداتە دەرەوە، هەست دەكا ئەگەر ڕێحان نەخوا، دەمرێ. ئارەقە بە لەشیدا دێتە خوار و لە نێو ژوورێكی پڕ لە بخوور و بۆنی بەهاراتی هیندی، گەروو و ڕۆح و ڕەحمی تیژ دەبن، دەچێتە دەرەوە و ســەر دەكا بە ڕێحانێكی كەســك و سەرەتا چەند گوڵێكی ســپی دەقرتێنێ و لە نێو دەستەكانیدا دەیانپشێوێ و بۆنیان دەكا، بەڵام تیژیی گەروو و زێ، ڕەحم و ڕۆحی دانامركێنــەوە، چەند پەلكێــك دەقرتێنێ و بە نێو لەپەكانیدا دەپشــێوێ و بۆنیــان دەكا، بــەڵام هەر حەزی خواردنەكــە دانامركێ، چەند قەدێك دەشكێنێتەوە و لە جێی شكانەوەكاندا بۆنیان دەكا، هەست دەكا لەوێوە، لە جێی شــكاندنەوەی قــەدەكان، بۆنی ڕووەكی شــاهانە زیاترە، بەڵام هەر ســوودی نییە و گەرووی تیژتر و ڕەحمی تیژتر دەبێ. بۆیە چەند پەلكێك لە لێوەكانی دەســوێ، چەند گوڵێكی ســپی دەخاتە كەپوویەوە، دواتــر بــێ ئومێد دەبێ و دەزانێ ئەمە چارەنووســە، كــە دەبێ ڕێحان بخــوا. بۆیە چنگێــك ڕێحان بە پەلك و گوڵ و قەدەوە، دەخاتە دەمیەوە و تا بەیانییەكەی كاوێژ دەكا، بەیانی زوو، لەگەڵ دەرچوونی كچەكەی،

ئەویش گیان دەدات. لێرەدا ڕێحان دەبێتە نەفرەت، ئەو باوەڕەیش زیاتر دەچەسپێ، کە خواردنی ئەو ڕووەکە پیرۆزە، مەرگی بە دواوەیە، بۆیە تا درەنگانێک، هیچکەس ناوێرێ بیکاتە بەهارات و تێکەڵی خۆراکەکانی بکا. کچە جوانەکەی، لەو بەربەیانەدا، بەربەیانی یەکەم ڕۆژی خواردنی ڕێحان بە تەڕی و بە خاوی، کە لە دایک دەبێ، بۆنی ڕێحان دەبەخشێتە دنیا، بە هەر شوێنێک تێپەڕێ، بۆنی ڕێحان ئەو شوێنە دەتەنێتەوە، کچی ئەو بەربەیانە، هیچکەس نازانێ دوای سێزدەساڵ، چ چارەنووسێک چاوەڕێی دەکا، دوای سێزدەساڵ مێشوولەی مەلاریا ڕوو لە وڵات دەکا، لە گەرمایەکی بەتیندا، کە ڕێحان لە وڵاتدا نەماوە و دەمێکیشە هیچکەس بۆنی ڕێحانی نەکردووە، مەلاریا زۆر خەڵک دەکوژێ، لە وڵاتدا تەنیا یەککەس دەرباز دەبێ، ئەویش کچەڕێحانە، ئەوکاتە هیچکەس نازانێ هۆکاری دەربازبوونی ئەو چی بووە، بەڵام دواتر فاڵچییەک دەزانێ، لەبەر بۆنی ڕێحان مێشوولەی مەلاریا نەیتوانیوە توخنی بکەوێ، بە سایەی ئەم بۆنەوە، ڕێحان لە مەرگێکی مسۆگەر دەرباز دەبێ، بۆیە شای خاکێکی دیکەی هیندی دەیباتە کۆشکی خۆی و هەر لەو تەمەنەدا دەیکاتە ژنی و دەبێتە شاژن. کچی ڕێحان فرمان دەدا، ڕێحان لە هەموو شوێنێک بچێندرێ و هەموو بەهارێک دنیا غەرق بێ لە بۆنی ڕێحان. لەو ساتەیشەوە ڕێحان دەبێتە بەهارات و لەگەڵ خۆراک تێکەڵ دەکرێ.

ئیدی ڕێحان زۆر چیرۆکی هەبوو، چیرۆکی پاڵەوانەکانی یۆنان، کە بە سەرکەوتوویی لە شەڕەکاندا دەگەڕانەوە و ڕێحانیان بۆ دەکردنە تاج و لە سەریان دەنان، خودا بۆنی ڕێحانی کردووە و دوو جار لە قورئاندا باسی لێوە کردووە، پێغەمبەری عەرەبان و شاعیرانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان باسی ڕێحان و بۆنی ڕێحانیان کردووە، بەڵام من دەمویست کچ، پیاو، یان شتێک بدۆزمەوە، بە ڕێحانزادەم ئاوس بکا، دەمزانی ئەو سوپا نەفرەتییە خەونی ڕێحانزادە و دایکی ئەو و من و دەسگیران و پیرەمێردەکەی کتێبخانە و باخەوان و پادشاش لە بەین دەبەن، ئێمە خاوەنی بۆنی ڕێحان بووین، چارەنووسێک لە سینگمانەوە دەهاتە دەر و تێکەڵ بە بۆنی ڕێحان و خوێن و لیکاوی ڕەش و ژەهرومار و گوڵەسپییەکان و جێی شکانەوەی قەدەکان دەبوو، کە بەتینترین بۆنی ڕێحان لەوێیە، دەبوو دوای شەڕ و کوژرانمان،

لــە باخێکی ڕێحــان گەڕابام، باخــی ڕێحانێکی کافوری، بــۆ ئەوەی بە ڕێحانــزادە ئاوس ببم. بەڵێ، دەبووا باخی ڕێحانێکی کافوریم دۆزیباوە، بۆ ئەوەی منی نێر بە ڕێحانزادە ئاوس ببم.

# گەڕان بە دوای باخی ڕێحانی کافوریدا

وەک جەنگاوەرێک، کە هێشتا سوپای دژمن نەگەیشتۆتە سەر ڕۆحی و بۆنی ڕێحان تێکەڵ بە ترس لە ڕۆحیدا دێتە دەر، دەبوایە هەڵبێم و خەمی ئەوەیشم نەبێت مێژوونووسانی دژمن چۆن باسی هەڵاتنم دەکەن، کە سورگوڵیان کوشت و زگیان هەلا هەلا کرد و ڕێحانزادە پارچە پارچە کرا، دەبوایە من هەڵبێم و ئەو مرازە لەگەڵ ڕۆحمدا هەڵگرم، دەبوایە من، جارێکی دی ڕێحانزادە لە گمدا ئاوس کەم و گەورەی بکەم و خەونەکانی من و دایکی و میللەتێک بێنێتە دی. هەڵاتم و هەسپێک و چنگێ ڕێحانم لەگەڵ خۆ بردن، دەبوایە هەر لە دەرەوەی شورەی کۆشکەکەدا بکەومە سۆراغی باخی ڕێحانێکی کافوری، چونکە ئەو جۆرە ڕێحانە لە یەکەم زکدا کوڕی دروست دەکرد، ڕێحانزادە تەنیا کوڕێک نەبوو دایکی بیهەوێت بیکاتە زاواو تەواو، ئەو ئومێدی شارێک بوو کە ببێتە خودای بۆن، ببێتە بخوری ڕێحانی شار، شار لە ڕووناکی بۆن و هەوای ڕێحان نگووم بکات، دەمانەویست بە بۆنی ڕێحان هەوا بدەین، ئەوە پێشبینی هەموو فاڵچییەکان بوو کە زەمەنی شاری ئێمە ئەوەندەی نەماوە لە بێ هەواییدا نغرۆ ببێت، بۆیە دەبوایە

خودایەک هەبایە و هەناســەی بە ئێمە بدابایە، هەر پێشبینی فاڵچییەکان بوو، بۆنی ڕێحان کە لە ڕێحانزادەوە دەردەکەوێت، دەبێتە سەرچاوەی ژیانــی ئێمە و هەناســەدانمان، دوای ئــەو، وەچاخێک لــە میللەتی ئێمە دروســت دەبێــت کە لــە جیاتی هــەوا بۆنی ڕێحــان هەڵدەمــژن. بۆیە دەبێت لە تەمەنی دوازدە ســاڵیدا کە زەمەنی مردنی ئێمەیە، ئەو یەکەم ژن بێنێــت، لــە یەکەم ژنــدا چەندین کوڕو کچ دروســت بکات و کوڕو کچەکانیش لە یەکدی مارە بکاتەوە. هەرچەندە خوشک و برای یەکترن، بەڵام دەبێت شوو بە یەکتری بکەن و یەکدی ئاوس بکەن، منداڵیان ببێت و ئەوانیش وەچە دوای وەچە، یەکدی ئاوس بکەن و منداڵی ڕێحانییان ببێت. ڕێحانزادە دەبێت لە منی نێر ببێت و ئەویش هەرچی ژنە دەستی پێڕادەگا ئاوســی بکات، منداڵی ژنەکانیش هەروا هەرچی ژنە دەســتیان پێڕابگات و ئاوســیان بکەن، ڕێحانزادە دروستکەری میللەتێکی دیکەیە، ئەگــەر ئەو هێرشــەی دژمن نەبوایــە، ئەوە ســوورگوڵ دەبووە دایکی ڕێحانزادە و لەوێوە نەوەی هەقیقی ئێمە دەســتی پێدەکرد، ســوورگوڵ ئەو ژنەی بێ ئەوەی بە خۆیەوە بزانێت هەرچی ڕێحانی باخەڵی پیاوان هەبــوو دەریدەهێنا و دەیخوارد و لەگەڵ پیاوەکان جووت دەبوو، بەڵام لە هەموویان زیاتر من بووم، ئەوسا کە هێشتا شەڕکەرێک بووم، پێش ئــەوەی لــە قولغەکەدا کوریژگەکــە بمکوژێت و خوێنم ببا، ســوورگوڵ مەراقی ئاوو و شــیلەی دەم و تۆم بوو، چەندینجار دەســتی دەگرتم و ڕێحانەکانــی لە باخــەڵ دەردەهێنام و لەگــەڵ تێکەڵاوبوونماندا لیکاو و تۆی دەخواردمەوە، ئەو دەیزانی دەیوێ ڕێحانزادە ببێت و بیکاتە زاوا و کچی باخەوانی شاری بۆ بخوازێت، بە ڕۆحی دایکێکی مەست بە بۆنی کوڕەکەی نێو سکی دەیویســت هەرچی ڕێحان هەیە بیخوات، هەرچی پیــاوی ڕێحان هەیە لەگەڵی جــووت بێت، بەڵام پێشــبینی فاڵچییەکانی نەدەزانی ئەو ڕێحانزادەیە ئەگەر ببێت، چۆن دنیا دەگۆڕێت؟!

ئێستا کە شورەکانی شارم بە جێدەهێشت وەک جەنگاوەرێکی بێ شار و کورسی و تەخت و تاراج، خۆم و ئەسپەکەم هەڵدەهاتین، هەڵدەهاتین بــۆ ئــەوەی یەکەم کــەس ببینین و پرســیاری باخی ڕێحانــی کافوری لێبکەیــن، هەڵدەهاتم و کەس نەیدەزانی تەرمی جەنگاوەر و باخەوان و ســوورگوڵ و پیرەمێردەکــەی کتێبخانە و باخــەوان و کچە گەنجەکە و

فاڵچییــەکان، چ نهێنیەک لە خوێنی خۆیاندا دەگوێزنەوە شــاری دیکە و دنیای دیکە، دەبوایە خێرا بڕۆم و یەکەم کەســم تووش بێت، پرسیاری باخی ڕێحانی کافوری لێبکەم.

❊ ❊ ❊

ڕۆیشــتنی هەفتەیــەک، شــەکەتی کــردم، لــەم هەفتەیــەدا، شــوێنێکم نەدۆزییەوە باش بێت، بۆ ســرەوتێک یــان ئۆقرەگرتنێکی زۆر، خۆم و ئەســپەکەم ماندوو بووبووین، بەڵام دەبوایە بەردەوام بین، ڕۆیشــتنم، تەنیا هەڵاتنی جەنگاوەرێک نەبوو لە شەڕدا، بەڵکو گەڕانیش بوو بەدوای باخــی ڕێحانێکی کافوری، لەو هەفتەیەدا بەلایەنی کەم لە هەفت گووند، پرســیاری ڕێیەکم لە هەفت کەس کرد، کە بمباتەوە سەر باخی ڕێحانی کافوری، وەلێ کەس شــتێکی دڵخۆشــکەری نەدامە دەســت، تووشــی کەســێکیش نەبووم هەناســەی بۆنی ڕێحان بێت. بۆیە دەبوایە بڕۆم و بگەمە شوێنێک باخێکی ڕێحانی لێ بێت، یان ژنێک یان پیاوێک بدۆزمەوە بۆنی ڕێحانی هەبێت، هەفتەیەک دوور کەوتبوومەوە لە شــار و شەڕ و دۆڕاندا، هێشتا وێنەی ڕووداوەکان لە بەرچاومدا ڕوون بوون، لە زۆر ســاتدا وردەکاریی زیاترم دەهاتنەوە بەردیدە، کە لە کاتی هێرشــەکەدا ڕوویان دابوو، دیمەنی پێکدادان و کوشتن و خوێنڕشتن و بردنی خوێن و فڕکردنیان، دەبوایە شوێنێک بدۆزمەوە، لەو شوێنەدا باخی ڕێحانێکی کافــوری ببینمەوە و هەوڵ بدەم لــەوێ ئاوس ببم، بە ڕێحانزادە ئاوس ببم و دواتر ڕووداوەکان لە ناشوێنێکی نێزیکدا ڕێڕەوی خۆیان بگرنەوە بــەر و دنیامــان تێکنەچێت، ڕێحانزادە نەخشــەیەکی دیکە بە مرۆڤەکان ببەخشــێت و لەوەوە ژیانێکی دیکە دەســت پێبکاتەوە. من و پادشــا و پیرەمێردی کتێبخانە و دەســگیران و باخەوانی شــار دەمانزانی، ئەگەر ســوورگوڵ نەما، دەبێــت یەک لە ئێمە بە ڕێحانــزادە ئاوس بێت، بەڵام نەماندەزانی چۆن ئاوس دەبین؟

من ئێســتاکە، دەبێت ئاوس بم، چۆن؟ نازانم. تەنیا لە دواشەودا پێکەوە باسمان کرد، دەبێت باخی ڕێحانی کافوری هەبێت و کەسێک هەبێت نێر یان مێ بۆنی ڕێحانی هەبێت و ئاوســمان بکات، ئەگەر دەســگیرانەکەم دەرباز بووایە، شانسی زیاتری دەبوو، بە ئاسانی باخی ڕێحانی کافوری

و پیاوێکی دۆزیبایەوە و لێی ئاوس ببا، بەڵام منی نێر، دەبوایە گەڕابام و خۆم ئاوس کردبا، وەلێ چۆن، نازانم؟
لەو هەفتەیەدا، تەنیا رێگەم، رێگەی باخی رێحانی کافوری بوو، بەدوای بۆنـدا دەڕۆیشـتم، دەبوایە سـەر بە دوکانـی عەتـر و عەتارچییەکاندا دابگرم، بۆ ئەوەی سەرداوی ئاوسبوونم بە رێحانزادەوە بگرم.

* * *

دوای پازدە رۆژی تر، گەیشتمە کۆڵانی شارێکی پڕ بخور و بۆن و بەرات، بخـور لە زۆربەی دوکانەکانیدا دەسـووتا، بازاڕێک بوو، جادەیەکی نە باریک و نە تەسک، کە پێنج ئەسپ دەیانتوانی بە نێویدا لە تەنیشت یەک رەت ببن، بازاڕەکەی شـەق کردبوو. لە دەستەڕاسـت و دەسـتەچەپدا، دوکان بوون، دوکانی زێڕینگەری و کوتاڵ و فەرش و مافوور و پێست و تووتن و جلوبەرگی پیاوانە و ژنانە و مۆری و مەرجان و گوڵ و باڵندە و خۆراکی وشک و تەڕی لێ دەبینرا، ئەسپەکەم هیلاک و برسی ببوو، رەشـمەکەم گرتبوو بە هەنگاوێک لە پێش ئەو دەڕۆیشـتم، خەڵکێکی نە زۆر و نە کەم، دەهاتن و دەرۆیشـتن، نەمدەتوانی نیگای ئەو خەڵکە، لە مێشـکمدا ئەزبەر بکەم، لە دوورەوە منارەی چەند مزگەوتێک دەبینران، لــە دوورتــر، چیایەک دیار بوو کە وا پێدەچوو شـوێنی هەوای فێنک و بەهارێکی تەڕ بێت. ماوەیەک بەو بازاڕەدا رۆیشتم، چەند نەخشی سەر مافوور و چنینی نەخشـی سەر دیوارەکانم بەدی کردن، رەنگی سوور و بۆنـی مـەرەز و خوریش دەهاتنە کەپووم، بۆنـی تیژی پەنیرێک، کە زیاتـر لە ژاژییەوە نێزیک بـوو، کونی لووتی گرتم و حەزم لێی نەکرد، بۆیە چەند هەنگاوێک خێراتر رۆیشتم و گەیشتمە بەر دەرکەی دوکانی عەتارێـک، عەتارەکـە، پیرەمێـرد بوو، مەندیلێکی خۆڵەمێشـی لەسـەر بوو، سـەری کڵاوەکەی لەسەر مەندیلەکەوە قیت بووبووەوە، ردێنێکی هەبوو پێدەچوو هەفتەیەک بێ تراشی نەکردبێ، سمێڵێکی زۆر باریک و دەموچاوێکی قوپاو، دوو گۆنای رەق و بەرز لە پشت لووتێکی گچکە و باریک دانیشـتبوون. لەسەروو ئەوانیشەوە دوو چاوی گەورە و نەرم، لەسـەرووتریش دوو بـرۆی پـڕ و سـپی، بۆیەش زیاتر سـرنجی ئەو عەتارەم دا، چونکە شیعری خەیامی بۆ ژنێک دەخوێندەوە.
ژنەکـە، بـاڵا بەرزێک بوو، بۆ من لە کەدی رێحانێکی مۆر دەچوو، دوو

چـــاوی ڕەش و خومـــار، دوو بـــرۆی ئەســـتوور لە بـــن پەرچەمەکانیدا دیاربوون، ڕوومەت گۆشتن و سپی سپی وەک گوڵی ڕێحانێکی کافوری، گەردەنـــی تەواوێـــک درێژبـــوو، پـــەرۆ و پێچەیەکی بە نەرمی لەســـەر ســـەری گرێدابوو. باسکە سپی و نەرمەکانی لە بن باسکی کراسەکەیدا دەرهێنابوون، بە چاوێکی نەشوەبەخشەوە تماشای پیرەمێردی دەکرد، کـــە شـــیعری خەیامی بۆ دەخوێنـــدەوە. باڵای لـــە پیرەمێردەکە بەرزتر بوو، گۆشـــتن بوو، قەڵـــەوی و بڵندییەکەی، هەیبەتی ژنەســـوڵتانێکی بە فەرمانیان پێبەخشیبوو.

کە شیعرەکەی تەواو کرد، منیش ماوەیەک تماشای ژنەکەم کرد، ئینجا پرسیاری بوخاری ڕێحانی کافوریم لە عەتار کرد. ئەو بەدەم خوێندنی شـــیعرەکانەوە، گوتی: «بخـــوری ڕێحانت بۆچییە؟ دەتـــوێ لە ژووری نووستندا دایبگرسێنی؟ یان لە کۆڵانێکدا بڵاوی بکەیتەوە؟ دەتوێ خۆت بۆنی ڕێحان بگریت، یان بیدەیتە ژنێک؟ بۆ دەستبازی و ماچ و هەناسە گۆڕینەوەتە یان بۆ ســـەر سەری منداڵێک؟ بخوری ڕێحانم زۆرە، بەڵام تـــۆ پێم بڵێ ئەی میـــوان بزانم بۆ چ مەرامێکتە؟ چونکە هەر بخورێکە و شـــوێنی خۆی و کاتی خۆی و مەرامی خۆی هەیە. ناکرێ من بخوری دەستبازیت بدەمێ و تۆ بخوری سەر شووشتنت بوێ، ناکرێت بخوری جووتبوونـــت بدەمـــێ و تۆ ڕەبەن بیت؟ پێم بڵـــێ میوانی ئازیز بخوری ڕێحانت بۆ چیە؟»

گوتـــم: «بخـــوری ڕێحانم بۆ ئاوســـبوونە؟ ئاوســـبوونی ژنێک نا، وەک ئەو ژنەی شـــیعری خەیامی بۆ دەخوێنێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەمە خۆم بە ڕێحانـــزادە ئاوس کەم. دەزانم عەتاری پیر، تۆ لەو داوایەی من ناگەی، بـــەڵام من هاتووم پرســـیاری بـــۆن و بخوری ڕێحـــان و باخی ڕێحانی کافوری دەکەم.»

عەتار هەڵســـایەوە ســـەر پێیان و کورسییەکی بۆ دانام و گوتی: «وەرە دانیشـــە میوانی ئازیز، دەزانم من و تۆ دەبینە دۆست و دەستت دەگرم بۆ باخی ڕێحانی کافوری، وەرە دانیشـــە دەزانم تۆ هاتوویت شـــتێک نە هەر لە خۆت بگۆڕیت بەڵکوو شـــتێک لەو شـــارە و لـــە دنیادا بگۆڕیت. سەروســـیمات لە پادشایەکی کوژراو دەچێ، لە جەنگاوەرێکی هەڵاتوو. بەو بۆنی ڕێحانەوە، لەو شـــارەدا دەســـوڕێیتەوە وەک ئەوەی باران و

تریفەت لە سـینگت هەڵگرتبن. وەرە دانیشـە ئەی دۆسـت، من دەستت دەگرم بۆ باخی ڕێحانی کافوری.»
من دانشتم و ئەو لەگەڵ ژنەکەدا کەوتەوە قسە: «دە پێم بڵێ ئەی ژنی تـەڕ من حەسـوودی بە کێ نەبەم؟ بە مێردەکەت یـان براکەت؟ ئەوان دەتوانـن لـەو جوانییەی تـۆدا، هەموو بۆنێک هەڵمژن و لەو سـینگ و بەرۆک و مەمکانەتدا خۆشـترین ئاوی ژیان تام کەن؟ حەسوودیم بەو کۆرپەلەیەشت دێتەوە کە ڕۆژانە چەندینجار دەم دەنێتە نێو مەمکەکانت، ئێرەییـم بە خۆشـت دێتەوە کە هـەر کاتێک بتەوێت خـۆت بە رووتی ببینیـت، دەچیتـە بـەر ئاوێنە و تێر تماشـای خۆت دەکەیت و دەسـت بەسـەر هەموو پنتێکی جەسـتەتدا دەهێنی؟ نزانم براکەت چۆن هێشتی شـوو بکەیت، کەسـێکی دیکەی دوور لە ماڵەکەتان، لەو باخی نیعمەت و شـەهوەت و نەشوەتە بخوات؟ چۆن هێشتی دەستی پیاوێکی غەریب لە ماڵەکاتان، بێت و ئەو مەمکانە بگرێت، چۆن هێشـتیان ئەو جوانییەت و ئەو خۆشـییەت بخەیتە بەر هەناوی کەسـێکی دیکەوە؟ هەر چۆنێک بێت، ژنی ئازیز با هەمیشـە بۆنی ڕێحان و نێرگز و قەنەفر لە باخەڵت بفڕن و شـار سـەرخۆش کات، با هەمیشـە ئەو جوانییەت وەک تریفە بڕژێتە هەناسـەی عەتارەکانی ئەم شـارەوە، نزات بۆ دەکەم هەمیشـە جوان و سەربەسـت و شـادومان بیت. بگرە ئەوەش بۆنی بەهەشت و بۆنـی پەرییەکانـی فیردۆس، بیدە لە مەمکت و هـەر بەو بۆنەوە بڕژێ بەسـەر جەسـتەی پیاوەکاندا، بگرە ئەی ژنی تەڕ، بۆنی عومرێک کە لە دووری تـۆدا هەڵبەت بەخـۆڕا دەڕوا، بگرە و بڕۆ با چیدی لە خەفەتی پیربوونـی خۆمـدا نەمرم.» زەرفێکی کاغەزی رادەسـتی ژنەکە کرد و ژنەیش نێوچەوانی عەتاری ماچ کرد و بە بێدەنگی ڕۆیشـت، ڕۆیشـت و لەگـەڵ چوونـە دەرەوەی لـە دوکاندا وەک ئەوە وابـوو هەموو بۆن و بخـورەکان لـە دوایدا، وەک هاڵاو ڕەدووی بکەون، ڕۆیشـت و یەک دونیا بۆن و بخور وەدوای کەوتن و بە کۆڵانەکەی بازاڕی شاردا بڵاو دەبوونەوە.
لە بەرابەرم دانیشـت و گوتی: «ئەی دۆسـت، پیر بووم، بەسـەر چوو ڕۆژانی وزە و هێز و نەشـوەتی نێرانەم، گوزەشت ئازیزم، ئەو هەموو نێرگزەی لە هەناسـەمەوە، دەڕژانە نێو دەم و سـک و جەسـتەی ژنی

ئاوەها، من زوو تێگەیشتم ئەو دنیایە، لە چێژ زیاتر شتێکی دیکەی تێدا نییە بۆی بکۆشـی، شتێکی دیکە نییە جگە لە باخی ژن و لە باخی بۆن، بـۆی هەوڵ بـدەی. میوانـی دوور، ڕێبواری ماندوو، تۆ من ناناسـیت، بـەڵام من کەسـێکم لەوەتـەی فامم کردووە حەزم لە بـۆن و گەڕان و ژن و شـەڕابە، لەوەتەی هەم، لە سـەفەر و لە بۆنکردن نەوەسـتاوم، بەڵام ئاخ چبکەم کە پیری، ئەوە وردە وردە لە سەفەر و گەڕانم دەکات و جەسـتەم دەڕزێنێتـەوە، پیاوەتییم کـز دەکات و دەسـتەکانم بێهێز، ئـەو پەنجانەم ئەوەندە مەمکی ژنیان گووشـیوە تـا ڕۆژی مردن هەر بۆنـی مەمـک دەدەن، بـەڵام مخابن کە ئێسـتا ئەو هێزەیـان نەماوە و ناتوانن بخور وەک جاران بخەنە باخەڵەکانەوە، میوانی ئازیز، مەسـەلە جەسـتەیە… جەسـتە، نەوەک شتی دی، بە ڕۆح هێشـتا بەقەد کوڕێکی هـەژدە سـاڵە گەرمم و حەزم لە حەزی هـەر نێرێک زیاترە، بەڵام چی بکەم کە ڕۆحیشـم لەنێو ئەو جەسـتەیەدا بۆتە دیـل و ناتوانێت وەک جـاران بفڕێت، جـاران وامدەزانی کە ڕۆح قەفەسـی جەسـتەیە، بەڵام ئێسـتا خەریکـە تێدەگەم جەسـتە زیندانی ڕۆحە، تۆ تماشـاکە، لەگەڵ ژنێکـی تـەڕو بڕی وادا کـە ڕۆح دەیوێ بفڕێت و ژنە هەڵبگرێتە سـەر بڵندترین دوندی چێژ، بەڵام جەستەی پیر لێناگەڕێت ڕۆح بە ئازادییەوە بفڕێت، ئەگەر جەستە نەیتوانی، ڕۆحی قوڕبەسەر جگە لە خەمخواردن دەکرێت چیدیکە بکات؟ ئەی دۆست، من ئێستا خۆم و ڕۆحم، دیلی ئەو جەسـتەیەین، ناتوانـم بفڕم و بەڕەڵابم، ئەوەی بـۆم ماوەتەوە بخوری حـەز و هەناسـەکانی ڕۆحمە، ئەگـەر بیانفڕێنمە دنیـا، ئەویش بە چی دەچێ؟ کە جەسـتە نەتوانێت ئازاد بێت، من مەحکومم بە پیری، پیریش جەستە دەکاتە زیندانی ڕۆح ئەی دۆست!.

پێم سەیرە میوان، تۆش دەتەوێت جەستەت بکەیتە زیندانی ڕۆحت، هەر لە ئێستاوە، لە دووی ئاوسبوون دەگەڕێیت. باسی شتێک دەکەیت وەک ئەوەی لە نێوچەوانتەوە نووسرابێت، دەبێت بەختی دنیا بگۆڕیت؟ لە پای چی میوانی دۆسـت؟ لەپای چی ئەو ئازارە دەدەیتە ڕۆح و جەسـتەت؟ تۆ بڵێیت شـارێکت هەبێت ئەوە بێنێ؟ میللەتێکـت هەبێت ئەوەندە بێنێ جەستەتی بۆ تەفروتونا بکەیت؟»

«مـن پیاوم بینیون حەزیان کردووە بـە باخی نێرگز ئاوس بن، یان بە

شەڕابێکی سوور یان بە تریفەیەکی پیوازی و کانیەکی سپیسپی، دیومە جارێکیان سۆفییەک دەیویسیت بە وشە و بە شیعر و بە گۆرانی ئاوس ببێت، دیومە دەروێشـێک ویسـتوویەتی بە سەما ئاوس ببێت، هەروەها دیسـانیش لە سـەفەرێکمدا لە بیابان پیاوێک خەونی دەدیت بە بەفرەوە ئـاوس ببێـت، هەبووە بە گوڵ، بە بـاران، بە لۆکە هەتـا دیومە حەزی کردووە بە شمشـێر ئاوس ببێت و هەشـبووە بە کورسـی و تەخت و تاراج و هەشـبووە بە مۆسیقا، بەڵام نەمدیوە کەسێک بە کوڕێک ئاوس ببێـت. پێدەچێت تۆ حەکایەتێکی دیکە بیت، بـەڵام حەکایەتی تۆ موڵکی خۆتـە و لای منیـش مەیدرکێنە، ئـەوەی من دەمەوێ پێتـی بڵێم تەنیا ئەوەیە مەهێڵە جەستەت ببێتە زیندانی ڕۆحت.
تـۆ بڕۆ قەدەرێک بە نێـو بازاڕدا بگەڕێ و ئەگەر حـەزت کرد، بڕێکی باش مەیخانە و کچ و ژنی جوان لەم شـارەدا هەن، ئەگەر حەز بکەیت دەتوانی دەمێک مەست و بەزەوقەوە رابوێری. خۆ ئەگەر حەزیش بکەی ژمارەی مزگەوتەکانیش هێندەی دوکانەکان مشـەن، ئەگەر ئاشتیخواز بیـت، ئـەوە دەتوانـی بچیت لە بن سـێبەری ماڵی خـوادا، نوێژ بکەیت و سـەرخەوێکیش بشـکێنیت، من ناڵێم پێویسـتە چـی بکەیت، خۆت و جەستەت موڵکی خۆتن، بڕۆ خۆت و ئیرادەت بە نێو شاردا بسووڕێنەوە. ئێوارە وەرەوە و شـەوەکەی دەتبەمە شوێنێک، چیایەک، لەوێ باخێکی ڕێحان و ڕێحانێک دەبینی. پێموایە لەوێ ئاوس ببیت؟!»

# پیاسەیەک لەنێو شاردا

ئەسـپەکەم لە نزیـک دوکانەکەی بەسـتەوە. بەهەنگاوی شـل کەوتمە نێـو بـازاڕ، بازاڕێک وەک ئەوەی نە بای دیبێت و نەباران. نە کەسـیان ئاوس بێت و نە کەسـیش مەراقێکی لە دڵـدا بێت. خەڵکەکە، خێرا بەنێو بازاڕدا دەسـووڕانەوە. چاوم کەوتە سەر کابرایەک کە زۆر بە خێرایی دەرۆیشـت، قەدەرێـک چاوم لەسـەر هەڵنەگرت. تا هـەر بەپەلە خۆی کـرد بـە چایخانەیەکدا و هاواری کـرد بەپەلە چایـەک و جامێک ئاوم بـۆ بێنن! شـار دوکانـی رازاوە و جوانی تێدابوو، پێـش هەر دوکانێک درەختێکـی تێنوو و تۆز گرتـوو دەبینرا، لەوە دەچوو ئایندەی دارەکان وشکبوون بێت، وێنەی شارەکە بە گشتی تۆزێک سەیر دەهاتە بەرچاو، نـە ئەوەندە پیسـوپۆخڵ بـوو تا بڵێم خەڵکـی ئەو شـارە بێزەوقن، نە ئەوەنـدەش ڕێکوپێک بوو تا بڵێم ئەهلـی زەوقن. لەوە دەچوو پارە لەم شارەدا هەبێت، بەڵام حیکمەتێکی ئەوتۆی نەبێت.

سـەرم کرد بە چایخانەیەکدا، کە لەبـەر هەتاوێکی کز و بایەکی فێنکدا، چەنـد کورسـی و چەنـد مێزێکی دارینیـان دانابوو، سـەر چایخانەکە، سـێبەری دارچنارێکی گەورەبوو، جۆگەلەئاوێکی کەمێک سـاردیش بە

نێوان کورسی و مێزەکاندا تێدەپەڕی، وەک شوێنێکی خۆش بۆ دانیشتن دەهاتــە بەرچاو، تەنیا کابرایە بەپەلەکە لەوێ بوو، لەگەڵ پیرەمێردێکی جل سـپی و شــەکەری، عەمامەیەکی بۆری لەســەر بوو، پیرەمێردێکی چاوشــین، ردێنێکی درێژی سپی، ســمێڵێکی سپی کە بە دووکەڵ زەرد و قاوەیی ببوو.

لەتەنیشــت پیرەمێردەکە لەسەر کورســییەک دانیشتم و پێم خستە نێو ئاوەکەوە، کە زۆر سارد نەبوو. پیرەمێرد، تیژ چاوی بڕیبووە چیایەکی دوور، کە گەمارۆی لایەکی شاری دابوو. بەڕێزەوە وەڵامی سڵاوەکەی دامــەوە و بەخێرهاتنێکــی گەرمی کردم، نێرگیلەیەکــی لەبەردەمدا بوو و هێــدی هێــدی دوکەڵەکەی بەبــا دەکرد، لەوە نەدەچوو تەندروســتی تەواو بێت و کۆخەی دەهاتێ. بانگی یەک لە شاگردەکانی کرد و گوتی: «وەرن بزانن ئەو میوانە چی دەوێت؟» تێگەیشتم کە ئەو خۆی خودانی چایخانەکەیە، خۆی داوەتە بەر هەتاو و نێرگیلە دەکێشێت.

داوای خواردن و چایە و نانی گەرمم کرد، برسیم ببوو، لەکەیەوە هیچم نەخواردبــوو؟ بیرم نەمابوو. دوو رۆژ بــوو بەڕێوە بووم، نە من و نە هەســپەکەم، شــتێکی ئەوتۆمان نەخواردبوو. دوای شەڕەکە بێ ئەوەی بیــر لە هیچ شــتێک بکەمەوە، هەڵاتم. خۆم و ئەســپەکەم و چەقۆیەکی تیژ و هیچی دیکە نا، هەروا شــارم بە جێهێشــت. بە جێهێشتنی شارێک کــەم نەبوو، بۆ ئەوەی هەســت بــە خەمباری نەکەم، بــەڵام رێحانزادە خەمی یەکەمم بوو. بیرم نەچووبوو، حیکمەتی پیرەمێردێکی بەهەشــتی ئەوەی فێرکردبووم: بەدەســتهێنانی ماڵ و سەروەت و سامانی زۆر چ کارێکی گەورەیە، بەڵام دەستبەرداربوون لە سامانی زۆر و زەبەندیش، چ کارێکی گەورەتر؟!

باســی چیرۆکی گەورەترین کوتاڵفرۆشی سەردەمێکی دنیای بۆ کردم، کە لە سەرەتای ژیانیدا لە گوندێکی ئەفریکیادا لە دووری شاران لەدایک بووبوو، گوندێکی کەم دەرامەت و کەم ئاو و گەرما، گوندێکی وشک و برینگ و بێزەوق، تەنیا هەتاو لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی دابوو. دونیا لەوێ هەمیشە گەرم و لماوی و تۆزاوی بوو. ئەو زوو گوند بەجێدێڵێت لە تەمەنی پازدەســاڵیدا، دەســتبەرداری دایک و باوکی دەبێت، دەچێتە شار و دەست دەکات بە ئیشکردن. سەرەتا بارهەڵگری، دواتر کرێکاری،

ئینجا دەبێتە شــاگردی کوتاڵفرۆشێکی زانا، دواتر سەفەر بۆ شاری تر و هێنانــی کوتاڵ بــۆ خۆی، کردنەوەی دوکانێک و دووان و ســێیان و دەیان، تا دەســت بەسەر بازاڕی کوتاڵ دەگرێت و لە دوورترین شوێن نایابترین کوتاڵ دەهێنێتە شــار و مەملەکەت. شا و شاژن و کوڕەکانی. شــێخ و مورید و یاوەرەکانــی. مــەلا و خەڵک و جوتیــار و گاوانیش کوتاڵــی خۆیــان لای ئەو دەکڕن. دەگاتە ئاســتێک کەس نازانێت ئەو لە کوێــوە گەیشــتۆتە کوێ؟ تەمەنــی دەگاتە پەنجاونۆ ســاڵی و دەزانێت ئەو ســەرداری کوتاڵە لەو مەملەکەتەدا، پارەیەکی زۆر لێکدەنێت، نە بە دوکان و بازاڕەکانی و نە بە کۆشک و تەلارەکانی و نە بە ژن و زێڕ و زیو و مەرجان و بەردە گرانبەهاکان تەواو نابێت، نە بە شەراب و بادە و نە بە دروســتکردنی مزگەوتێک و گوندێک و شــارێک تەواو دەبێت؟ چلوچوار ساڵ ئەو کابرایە، سەر ناکاتەوە بە زێدی خۆیدا، تەنیا و تەنیا خەریکــی کوتاڵ کڕین و فرۆشــتنە. ژیانی دەبێتە کوتــاڵ، گیانی دەبێتە پــەڕۆ و پاتــەی نایاب و گران و هەرزان. شــەو و ڕۆژانی بە کوتاڵ لە یەکدی گرێ دەداتەوە.

دوای چلوچوار ســاڵ لە بەجێهێشــتنی گوندەکەی، لە شەوێکی بەهاردا، بــە تەنیا دەچێتــە نێو باخچەی یەک لە کۆشــکەکانی و بایەکی بەهاری فێنک خۆی لە ســیمای هەڵدەســوێت. وا دەزانێــت یەکەمجارە ئەم بایە خۆی تێهەڵدەســوێت؟ بــە خزمەتکارەکەی دەڵێت کە خەریکە شــەراب دەکاتە جامەکەیەوە.

– ئەم بایە هەموو شەوێک هەڵدەکات؟

– گەورەم هەموو شــەوانی بەهار بە درێژاییی هەشــت مانگ ئەم بایە ئێرە مەنزڵگەیەتی.

شای کوتاڵ سەیری پێدێت. ئەوە نۆ ساڵە لێرەم، لەو کۆشکەم و لەسەر ئەو گردە بەرزەم، کەچی یەکەم شــەومە هەست بەو بایە دەکەم چۆن؟ بــۆچ؟ کــەی؟ دەیان پرســیار بە کەللەســەری شــای ئەزیزماندا دێن و دەچن و ڕۆدەچێتە نێو خەیاڵاتی قوڵەوە. کارکەرەکەیش هەر شــەرابی بــۆ تێدەکات و ئەویش بــەس ئەوەندە دەڵێ: «ئەو بایە زۆر فێنکە، زۆر خۆشە. چۆن نۆ ساڵە هەستم بەو بایە نەکردووە؟!» کارەکەر ناوێرێت هیــچ پرســیار بکات و لە دڵــی خۆیدا دەڵێت: «ڕەنگە ســەرخۆش بێت.

شەراب، شەرابی ئیسپانییە و لە یەک لە سەفەرەکانی ئەوێدا هێناویەتی، بەس خودا دەزانێ چەند کۆنە و چۆن سەرمەستت دەکات؟ ئەو شەرابە گاش لە ئەردی دەدات؟!»

کابـرا دەکەوێتــە نێـو رامانی قوڵەوە: دەبێ ئەو نۆ ســاڵە چەند شــتی دیکەم نەدیبێ؟ تماشای کۆشک و تەلارەکەی دەکات، کۆشکێک خەریکە سەری دەگاتە منارەی بڵندترین مزگەوتی شار، لە نێوەندی باخچەیەکی پــان و پــۆڕی ســەوز، بــە چیمەنێکــی کەســک دەورە دراوە، جۆرەها گوڵی رەنگاوڕەنگ، گوڵی هەر شــارێک پێی گەیشــتبێ هێناویەتی و لە باخچەکەیــدا چاندوویەتــی، جۆرەها داری هەنــار و گوێز و هەنجیر و هەرمێ، نافورەیەکی ئاوی سپیســپی، وەک شیر، لە لایەکی باخچەکەوە بڵند دەبێت و پرووشــکەکانی دەرژێنێتە سەر فریزەکەی دەوری خۆی. چەنــد پەیکەری ئەســپ و پڵنگ و شــێر و ئاژەڵی تر لە ســووچەکانی باخچەکەدا شــوێنیان گرتــووە و لەبەر رووناکی تریفــەی مانگدا وەک راســتی خۆیان دەنوێنن. چی دیکەم لەم ماڵەدا نەبینیوە؟ بیر دەکاتەوە، کەینــێ بوو دواجــار بەتەبایی لەگــەڵ خۆیدا بەو باخچەیەدا پیاســەی کردووە. کەینێ شەوێک هاتووە بیری لە بەیانی نەکردبێتەوە و خەریکی بیرکردنەوە لە سەفەرێکی کتوپڕ یان قازانجێکی دی یان گەیشتنی باری کوتاڵێک لە شــام، یان لە عێراق یان لە ئیســفەهان یان لە ســەمەرقەند نەبووبێت؟ کەینێ بیری لە پلانێک نەکردۆتەوە چۆن ئیفلاس بە دوکاندار و بازرگانەکانــی دیکــە بکات و ماڵیان خراپ نــەکات؟ کەینێ بە ئارامی چــاوی چۆتە خەو و بە بیرکردنەوە لە جوانترین و بە بەهاترین کوتاڵ گێژ نەبووە؟ کەینێ تامی شــەرابی کــردووە و چێژی لە ماچی ژنەکان چەشــتووە؟ کەینێ یەکەم شــت لە بنیادەمدا ســەرنجی رانەکێشــابێت جلوبەرگەکەی نەبووە؟

ئەو بایە زۆر خۆشە، ئەو بایە زۆر فێنکە، لە سەر تاتەبەردێک دادەنیشێت و تماشــای مانگ دەکات: دەبێ لەوێــش کوتاڵی نوێ نەبێت؟ ئاوا بیری کردووەتەوە؟ بەڵام ئەمشەو مانگ پارچە کوتاڵێک نییە. مانگ وێنەیەکی دیکەی هەیە. بەخزمەتکارەکە دەڵێ:

– مانگ ئەمشــەو شــێوەی پارچە پەڕۆیەکی گرانبەها نادات، ئەمشــەو شتەکان گۆڕاون. ئەوە چەند ساڵە لە لام خزمەت دەکەیت؟

– نۆساڵی ڕەبەقە قوربان، لەو ڕۆژەی جەنابتان لەو کۆشکەدا جێگیر بوون.
– باشە من نۆ ساڵە لێرەم و تۆیش نۆ ساڵە لێرەیت. چەند جار هاتوویتە ئەم باخچەیە و بۆنی شەوبۆکانی هەڵدەمژیت و تماشای مانگ دەکەیت و وەک پارچە پەڕۆیەکی دوورەدەست نایبینیت؟ چەند جار لەسەر ئەم تاتە نوێژت کردووە و لەبەر خودای خۆت بۆ بەهەشت پاڕایتەوە؟ چەند جار لەم باخچەیەدا لەسەر فریزەکە ڕاکشاویت و نووستوویت؟
– قوربان نۆ ساڵە ڕەنگە کەم شەو هەبووبێت، لەم باخچەیەدا سەرخەوێکم نەشکاندبێت، ڕەنگە نۆ ساڵە بە درێژاییی هەشت مانگ لەهەر ساڵێکدا، لێرەدا ئەو بایە فێنکەم خستبێتە باخەڵ و هەناسە و دڵمەوە. هەشت ساڵە شەوێک نەبووە چاو نەبڕمە تریفە و قەت شەوێکیش وێنەی پارچە پەڕۆیەکی هەرزان یان گرانبەهای نەگرتووە. شەو نییە بۆنی شەوبۆ نەچێتە ڕۆحمەوە. نۆ ساڵە قوربان من لەم باخچەیەدا هەموو شەوێک لەسەر ئەم تاتە بەردانە نوێژ دەکەم و نزا بۆ تۆ و خێزانت و خۆم و خێزانەکەم و ئەو شارە دەکەم. پێشموایە ئێرەیش بەهەشتە قوربان.
– ئای لە تۆ! ئای لە من! کێهەمان بەختەوەرترین؟ پێم مەڵێ کێهەمان؟ بڕۆ پیاوی باش شەرابەکەم بۆ بەجێبهێڵە و لێمگەڕێ با تەنیا بم.

شاگردەکە هات و نانی گەرم و خواردنێکی گەرمی لەسەر مێزە خڕە بچووکەکەی بەردەمم دانا، چای گەرم و ئاوی سارد و فەرمووی خواردنی لێکردم.
پیرەمێردەکە کۆخەکەی بەردەوامبوو، بەڵام هیچ گلەییشی نەدەکرد، شاگردەکە ئاوڕی بە لای پیرەمێردەکە دایەوە، پەڕۆیەکی لەسەر مل بوو و بە دەستێکی هێنایە خوار و پەنچە و پشتە دەستەکەی دی پێ سڕییەوە. بەدەنگێکی بە سۆز هەروەک ئەوەی کوڕی بێت و لەگەڵ باوکیدا قسە بکات: «گەورەم، ڕووناکی چاوم! ناکرێت واز لەم نێرگیلەیە بێنن و منیش و دایکیشم شەوان لەبەر ئەو کۆخەیەت خەو بچێتە چاومانەوە؟!»
وەکئەوەی پیرەمێرد ئەوە دەیەمین جار یان سەدەمین جار بێت، گوێی

لەم رستەیە بێت، تماشایەکی کوڕەکەی کرد و کوڕەکەیش پەڕۆیەکەی خستەوە سەر شانی و بێئەوەی چاوەڕێی وەڵامی باوکی بکات ئێمەی بەجێهێشت، پیرەمێردەکە فەرامۆشی کرد و وەڵامی نەدایەوە. دوای چەند چرکەیەک دەستەکانی خستنە سەر پشتی تەختەکەی لەسەری دانیشتبوو، ملی بەرەو پشتەوە شکاندەوە و بە سووکە ئاوڕێک بۆ لای دەرگەی ژوورەوەی چایخانەکە گوتی: «تۆ و دایکت بۆ ناخەون؟ من نەخۆشم یان ئێوە؟»

ئینجا سەری راست کردەوە و تماشای منی کرد: «میوانی دۆست، رەنگە ئەمە پەیوەندیی بە تۆوە نەبێت، بەڵام ریش و سەروسەکوت و چاوەتیژەکانت، ئەوەم پێدەڵێن کە بای ئەوەندە دنیاتان دیووە، لە نەخۆشی بگەن؟»

منیش بۆ ئەوەی تۆزێک بیر لە قسەکەی بکەمەوە، خۆم بە جوین و قوتدانی پارووە نانێک خەریک کرد، دوای ئەوەی رۆم کردە نێو گەرووم و شۆڕبووەوە نێو گەدەم، پیاڵە چایەکەم بەرزکردەوە و فڕێکم لێدا. کە دامنایەوە گوتم: «گومانم هەیە.»

– لەچی گومانت هەیە؟ لە نەخۆشی یان لە ساخی؟

– نزانم رەنگە تۆ بۆمی روون کەیتەوە.

– ئەو کوڕەم وا دەزانێت من نەخۆشم. چونکە نەخۆشم، نابێت نێرگیلە بکێشم، دەزانێت کە نێرگیلە بکێشم، کۆخە دەگرم، کە کۆخەیش بکەم ئەو و دایکی ناتوانن بخەون. ئەو کوڕەم پێی وایە هەموو شتێک دەزانێت، وەک تۆ گومان ناکات. ئەو پێی وایە هەموو شتێک دەزانێت، دایکیشی هەروا، بۆیە ناتوانن بخەون، بەڵام من گومانم هەیە. چونکە من دەخەوم، هەر کە سەرم خستە سەر سەرینەکەم، خەوم لێدەکەوێت، لەخەو رادەچم و لەخەونیشدا کۆخە ناکەم. بەڵام ئەو دوو قوڕبەسەرانە کە هەموو شتێک دەزانن، خەویان لێناکەوێت. ئێستا چ دەڵێی میوان؟

– پێتوایە بۆ ئەوان ئەوشتانە دەزانن و تۆ پێت وایە وا نییە؟

– چونکە ئەوان، لە راستییەوە دەستیان پێکردووە، نەوەک لە گومانەوە، ئەوان تماشای ئاوێنەیەک دەکەن و پێیان وایە ئەوە دونیایە، لە ئاوێنەکەدا پیرەمێردێکی خەوتووی دەم بە کۆخەوە دەبینن، کە سمێڵە سپییەکەی بە دوکەڵی نێرگیلە زەردهەڵگەڕاوە. گوێیان لە دەنگێک دەبێت پێیان وایە

کۆخەیە بۆیە ناتوانن بخەون، ئەوان چونکە ناتوانن لە ئاوێنەکەدا ببینن خەوتوون پێیان وایە نەنووستوون.

– بەڵام ئەوە نییە، تۆ لێرە نێرگیلە دەکێشیت و شەویش کە دەگەڕێیتەوە ماڵ هەر کۆخە دەکەیت و ئەوانیش ناتوانن بنوون؟

– ئــەوە ئەو شــتەیە کە تۆیش لــە ئاوێنەکەدا دەیبینیــت، میوانی ئەزیز، هەمووتــان وان، چاوتــان تیــژە، بــەڵام باییــی ئەوەنــدە ناکات، پشــت ئاوێنەکەی پێ ببینن. مرۆڤەکان وان، هەمووتان لە راســتییەوە دەســت پێدەکەن و بڕوا بە چاوتان دێنن کە ئەوەی دەیبینێت هەقیقەتە، هەرگیز قورســاییی ئەو بارە ناخەنە ســەر ملتان کە بیر لــەوە بکەنەوە ئەوەی دەیبینن ئاوێنەیە و هەقیقەت نییە، چونکە ناتانەوێ بگەنە ئەودیو پەردە، منیــش تێدەگەم، ئەمە لە چنگی هەموو پیاوێکدا نییە، وەکچۆن لە چنگی هەمــوو ژنێکیشــدا نییە. ئەوەی بیەوێــت تۆزێ ئەوبــەر ببینێت دەبێت دەمارێکــی لــە گومان هەبێت. کێ دەوێرێ لــەم مەملەکەتە بێ زەوق و ئیمانسزەدا گومان بکات؟!

کە دوا وشــەی رســتەکەی تەواو کرد کۆخەیەکی هاتێ و تفێکی نەرمی ڕۆ کــردە نێو جۆگەلەکەی بەر پێــی و هەڵیدایێ: «کێ دەوێرێت گومان بــکات؟ کــەس ناوێرێت. هەیــە لە خودا دەترســێت، هەیە لــە مزگەوت دەترســێت، هەیە لە شار دەترسێت، هەیە لە خەڵک دەترسێت، هەشە لە خۆی دەترسێت؟! ئەوەی دوایان لە هەمووی مەترسیدارترە. بنیادەم کە لە خۆی ترسا زەحمەتە رووبەڕووی خۆی ببێتەوە، من زۆرانم دیوون، رووبــەڕووی خــوا بوونەتەوە، حەلاج یــادی بەخێر یەک بــوو لەوانە، ســوهرەوەردی باخەڵ و ســینگی پڕ نور بێت یەکــی دیکە بوو، حەلاج لە خوا نەترســا و ســوهرەوەردیش لە دەســەڵات و تەخــت و تاراجی فەقیــە و ئەیوبی، هەر بۆیەیش دیتت چیان بەســەر هێنــا؟ لەگەڵ تۆمە میوان دیتت چییان بەســەر هێنا؟ چییان بەســەر ئــەو گەنجە نازدارەدا هێنا؟ بەڵام خۆ ئەوانە لە خۆیان نەترسان؟ زاتی ئەوەیان کرد تماشای ڕۆحــی خۆیان کــەن و بە ئــازادی دەنگیــان هەڵبڕن، ســوهرەوەردی دەیزانــی ئــەوەی ئەیوبی دەیکات لــە وێنەی ئاوێنەیەکــی تەڵخ و پیس هیچی دیکە نییە، ئەو دەیزانی ئەو نەخشــەی ئەو دەیکێشــێ چ تراویلکە و ســەرابێکە لەســەر ئاوێنەیەکی هیشــک و برینگ کە ڕەنگێک ناگرێت.

میوانی ئەزیز سوهرەوەردی ئەو شتانەی دەدیت، بەڵام نەشدەترسا، ئەوە نەبوو رۆژێک بەنێو حەلەبدا دەسووڕایەوە، وەک ئەوەی لە پشت ئاوێنەکەوە بێت، ئاوا دەسووڕایەوە، حەلەب ئەوکاتیش وەک ئەو شارە زەوقسز و بێ حیکمەت بوو، بە هەموو حەلەب ئەوەندەی نێرگیلەکەی من دوکەڵی حیکمەتی پشت پەردەی تێدا نەبوو، کە دەیاندی ئەو کوڕە گەنجە ئەوها بێباک بەنێو حەلەبدا دەسووڕێتەوە و دەزانێت ئەو مەلا و فەقیهانە چ گێلانە رووی ئەو دنیایە رەش دەکەن و لە یەقینەکانیاندا ئەو ئاوێنەیە هەر ئەستوورتر و ئەستوورتر دەکەن، ئەو بەنێو مزگەوتەکانی حەلەبدا بە دەنگی بەرز پرسیاری هەقیقەتی دەکرد، کەچی ئەوان چییان دەدی ئەی میوانی دۆست؟ دەزانی چییان دەدی؟ مرۆڤێکی لەڕولاوازی جلدڕاو و سۆفییەکی کنجڕ و ونجڕ. بەڵێ میوانی عەزیز ئەوان چوزانن لە پشتی ئاوێنەکەوە چ باسە، ئەوان تەنیا شمشێرەکەی ئەیوبییان لە دەست بوو و وایاندەزانی دونیا لەم شمشێرەدا تەواو دەبێت؟ ئەوانیش وەک کوڕەکەی من و ژنەکەم، وایان دەزانی سوهرەوەردی نەخۆشە و پێویستی بە خواردن هەیە بۆ ئەوەی کۆخە نەکاتە مزگەوتەکان و خەڵکی دیکەیش بنوون، بنوون بێ ئەوەی بزانن سوهرەوەردی دەکۆخێ یان نا؟ نەخۆشە یان نا؟ ئەوان نەیانهێشت خەڵک گومان بکەن، کە رەنگە ئەیوبی نەخۆش بێت و کۆخە بکات و نایەڵێت ئەو دونیایە بنوێت. تا ئێستاش میوانی ئەزیز، رەنگە خەڵکی هەر لە ئاوێنەکەدا تماشای سوهرەوەردی و حەلەب و ئەیوبی بکەن. وەکچۆن کوڕەکەم و ژنەکەم تماشای من دەکەن، ئەوانیش ئاوا تماشای سوهرەوەردییان دەکرد. بۆیەشە ئەیوبی کوشتی، چونکە دەیزانی ئەو لە پشت پەردەوە تماشایان دەکات، دەیزانی لە پشت پەردەوە، ئەیوبی و فەقیهەکان چ فتنەیەک بەو دنیایەدا بڵاو دەکەنەوە، رێک وەک ئێستای کوڕەکەم و ژنەکەم، گومانیان نییە، خۆیان نەخۆش بن و خۆیان خەویان لێناکەوێت؟ بۆیە دەبێت ئەو هەقیقەتە بخولقێنن، کە منم وا دەکەم ئەوان نەنوون. ئەمە حاڵی ئەو دنیایە، ئەوانەی ناتوانن نە یەک بست بچنە پشت ئاوێنەکەوە و نە تماشای قولانجێکی پشت ئاوێنەکە بکەن. بۆیە سوهرەوەردی کوشت، چونکە نەیدەوێرا بچێتە پشت پەردەوە. ئەو لە خۆی دەترسا، وەکچۆن فەقیهەکانی دیمەشق و حەلەبیش لە خۆیان دەترسان.

ئینجا ملی بەلای دەرگەی ژوورەوە لارکردەوە، بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد: «رۆڵەکەم بینایی چاوم، قوربانی تۆ و دایکت بم، من نەخۆش نیم، ئەزیزم، ئێوە لە ئاوێنەکەدا من دەبینن.»
«میوانی دۆست، ئەو کوڕەم و دایکەکەی لە خۆیان دەترسن. نەوەک لە مـن، بۆیە ناتوانن بنوون، ئەگەر نا مـن و نێرگیلەکەم عیلاقەمان بەوان نییـە، وەلیٚ چی بکەم، بنیادەم تا دەمرێـت هەر دەبێت لە خۆی رابکات و لەگەڵ خۆیدا راسـتگۆ نەبێت، پادشـا و بازرگان و مەلا و مامۆستا و فەقیە و دوکاندار و باخچەوان و گاوانەکانیش هەر هەموویان لە خۆیان هەڵدێن. دەترسن، ترس لە هەموو لایەکەوە کۆرەی کردوون. (نەخۆشی من؟) ئەوان چۆن دەتوانن نەخۆشـی من ببینن؟ ئەگەر نەخۆشی من لە جەسـتەی مندا بێت و موڵکی من بێت؟ ئەوان پێوەندییان بە نەخۆشـی من و جەستەی منەوە نەبێت، چۆن دەیبینن؟ میوانی دۆست تۆ دەتوانی نەخۆشـی مـن ببینیت؟ ئایـا حەکیـم لوقمانەکانیش بەڕاسـتی دەتوانن نەخۆشـی بنیادەمێـک ببینـن؟ دەتوانن ببینـن کە زگ، پشـت یان ملی کەسـێک بێشـیٚ؟ دەتوانن ئێش ببینن؟ کیٚ تا ئێستا ئێشی دیتووە؟ جگە لـە نەخۆش کیٚ دەیبینیٚ و هەسـتی پێدەکات؟ دکتـۆر کە دەڵیٚ: دەزانم تـۆ نەخۆشـی. دەتوانێت نەخۆشـییەکە بگرێت و هەسـتی پێبکات؟ من گومان دەکەم، ئاماژەدان بەوەی کەسێک نەخۆشە من بە تاوانی دەزانم، نابێـت کەس بـە کەس بڵێت نەخۆش. نەخۆش تەنیـا خۆی دەزانێت کە نەخۆشـە نەوەک کەسـێکی دیکە. دەکرێت چونکە کۆخە دەکەم، بە من بڵێن نەخۆش؟ ئایا کۆخە نیشانەی نەخۆشییە؟ ئا لە ئاوێنەکەدا نیشانەی نەخۆشییە. بەڵام ئایا ئەگەر بچینە پشت ئاوێنەکە چی دەڵێین؟ من دەڵێم تەنیـا بیر لەوە بکەنەوە کە ئەو کۆخەیە پەردەپۆشـی لەشسـاغی بێت، لەشسـاغییەکی بیٚ هاوتـا، وەک چۆن لـەڕولاوازی و جلە کنجرەکانی پەردەپۆشـیی موشاهەدەکانی سـوهرەوەردی بوون؟! ئایا دەبێت ئێمە بڕوابکەین سوهرەوەردی نەخۆش بوو و ئەخلاقی گەنجەکانی تێکدەدا؟ ئـەی چدەبـی ئەگەر ئەوانە هەمووی وێنەکانی سـەر ئاوێنەکە بن و لە پشـت ئاوێنەکەدا پەیامبەرێک بە هەیبەتەوە دانیشتبێت و کتێبێکی نوێی پـیٚ بێت؟! ئەوکاتە دەبێت یەخەی کیٚ بگریـن؟! ئەیوبی یان فەقیهەکانی دیمەشق و حەلەب؟!»

پیرەمێردەکــە وەک ئــەوەی بڵێــت نــە نەخۆش بێــت و نە هیــچ، بۆیە قســەکانی بە رەوانی دەکردن و لەگەڵ کۆخەکەشــیدا خەریک بوو بڕوا بەوە بهێنم، کۆخەکەی پەردەپۆشــی ساغی و تورەبوونێکی روونە، ئەو کۆخەیە شــتێک دەشــارێتەوە. گوتم مامە بڕوادەکــەم، نەخۆش نەبیت، بەڵام کەمێک تورەیت.

«رەنگە رۆڵەکەم تورەییش پەردەپۆشــی نەرمی و نیانی بێت، من زۆر جار کە تماشــای شــای شانشــین دەکەم و دەبینم بە گۆپاڵیەوە دەست بەســەر فەرمانڕەوایدا دەگرێت و ناتوانێت دەســتبەرداری بێت هەتا بۆ کوڕەکەیشی، لەوە دەگەم ئەم ئاوێنەیەی ئێمە ژیان و فەرمانڕەوانی تێدا دەبینین، چەندە ئەستوور و قایمە؟ کێ دەڵێ فەرمانڕەوانی ئەو سەرۆکە پەردەپۆشی نەخۆشی و بێدەسەڵاتی نییە؟ ئەوەی لە ئاوێنەکاندا دەیبینین تەنیا وێنەیەکی بەرەواژی هەقیقەتەکانە. بۆیە بڕوا مەکە کە من تورەبم و تۆزێک گومان لەگەڵ ئەو خواردنەیش بخە گەدەتەوە؟»

کابــرای ســەر تاتەبەردەکەیــش لــەو شــەوەدا ئەوەی لە خۆ پرســی؟ دەوڵەمەندیم، رووپۆشی هەژاریی ڕۆحم نییە؟!

تا بەیانی نەنووســت، بیری لەوە کردەوە کێ باشــتر و خۆشتر دەژیێ؟ ئەوە نۆ ساڵە، لەم کۆشکەیە، کەچی ئەوە یەکەم شەوە، بای ئەو باخچەیە لە سەروچاوی دەدات. قەت لەسەر ئەو تاتەبەردە لەگەڵ دەنگی خوڕەی ئاو و بۆنی شەوبۆ نوێژێکی بۆ خوای خۆی نەکردووە. قەت لەنێو ئەو فریزەدا نەڕۆیشــتووە و دەستی بەسەر ئەو بڕکە گیایانەدا نەهێناوە. تا ئێســتا ئەوە نۆ ساڵە، خۆی جارێکیش شــەرابی نەکردووەتە جامەکەی و هەر خزمەتکارەکەی بۆی تێدەکات. کیهەمان بەختەوەرین من شــای کوتاڵ، یان خزمەتکارەکەم؟!

بــە دڵنیاییەوە ئەو بەختەوەرترە؟ ئــەو چ کارێک ناکات؟ بەکەیفی خۆی بەو کۆشــکەدا دەســوڕێتەوە، یەک یــەک ئەو گوڵانەی بــۆن کردوون، بەســەر هەر بستێکی ئەو زەوییەدا رۆیشــتووە، لەسەر ئەو تاتەبەردە، ســاڵی هەشت مانگ لێرە لە بەرامبەر خوای خۆی دەوەستێت و نوێژی بۆ دەکات. شەراب تێدەکات و تەواوی کارەکان بەدەستی خۆی ئەنجام دەدات. تماشــای دەستەکانی خۆی کرد، کە بیری نایەت شتێکی قورس

یان ســووکی پێ هەڵگرتبێت، بیری نایەت بە ڕێگەیەکی دوور یان درێژ بە پێ ڕۆیشتبێت، بیری نایەت پیاسەیەکی بێ مەبەستی بەنێو بازاڕێکدا یان شارێکدا یان هەتا باخچەکەیدا کردبێت، بیری نایەت بێ کار سەری بەســەر ماڵێک یان کۆشــکێک یان وڵاتێکدا داگرتبێت. گەڕایەوە ڕۆژانی زووی گوندە گەرمەکەیان، پێش چلوچوار ســاڵ، ئەو دەمەی هەســتی دەکرد هەوای گەرم ڕوومەتەکانی دەســووتێنێت. دەســتە ڕەشــەکانی باوکەکــەی کــە هەندێ جار بە نەرمی دەکەوتنە ســەر پرچ و ســەری، هەندێجاریــش بە زللە ڕوومەتی داغیان داغتر دەکرد. بیری لەو گەمانە دەکردەوە کە بەڕاکردن و غاردانی پێخواســتی لەم ســەر و ئەوسەری گونددا لەگەڵ منداڵەکانی دی دەیکرد. کێ بەختەوەرترە؟ من یان باوکم؟ من یان منداڵییم؟ من یان منداڵەکانی دی؟ من یان خوڵامەکانم؟ من یان حوشترەکانی گوندە گەرمەکەم؟
لەسەر تاتەکە، دەستی بە پاڕانەوە کرد. ئەی خودا کێ بەختەوەرترە، من یان ئەوان؟ لەنوێوە حەزی کرد بگریێ. بیری نەمابوو دواجار کەینێ بوو گریابوو ڕەنگە چلوچوار ساڵ پتر بێت نەگریابێت، ئای تۆ بڵێی چلوچوار ساڵ بێت من نەگریابم؟ چەند زوو ئەم چلوچوار ساڵە تێپەڕی؟ چلوچوار ســاڵ بێ گریان تێپەڕی؟ چلوچوار ســاڵە، تاقە فرمێســکێک بەچاوانیدا نەهاتووەتــە خوار، تەنانەت لە کاتی مردنی دایکیشــیدا نەگریابوو؟ ئەی خودا کەس هەیە چلوچوار ساڵ نەگریابێت؟!
لەوە دەگەم خوڵامەکەم لە من بەختەوەرترە، هەموو دونیای من قوماش و پەڕۆیە، ئەو پاتە حیزانەی بۆ خەڵکی لە بنی دنیاوە دەیانهێنم. ئەوان بە کڕینی قوماشەکان بەختەوەرن، بەڵام ئەی من، بە فرۆشتنیان بەختەوەرم؟ مەسەلەکە بووەتە کاری دەست بەسەر داگرتن و هیچی دیکە نا. ئەگەر نــا، نــە بازرگانییە و نە چێژ؟ خودایە من بۆ وا دەکەم؟ بۆچی چلوچوار ســاڵە بــەس ئیش دەکەم؟ لــەوە زیاتر بە تەمای چیم؟ چلوچوار ســاڵە غاردەدەم و سەرئەنجام چی؟ نۆ ساڵە لە کۆشکێکدا دەژیم ئەوە یەکەم شــەوە پێ دەنێمە باخچەکەیەوە؟ تا ئێســتا گوڵزاری شــورەکانم وەک ئەمشــەو نەدیتبوو. من چیم خودایە، خاوەنی ئەو کۆشکەم یان میوان؟ خوڵامەکەم لە من زیاتر بەو کۆشــکەدا ســووڕاوەتەوە و تامی لەو با و گوڵ و باخچە و ئاو و هەوایە کردووە. ئەو لە من بەختەوەرترە.

دەکەواتــە زانایی چییە وا بەردەوام بم؟ تــا کەی هەر بەدوای کوتاڵ و ئــەو زەوقســزییەوە بم؟ ئای خودایە من دیلــم، دیلی قوماش و پەڕۆ و پاتاڵی حیز، بۆ ئەوەی جەســتەی هەلاهەلا و ڕۆحی لەتلەتم بشارمەوە، بەڵام دەبێت سنوورێک بۆ ئەو بەزمە دابنێم. پێویستە جارێکی دی خۆم رووت کەمەوە و بە پێخواستی بچمەوە بەر هەتاوە گەرمەکەی منداڵی، رۆژانی حەز و ویســتی پەیداکردن و دەوڵەمەندبوون و یاخیبوون لەم هەبوونە. دەبێت وا بکەم و دەیشزانم بە دەستبەردان لەم ماڵ و موڵکە نەبێت، من ناگەمەوە ڕۆحی بێگەردی خۆم.
ئــەوە چ شــایەکی زانا بــوو، گوتی: خوڵامەکەم ژیان دروســت دەکات، نەوەک من؟!
بەیانییەکەی زوو هەموو کوڕو ژن و منداڵەکانی کۆکردنەوە:
گوێم لێبگرن: من نۆ ســاڵە لەو کۆشکەدا دەژیم، کەچی وا دەزانم تەنها نۆ کاتژمێرە، هەر واشە من لە دوێنێ شەوێوە، فێربووم تماشای با بکەم و بۆنی مانگ بکەم و تامی شەراب بڕژێتە ڕۆحمەوە. کەس هەندەی من پارەی کۆنەکردووەتەوە. کێ دەزانێ من چۆن ئەو پارەیەم کۆکردەوە؟! کــێ دەزانێت؟ کەس دەنگ نەکات. چونکە کەس نازانێت. ئەگەر بڵێن بە ماندووبــوون و شــەونخونی کۆت کردووەتەوە، رەنگە ئەمە بەشــێکی راســتییەکان بێت، ئەگەر بڵێن بە فێڵ و زیرەکی بێت، رەنگە ئەمەشــیان بەشــێکی هەقیقەت بێت، رەنگە بڵێن بە خوا دان بێت، ئا ئەمەیش رەنگە بەشــێکی راســت بێــت. هەر چ شــتێکتان بە بیــردا بێت رەنگە راســت بێــت، بــەڵام هەقیقەتی تەواو لەوەدایە، من لە ترســان، ئەو هەموو پارە زەبەلاحــەم پێکەوە ناوە، تــرس لە چی؟ ترس لە کەمکردنەوە و نەمانی ســامانەکەم، یەکەم دینارم کە پەیداکرد، ســوێندم خوارد کە لە دەستی نەدەم، کە کردمە دوو دینار، ســوێندم خوارد لە دەســتی نەدەم و کەم نەبێتەوە، کە کردمە هەزار و دوو هەزار و سەد هەزار، هەموو جارێک سوێندێکم بە خودا و بە سەری باوکم و دایکم و ژنەکانم و منداڵەکانم دەخــوارد، کە ئەو ســامانە کەم نەکات و هەر زیاد بــکات. هەتا بوومە شای کوتاڵ و ئەو تەخت و تاراجەی ئێوە دەیبینن. من تاکە شەوێکیش بێ ترس خەو نەچووەتە چاوم، لە کەمکردنەوەی سامانەکەم، یەک ژەمە نانخواردنێکیش نەبووە من بیرم هەر لەسەر ئەو سوێندخواردنە نەبێت،

کە نابێت بیشکێنم و سامانەکەم کەم نەکات. ئەوەبوو سامانەکەم کەمی نەکرد و لەگەڵ هەر زیادبوونێکدا سـوێندێکی نوێم دەخوارد. تا ڕۆژانە سامانم زیادی دەکرد و دەبوایە ڕۆژانە سوێندی نوێ بخۆم. کەس نەما سوێند بە سەری نەخۆم، من لەوەتەی بیرم دێت، ڕۆژانە سوێند دەخۆم و ئاگام لە هیچ شـتێک نەمابوو. تا دوێنێ شـەو بیرم لەوە کردەوە بێم و لـە باخچەکـە، نوێژێک بکەم و سـوێندێکی نوێ بخـۆم. کە فڕێکم لە شـەرابەکە دا و بایەکی فێنک و خۆش بـۆ یەکەمجار لە ڕوومەتی دام، شـتێک کەوتە ڕۆحمەوە، گیانم کەفێکی دا و هەستم بە خۆشییەک کرد، کە زانیم ئەوە چەند سـاڵە من ئەو هەسـتەم بزرکردووە. ئەو هەستەم بۆ بزرکردووە؟ چونکە دەترسـم سـامانەکەم کەم بکات، منیش ئامادە نیـم یەک قرۆش لە سـامانەکەم کـەم بکات و دەبێت هـەر زیاد بکات، چەند زیادیش دەبێت، ترسـی کەمکردنەوە و لەدەسـتدانی زیاد دەکات. بەکورتی من لەو نۆ سـاڵەی دواییدا کە هاتوومەتە ئەو کۆشـکەوە، لەو کۆشـکەدا دەژیم و هێشـتا باخچەی ماڵەکەی خۆمم نەدیبوو؟! هەندەی سـوێند بخۆم و نەیەڵم ئەم ترسـە، ترسـی کەمکردنەوەی سامانەکەم لـە نێوم ببـات. بۆیە مـن زۆر بەکورتی پێتان دەڵێم: من دوێنێ شـەو سـوێندی نوێـم نەخوارد و خۆشـترین شـەوم بـوو. تاوێک لەسـەر تاتەنوێژەکە لەبەر تریفەی مانگ نزام بۆ خۆم و هەمووتان کرد کە شاد و بەختەوەربین، نزام بۆ خۆ کرد کە خوا ئەو ترسـەم لە دڵدا دەرکات. خودا نزای قبوڵ کردم و ئەو ترسـەی لە دڵ فڕێدام. ئێسـتا من ناترسم لەوەی سامانەکەم کەم بکاتەوە، سوێندی دیکەش ناخۆم، ئازادبووم لەو سـوێندخواردنە، لەو کۆتە کوشـندەیە. سـپاس بۆ خودای خۆم کە ئەو کۆتەی لە مل کردمەوە، بۆیە لەمڕۆوە من هیچ پێوەندیم بەو سەروەت و سامانەوە نییە کە هەمە. ئەو سامانە، هەمووی بۆ ئێوەیە و من هیچم ناوێ، یەک قرۆشیشـم ناوێ. بڕیارم داوە سـەر لە نوێ وەکچۆن پێش چلوچوار سـاڵ، لـە گوندەکەم هەڵاتم و لەو شـارەدا دەسـتم بە ئیش کرد، ئاوا دەسـت بـە ئیش بکەمەوە، دەزانم کۆکردنـەوەی ئەو هەموو سـامانە کارێکی گەورەبـوو، لێ لەو گەورەتر ئەوەیە واز لەو سـامانە بێنم. بۆیەشـە وازدەهێنم و لە هەوەڵەوە دەسـت پێدەکەمەوە. ئیدی من ئەو کۆتە دەشـکێنم، لە دوێنێ شـەوێوە، دونیا لەبەر چاوم ڕوونە، هەر

شــتێک کە لە سرووشتی خۆی زیاد بوو، مرۆڤ داگر دەکات. ئیرادەی دەکوژێت و ئازادی زەوت دەکات.
کابــرا قســەی تــر نــاکات و لــە ژوورەکــە دەردەکەوێــت و دەچێتــە باخچەکە:
– ئەو بایە زۆر خۆشە، ئەو بایە زۆر فێنکە، بەڵام دەچمەوە گوندەکەی منداڵیم.

پیرەمێردەکــە تفێکــی دیکــەی بــە نەرمی کــردە جۆگەکــەوە: «ئەگەر پەیامبەرێکی دیکە، بە شکۆوە، کتێبێکی نوێی لە دەست گرتبێت و نێوەندی کتێبەکە بکاتەوە و بڵێت: (وەک ئەوانەی لە ئاگردا جاویدانن،دەبێژن میرم بــۆ درۆت دەگەڵ کردین؟ئێمــە و جەنابتان لە ئاگرداین) ئەوکات دەبێت چــی بڵێین؟ ئەگەر کتێبە نوێیەکە باســی هەموو ئــەو کوژراوانەی تێدا بێــت و باســی بکوژەکانییان بکات، دەبێت ئــەو کاتە چی بکەین؟ ئەگەر نێردراوێکی دی بێت و دەستمان بگرێت بۆ شەراب و کەیف و خۆشی و بڵێت: ئەوە بەهەشتی ئێوەیە ئەی بنیادەم؟ بڕۆن لە ئاسمان وردببنەوە و تماشای باخچەکانی شار بکەن و لە دەمی باڵندەیەکی بچووکەوە، گوێ لــە ئاوازێکــی خۆش بگرن، من ئەوەتان بە نوێژ بۆ دەژمێرم. تماشــای بیابــان و چیــا و رووبــار و دەریــا و زەریاکان بکەن، مــن ئەوەتان بە رۆژوو بــۆ دەژمێرم، ئەگەر بڵێت: بڕۆن و لەســەر تاتەبەردێکی گەورە و بــەرز تماشــای دونیا و ژیــان و رۆحی خۆتان بکەن و لە شــینایی ئاســمان و شــینایی دەریا بڕوانن و رابمێنن، من ئەوەتان بە حەج بۆ دەنووســم. ئەگەر بڵێت بێ مەبەست لە شارێکەوە بازدەنە شارێکی دی و هەر گوڵێکی جوانتان لە رێگا دی بۆنی بکەن، هەر ژنێکی جوانتان دی ئەگەر رازی بوو ماچی بکەن، ئەگەر نێردراوەکە گوتی: ئەی بەنیئادەم: ئــەم جیهانــە، ئەم ژیانە، بــۆ حوکم و ترس و تۆقانــدن نییە و تەنیا بۆ خۆشەویســتی و عەشــق و ئەزموونــە رۆحییەکانــی ئێوەیــە، تەنیا بۆ ســۆزگۆڕینەوە و تام و چێژی لەشی ئێوەیە، ئەوسا چی دەڵێن؟ ئەگەر پەیامبەرێکی نوێ بێت و باسی پشت پەردەی ئەم جیهانە بکات، دەبێت ئەو دەستەڵاتدار و بندەستانە قوڕی کوێ بکەنە سەریان؟! کوڕی خۆم ئــەوەی حوکمی جیهــان دەکات، ئەوەی دەیتۆقێنێت، نایەوێت شــتەکان

بگۆڕێـن، نایەوێت ئەوەی لەسـەری ئەو عەوامەدا شـین بووە، وشـک ببێت، چونکە ئەگەر جیهان بووە جێی تێڕامان و وردبوونەوە لە جوانی و ڕەنگـەکان و دەنگـەکان و زیندەوەرەکان بە کتێبێکـی نوێ، ئەوکاتە ئەوان جیهانیان تێکدەچێت. ئەوانە نەیانهێشت پێغەمبەرێکی نوێ بێت و جیهان تێکبدات و جارێکی دیکە بە شـێوەیەکی دیکە، جیهانێکی دی کە نێزیکتر بێت لە جیهانی پشت پەردەوە دروست بکات.

سـوهرەوەردی، کـە لە قەیـڕەوان خسـتییانە بیرێکی نوتـەک، ئەوەی بـە دنیا ڕاگەیاند، کە مـرۆڤ لە بیرێکی تاریکدا دەژی، دەسـتەڵاتەکان جیهانیـان کردووەتـە بیرێکی تاریک، نەوەک بە تەنیـا قەیڕەوان، بەڵکو هەموو جیهان بووەتە بیرێکی نوتەک، فەقیهەکانیش نایانەوێت کەس لەو بیرە تاریکە بێتە دەرێ. ئێستایش وایە، تماشاکە ئێمە لەو بیرە تاریکەدا دەژین و نابینین، کێشەکەی ئێمەیش ئەوەیە، ئەوسا و ئێستایش، ئالەبەر ئەوهەتاوەدا دانیشـتووین و چ ئەسـتێرەیەک بە ئاسماندا نابینین، بەڵام ئێوارێ کە هەتاو وردە وردە لەو ئاسـۆیە دەکشـێتەوە و ئەستێرەکان ڕووناکییـان پەخـش دەکەنە سـەر ئـەو جیهانە، دەکرێت بڵێین ئێسـتا ئەستێرە لە بن ئەو هەتاوەدا، لەو ئاسمانەدا نادرەوشێنەوە؟

ئێمە هەمووومان لە قەیڕەوانین و لەنێو بیرێکی نوتەکداین».

هەڵسایەوە و قیت بەرەو ژوورەوەی چایخانەکە ڕۆیشت.

کوڕم من نەخۆش نیم، بابی بابم، کا ئەو کەشـکۆڵە بەرگ شـینەم بدێ، بیدەمە ئەو ڕێبوارە، لەوە دەچێ ئەویش ڕێبوارێک بێت، ماندوو و ڕاڕا. ئەو کەشکۆڵە بەڵکو تۆزێک ئارامی بداتێ.

هاتەوە و کەشکۆڵێکی بەرگ شینی دایە دەستم.

گوتی ماچی مەکە، قورئان نییە، بەڵام ئەگەر تاقەتت بوو، دەتوانی لەبەر ئـەو سـێبەرە بیخوێنیتەوە، لە کاتێکـدا کە پێت دەخەیتە نێـو ئەو ئاوە فێنکەوە، هیوادارم دەماغیشت بە وشەکانی ئەو کەشکۆڵە فێنک ببێتەوە. پێتەوە دیارە ماندوویت، ناشـمەوێ بزانم بـۆ ماندوویت، هیوادارم ئەو کەشکۆڵە ماندووبوون لە ڕۆحت دەربکات.

ئینجا ئاوڕی بەرەو دەرکەی ژوورەکە دایەوە و هاواری کرد:

–کوڕم من دەچم لەو مزگەوتە خەریکی ڕۆحی خۆم دەبم!

تۆش ئەی میوان، پارەوپوولی تۆمان ناوێ، ئەوەی خواردت نۆشت بێت،

میوانێکی ئازیزی منی و کە ڕۆیشــتی ئەو کەشــکۆڵە بدەوە کوڕەکەم. هیوادارم لێرەدا بگەیتە خۆشــی و ئارامی. کە دەیشــزانم نایگەینیٚ، لەو بیرە نووتەکەدا نایگەینیٚ.
ڕووی وەرگێڕا و هێدی هێدی بەرەو مزگەوتەکە کەوتە ڕیٚ.

کابرایش لە باخەکە دەرچوو و هەوا خۆش و فێنکەکەی بە جێهێشت و بەرەو گوندەکەی بیٚ وەستان کەوتە ڕیٚ. دوای چلوچوار ڕۆژ گەیشتەوە گوندەکــەی منداڵی، گونــد هەمان گوندی ســەردەمی منداڵی بوو، وەک چلوچوار ساڵ بەر لە ئێستا، گەرموگوڕ و بیٚ زەوق و بیٚ ئاو و وشک. ئەوەنــدەی چاو بــڕی دەکرد، هەر لمی زەرد بــوو، کۆمەڵە خانوویێکی زەرد و چەنــد بنەدارێکــی گــەڵازەرد، وەک فۆتۆیەکــی زەردهەڵاتــوو وێنەیان بە دنیا بەخشــیبوو. لەســەر پشتی ئەســپەکەی دابەزی و پێی خســتە ســەر ئەو ڕێیەی کە پێش چلوچوار ســاڵ بێــرەدا بۆ دوواجار تێپەڕیبوو، بەڵام بە وردیش تماشــای ڕێیەکەی کرد، کا شوێن پێیەکانی بەر لە چلوچوار ســاڵ نابینێتەوە؟! «لەوە دەچێت هیچ نەگۆڕابێت، بۆیە ســەیر نییە جێی پێیانیشــم مابن و بزر نەبووبن!» خەندەیەکی هاتیٚ و ئەوەی هاتە بەر چاو، عەســرێکی زەردە، تەنیایە و منداڵان دەگەڕێنەوە مــاڵ، بەڵام ئــەو بڕیاری داوە گوند بەجێبێڵێت. پازدە ســاڵ تەمەنیەتی، جلێکی شڕ و شەپڕێو، کراسێکی سپی زەردهەڵگەڕاو، شەڕواڵێکی شینی زەردهەڵگەڕاو، کە دایکی پێش دووساڵ بۆی درووبوو، سەرێکی رووت و زەردهەڵگەڕاویش، دەموچاو تۆزاوی، تەنانەت چاوە قاوەیییەکانیشی زەرد و خاکی هەڵگەڕابوون، بایەکی گەرم لە دەشــتەوە دەهات و لمی زەردی دەخستە چاوەوە.
«لێــرە ڕۆحیــش زەرد دەبێت!» وایگــوت و کەوتــە ڕیٚ. ڕێیەک کە بە خەیاڵیدا نەدەهات، دوای چلوچوار ســاڵی دیکە، بێتەوە هەمان شوێن و هەمان زەردایی.
هەڵاتنــم لــە گوند هەڵاتن بوو لــە دنیایەکی زەرد، بــەرەو ڕەنگی دیکە، خەونم بە دنیایەکی شــینەوە دەدیت، بە دنیای ســۆر و کەسک و سپی و تەنانەت ڕەشــیش، دنیای پەمپە و دنیای پیوازی و مۆر و هەناری و نارنجی. لێرەوە ڕۆیشــتم و دەســتم کرد بە غاردان، ئەوەندەم غاردا تا

هەناسـەم وشک بوو، دەمویست سـەرەتا برێکی باش دوور کەومەوە، چونکـە دەمزانـی کە شـەو دادێـت و باوکـم دەگەڕێتـەوە، دایکم هەر لەبـەر دەرکە دەکاتـە گریان و دەموچـاوی و سـەروپرچی دەردێنێ، باوکـم زەندەقی دەچێت و بەپەلە لەسـەر پشـتی ئەسـپەکە دێتە خوار و شـەقەزەللەیەک لـە دایکـم دەدات و پێی دەڵێ: «چی بووە، دیسـان لمی دنیا بەسەرخۆتدا دەکەی؟» ئەویش هەر بەدەم سەروچاوڕنینەوە، دەڵێ: «کوڕەکەم نەهاتووەتەوە، بڕۆ بزانە چی بەسەر هاتووە؟ منداڵان گوتیـان لـە ڕێی گونـد چووەتە دەرێ، نیازی هەیە بـڕوات، ئەی گەفی نەکرد ئەو ماڵ و گوندە جێدێڵێت و دەڕوات؟ ئەوە کردی. بڕۆ یەکسەر بـەرەو ڕێی سـەرەکی گوند بڕۆ، ئـەو بەوێدا ڕۆیشـتووە، لە ئێوارەدا ڕۆیشتووە، زوو نەڕۆی نایگەیتێ.»

ئەویـش تفێک ڕۆ دەکات و جوێن بـە من و بە دایکم دەداتن: «تفوو لە ئەولادی حیز، لە دایکی حیز، بۆچی نایەتەوە ماڵەوە؟»

– دەی باشە ئەوە دەچم بە براکەم دەڵێم و پێکەوە دەچین دەیهێنینەوە، تۆیـش چیـدی لم مەکە بە ڕۆحماندا، قەحپە بـڕۆ ژوورەوە و ئاگات لە منداڵەکانی دیکە بێ.»

دایکم هەر بەگریانەوە:

– بێ ئەو نەیەوە، بیهێنەوە توخوا.

باوکم هەر تف لە من و دایکم و دنیا دەکات و سواری پشتی ئەسپەکەی دەبێت و بەرەو ماڵی براکەی دەڕوا.

– برا وەرە ئەو هەتیمە حیزە، تف لە ئەولادی ئەوها، ڕۆیشتووە، بەڵکو بیگرینەوە و تفێک بکەمە نێوچەوانی.

من باش دوورکەوتبوومەوە، بەڵام دەمزانی ئەوان بە سواری ئەسپ بێن دەمگەنـێ، ئەگەر باوکم بمگرێت ئەوجارە تەواوی دنیام زەرد دەکات و ناتوانـم خەونیش بە دنیایەکی دیکەوە ببینمەوە، من حەزم لە ڕەنگەکان بوو، لە سـەفەرێکی کورتی شار، لەگەڵ باوکم ڕەنگی سەوز و سۆر و سپی و پیوازیم دیتبوو، خەونم پێوە دەدیتن. بۆیە دەبوایە وەدووی ئەو ڕەنگە خەونانە کەوتبام.

ماوەی سـێ کاتژمێر لـە گوند دوورکەوتبوومەوە، لـە ڕێیەکی زەردی لماویدا، لە خێزانێکدا، ڕاسـت هاتم، پیاوێک و دوو ژن و شـەش منداڵ

بـــوون، چـــوار کـــچ و دوو کوڕ کە هیچیـــان تەمەنیان لە مـــن گەورەتر نەبوو. سەرەتا لە دوورەوە وەک چەند نوختەیەکی بچووک لە من دیار بـــوون، بۆرەتارەکەش رەنگێکی خۆڵەمێشـــی بەو نوختانە بەخشـــیبوو، ماوەی رەنگە نیو کاتژمێرێکی پێچوو تا لەوان نێزیک بوومەوە، شـــەش حوشـــتر و ئەسپێک و چەندســـەر مەڕ و بزنێک، هەموویان بە بێدەنگی تماشـــایان دەکردم، رەنگە ئەوانیش وەک پنتێکی زەرد منیان دیتبێت کە لـــەوان نێزیک دەبێتەوە، بۆیە رۆیشـــتنەکەیان کەمێک ســـووک کردبوو، تـــا بگەمە لایـــان. پیرەمێردەکە گوتبـــووی، ئەوە کێیە لـــە مەرگی خۆی دەگەڕێـــت؟ بە پێ بەو دەشـــتە پان و بەرینە وەربـــووە، ئەو بەو رێیەدا بـــە دوو رۆژی دیکەیـــش ناگاتـــە هیچ شـــوێنێک و  رەنگە لـــە تینووان بخنکێت. ژنێک گومانی کردبوو، من لە دوو ئەوان دەڕۆم و مەبەســـتی شـــتێکم هەیە، بۆیە باش دەبێت پیاوەکە تیروکەوانەکەی ئامادە بکات و لـــە دوورەوە تیرێکم تێبگرێ، بەڵام پیرەمێـــرد گوتبووی: «دیارە منداڵە زۆر بڵند نییە و پیادەیە، ترسی نییە. با بێتە پێش یەکسەر شەرحی حاڵی خۆی دەکات.»

هەر زوو ژنێکیان لەســـەر پشتی حوشـــترێکدا، کە سەر و رووخساری لەنێو پەڕۆیەکی شەکەریدا شاردبووەوە، پرسی: «تۆ کێیت کوڕە؟ ئەوە چی دەکەیت لەو ناوە؟ بۆ رەدوومان کەوتووی؟»

پیرەمێردەکـــە دیاربوو تماشـــای رەنـــگ و رووی زەردی دەکردم، بۆیە گوتی: «باشتر وایە هەندێ ئاوی بدەیتێ لەوەی پرسیارانی لێبکەی.»

منداڵێک لە منداڵەکان، تێرکێکی گچکەی بۆ هاوێشتم، ئەو دەمە زانیم کە زۆرم تینـــووە، بەڵام کەمێک ئاوم خـــواردەوە و گوتم: «بەدوای ئێوەدا نەهاتووم، بەڵام دەمەوێت بچمە شار. شارەزای رێیەکەش نیم، بۆیە کە ئێوەم دی یەکسەر بەرەو ئێوە هاتم.»

پیرەمێردەکە، پەڕۆ و پاتاڵە زۆرەکانی لەســـەر روخساری لادا و چاوە تۆزاوییەکانـــی ئاراســـتە کردم و بـــە دەنگێکی گـــڕژەوە گوتی: «بۆچی دەچییە شار؟»

پێم باشبوو درۆی لەگەڵ نەکەم و مەرامی سەفەرەکەمی بدەمە دەست: «دەچـــم لە رەنگـــەکان دەگەڕێم، بێزارم لەو لم و زەردایییە، دەچم ئیش دەکەم.»

«تـۆ دەزانــی ئەگەر بەو ڕێیەدا، بە پێ و بێ ئـاو و نان بڕۆیت ناگەیتە شار، دەمریت و قەل و داڵ گۆشتەکەت دەخۆن؟ وەرە شوێنی خۆت لە لای ئەو منداڵانە بکەوە.»
تێگەیشـتم پیرەمێرد، ویسـتی مـن لە مەرگێک دەرباز بـکات کە من بە خەیاڵمـدا نەدەهـات، مـن خەمی ئەوەم بـوو باوک و مامـم بمگەنێ و بمبەنەوە گوند و بمکەنە تەڕک. بۆیە یەکسـەر بازم دایە سـەر پشـتی ئەسپەکە و لەگەڵ دوو لە کوڕەکانی جێی خۆم کردەوە.
کەوتینــەوە ڕێ، یەکــێ لە کوڕەکان دەسـتی بە پرسـیار کرد و منیش وەڵامــم دەدایــەوە، هەر لە ناوی خۆم و گونـد و ماڵەوەمان و دایک و باوکم و خوشـک و براکانـم و ئەو گەمانەی دەیانکەم، ئەویش باسـی سـەفەر و گەڕانەکانی خۆی بۆ دەکردم، هەندێ شـت تێگەیشتم باوکی دوو ژنی هەیە و ئەوان دوو برا و چوار خوشـکن، ئێسـتا لە شوێنێکی دوورەوە لە نێو جەرگەی دەشـتەوە دێن و دەچنە شـوێنێکی سەوز و تـەڕ، لە بـەر بێ ئاوی باریان کـردووە و باوکی سـوێندی خواردووە دەبێت بچێتە شوێنێک هەمووی زەریا و ئاو بێت، تەڕ و سەوز و فێنک بێـت، جارێکـی دیکەیش ڕوو لەو دەشـت و لـم و زەردایییە ناکاتەوە، ئامادەیە لەنێو گاوراندا ژیان بباتە سـەر نەوەک لە دەشـتێکی وشک و برینگی بێ ئاودا، بۆیە ئەوە هەفتەیەکە بەڕێوەن، ڕەنگە مانگێکی دیکەش هەر بەڕێوەبین، تا دەگەینە ئەو شوێنەی باوکم دەڵێ لێرە دادەنیشین.
دنیـا تاریک داهات، ئێسـتا خێزانێک لە پیاوێک و دوو ژن و سـێ کوڕ و چـوار کـچ، لە تاریکیدا دەشـتیان دەبـڕی، من هەسـتم دەکرد وردە وردە لــە باوکم و مامــم دووردەکەومەوە، تازە ئەوان نامبیننەوە، ڕەنگە دوو یــان سـێ ڕۆژ لەونێـوەدا بەدوومدا بگەڕێن و نەمبینــەوە، ڕەنگە دواتــر بچنە شــار و لەوێ پرسـیارم بکــەن، بەڵام نامبینــەوە، دواجار بڕیــار دەدەن بگەڕێنەوە ماڵەوە، هەر لەبەر دەرکەدا کە دایکم خەریکی سەرشووشتنی برا و خوشکەکانمە، کە دەبینێ باوکم و مامم بە تۆز و غوباری هەفتەیەکەوە، بێ من هاتوونەتەوە ماڵ، دەکاتە زیڕەوهەرا: «بۆ نەتانهێنایــەوە، بۆ نەتاندۆزییەوە، بــاش لێی نەگەڕاون. بۆ بێ کوڕەکەم هاتییەوە؟»
باوکـم تێنـوو و توڕەیــە، نایەوێـت هیچی گـوێ لێبێت، بۆیە سـەری

ئەسـپەکەی دەگرێت و بـە لای ماڵی مامم بادەداتـەوە، مامۆژنم دوای ماوەیەکـی کەم دێت و بە دایکم دەڵێ: «خوشـکم ئەگـەر کوڕەکەت لە شاری زیندییان بی ئەوە هەر دێتەوە، بەخوای ئەگەر پاشی سەد ساڵی دیکەش بی هەر دێتەوە. بەس ئەوەیە لە شاری زیندییان بی.»
ئیدی لەو رۆژەوە دایکم هەر بە بێدەنگی دەگری و فرمێسکان دەبارینی، باوکم هەر کە بیری دێتەوە، من رۆیشتووم، تفێک رەوودەکات: (تفوو لە ئەولادی حیز و ناجسن!)
بە بێدەنگی لەسـەر پشـتی ئەسـپەکە کەوتمە بیرکردنەوە لە شـار و رەنگەکان، دەچمە شاری زیندییان، رەنگ و بۆن و کار و پارە پەیاکردن، ئیـدی من دڵخۆش بووم، بەوەی باوکم نامبینێتـەوە، دایکم بە بێدەنگی دەگریێ و مامۆژنەکەشم هەمیشە بۆ دایکم دووبارە دەکاتەوە، کە ئەگەر لە شـاری زیندییان بم، دەگەڕێمەوە،هەر جارەی چیرۆکی کەسـێکی بۆ دەگێڕێتەوە، کە پێنچ سـاڵ یان دە سـاڵ یان بیسـت سـاڵ و زیاتریش لـە ماڵـەوە دوورکەوتۆتەوە و دواتر هاتۆتەوە. بـە تایبەتیش چیرۆکی (یاقووب) کە لە دایکییەوە گوێی لێ ببوو، قەت بیری نەدەچوو:
(مریـەم) جوانترین کچی گوند بـوو، گوندەکەی دایکم ، پێش بێنە ئێرە، بە هەفتا سـاڵی، هێشـتا ئەو کارەساتەیان بەسـەر نەهاتبوو، برایەکەی ژنی هەڵنەگرتبوو و لەسـەر ژنەکەشـی هەفت کەسـی نەکوشتبوو، جا گوندەکەی دایکم وکی ئەو باسـی دەکرد، گوندەکی گەلەک خۆشـبووە، سـاڵ چوار وەرزی لەوێ کەیف و شـادی بووە، دەیگۆت زسـتانی پڕ بەفـر بوو، بەهـاری هەمووی رەز و باخچە و گوڵـزار و کوریکە بوو، هاوینـی کەمەک گەرم و بەئاو بوو، پاییزێ وادەی ماڵ لێکدان و دانانی زەخیرەی زسـتانێ بوو، شـەوانی زسـتانێ درێژبوون، پیاوان و ژنان دادەنیشـتن و باسی ئەو دنیایە و دنیای دیکەیان دەکرد. ئەمنیش باسی ئەو یاقووبەم هەر لەو دانیشتنانە گوێ لێبوو، دواییش کە گەورە بووم و فامـم کـرد ئەو یاقووبـەم دیت.بەس جارەکی دیتم و پاشـی ئەمە لە گونـدی رۆیشـتین و رووومان لـەو دنیایەی کرد، هەمـوو دنیان کردو دوایی لەوکاولە دەشتەی نیشتینەوە.
هەرکوەکـی بی ، دایکم ئەیگـۆ: (مریەم، فەلە بـوو، خاوەنی چواربرا و قەبیلەیـەک ئامۆزا و خاڵـۆزا و پورزا بوو. کەس نەبوو دڵی نەچووبێتە

مریەم. چ موسڵمانەکان و چ جولەکەکان و چ فەلەکان. هەر گەنجێک یان پیرەمێردەکیش جارەکی مریەمی دیتبی ، حەیرانی بووە. چونکە دەیانگۆ ئەو مریەمە بەژنی زۆر بڵند بووە. ئەمن بەخۆم نەمدیتبوو، چونکە ئەو سەردەمی ئەمن یان نەبوویمە یان منالّ بوویمە، چونکە یاقوب هاتەوە، ئەمن هەر پازدە ساڵانەک دەبووم، ئێ یاقوبیش نزیکەی بیست ساڵ پتر بوو بزر ببوو. ئەوجا دەیانگۆ: مریەم ، دووچاوی رەشی گەورەی هەبوون، روومەتی سپیسپی وەک بەفرێ بووینە، سەر رووومەتی لە گوڵە باخی پەمبەتر بووینە. قامکی سپی لەبن کراسە کوردییەکانی دەهێنانە دەر، هەمیشە لەچکە و رەفتەی گوڵینگەداری لەسەر دەکرد و گوڵینگەکان لەسەر رووومەتی گەمەیان دەکرد. کەس لە گوندی نەمابوو داوای دەستی نەکات و ئەویش رەتی نەکاتەوە. ناوبانگی گەیشتبووە گوندەکانی دەوروبەر و شارانیش. لە شاریش چەندین مەئمور و پیاوێ دەوڵەتی هاتبوونە داخوازی، بەلاّم ئەو هەرێ .. کەسی پێ پیاو نەبوو و دەیگۆ: (هەتا پیاوەکی بە دڵی خۆم نەبینمەوە قەت مێردی ناکەم!)

یاقوب، کوڕە گەنجێکی شوان بوو، هەموو ژیانی مەڕو ماڵات بوو، زانیاری لەسەر ئاژەڵەکان زۆر بوو، هەر مەپرسە، هەر لە تەمەن و لە زان و لە جۆر و رەنگ و خۆراک و تینوویەتییان، برسییەتییان، ترس و لەرز، کەیفخۆشییان، حەوانەوەیان ، کوشتنیان، کوشتنەوەیان و خواردنیشیان.

یاقوبیش بەتەواوی بۆ مریەمێ لێدەدرێ، داوا لەباوکی دەکات بچێتە خوازبێنی.باوکی دەزانێ کە نایدەنێ، بۆیە بە کوڕەکەی دەڵێ: (کوڕم هەر لەدوو قونی مەڕوماڵاتەکەت بی باشترە!) بەلاّم یاقوب ئیللا و بیللای لێدەکات کە بچنە خوازبێنی و لەو پێناوەشدا ئامادەیە هەموو مەڕو ماڵاتەکەی بداتە ئەلیاسی بابی مریەمێ.

بابێ یاقوبی بە ناچاری دەچێتە خوازبێنی، زۆر قسە دەکرێن و باسی مریەم و یاقوب و شووکردن و ماڵ و ماڵات و منداڵ و ژیان و ژنداریی و هتد، بەلاّم روون دەبێتەوە ، کە باوکی مریەم رازی نییە کچەکەی بداتە یاقوب، بەلاّم یاقوب دەڵێ من قسەی مریەمم لە لا گرنگە، با ئەو بەزاری خۆی پێمبڵێ مێردی ناکەمێ، ئەوجا ئەمن وازتان لێدەینم.

دوای چەندیــن هەوڵــی خوازبێنی، مریــەم رۆژێک پێی دەڵــێ: (یاقوب! مێــردی بەســەیەکی بکەم بە تــو ناکەم!) یاقوب، خۆزگــە دەخوازێ کە سەیەک بووبا و مرۆڤ نەبا!، ئەم قسەیە زۆر کاری تێدەکات و وادەکات ئیــدی یاقــوب لە گوونــدی نەمێنێ و کەس نەزانێت کێــوە چوو، یاقوب دەڕوا بــۆ کوێ ؟ کەس نزانی، هەندەک دەڵێن، چوویتە ئێرانی، هەندەک دەڵێن گەیشــتە هندستانێ، هەندەکیش دەڵێن ناوەڵا چوویتە چینێ! ئیدی رۆیشتنی یاقوبی دەبیتە ئەفسانە، هەندەک دەڵێن یاقوب خۆی کوشتییە، هەندەک دەڵێن لە دوو فاڵچییەکی دەگەڕێ نوشتییەکی لە مریەمێ بکات و رازی بیــت مێــردی پێ بکات، هەندەک دەڵێن لە تاوان ســەری خۆی هەڵگــرت و ئیــدی نایەتەوە گونــدی، هەندەکیش دەڵێــن ئەوەندە دوور رۆیشــتییە بە حەیاتی نایەتەوە ئێرە. ئیــدی خەڵکی هەندەک دەڵێن کەر بوو رۆیشــت و ئەو مەڕومالاتەی بەجێهێشــت، هەندەک دەڵێن بێڕەحم بــوو دایــک و باوکی بەجێهێشــتن، هەندەک دەڵێن حەیــف کە جارەکی دی دەنگی شمشــاڵەکەی نابیســتینەوە، یەکێک دەڵــێ ئەو قەحپەیە چی بەسەری یاقوبی هینا؟! باوکی و براکانی یاقوب زۆر لە دووی دەگەڕێن و پرســیاری هەموو کەســێک و شــوێنێک دەکەن، بەڵام کەس یاقوبی نەدیتییە، ماوەکی بەســەر دەچێت و بۆ یەکەم جار، ژنەکی هاوســێیان دەڵێ :(ئەمن دونێ شەوێ گوێم لە دەنگی شمشاڵی یاقوبی بووە، دەنگەکە لەنێــو باخچــان دەهات، ئاوازەکی ئەوەندە بە ســۆزی لێــدەدا، تێرو پڕ لەبەری گریام!) شەوی دواتر ژنەکی دیکە گووتی:(شەوێ دەگەر دەنگی ســاوایەکەم کە لە برسان دەگریا هەستامەوە شیری بدەمێ، کە مەمکم دە زاری نا و کڕ بۆوە، دەنگی شمشــاڵەکەی یاقوبی هات، وەی بابە چ ئاوازەکی خەمباری لێدەدا، قەسەم بەخوای ساوایەکەم مەمکی بەردام و فرمێچک بەچاوانیدا هاتنە خوارێ!بەخوای دەنگی شمشاڵەکەشی لە لای چیای دەهاتە خوارێ) ئەوەندەی پێنەچوو،رۆژ بەرۆژ خەڵک گوێیان لە دەنگی شمشاڵەکەی یاقوب دەبوو، لەنێو باخچان، لە چیای، لە سەربانی، بە شــەوێ، بە رۆژ، بەیانییان زوو. وای لێدێت، یاقوب دەبێتە ئەفســانە، دایکان منداڵەکانییان پێ دەترسێنن، بۆ ئەوەی بنوون یان هەر ئیشەکی دیکەیــان پێبکەن،ئەوەی حەزی لە کیژەکی بیت و ماڵێ رازی نەبن بۆی بچنــە خوازبێنێ، دەڵێ : (ئەمنیش وەک یاقوبی خۆم بزردەکەم)، ئەوەی

حەزی لە شتەکی بی و بۆی نەچێتە سەر دەڵێ : (بەخوای وەک یاقوبی خۆم دەکەمە ئەجندە!) ئیدی یاقوب دەبێتە شـتەکی عەنتیکە،خەڵک ڕۆژ بەرۆژ زیاتر یاقوبی دەکەنە هەقایەت.زۆر چیرۆکی سـەبارەت دروست دەکەن، هەندەک دەڵێن: (هەر بزانە مریەمی شێت کرد)، هەندەک دەڵێن: (ڕەنگـە ئەلیاسـی بەو ئاوازانە بکـوژێ!) هەندەک دەڵێـن: (دەیویێ دڵێ مریەمی بەو ئاوازانە نەرم بکات) هەندەک دەڵێن ( بەخوای جارەکی دی ئـەو یاقوبەی نابینینۆ) لێ دایکی یاقوب هەمیشـە دەڵێ: (ئەلیاس ئەگەر ڕۆیشـتی، ئەگەر لە ماڵێ بووی یان نا، دەرگەی ماڵێ با هەر کراوەبی، ئەمن دەزانم ڕەنگە لەهەر وەختەکی، یاقوب بێتە ژۆرێ و بیبینمەوە.)
مریەم مێردی بە مەئمورەکی دەکات و دەیباتە شاری، بەڵام مێردەکەی دوای شـەش مانـگان لەنێو شـاری دەکـوژرێ، هەموو عالـەم دەڵێن (بەخوای لەیاقوبی زیاتر نییە، هەر ئەو کوشـتیتی)، جەندرمە لە دووی دەگەڕێن، بەڵام کێ یاقوبی دەبینیتەوە، کێ دەزانێ لە کێیە؟ بۆیە هەموو خەڵکی دەڵێن بەخوای هەموو کەس مابیت، یاقوب نەمایە.
دەرگەی ماڵێ ئەلیاسی بیست ساڵان پێوەنادرێت!
دایکـی پیر دەبێت و تاقەتی ڕۆیشـتنی نامێنێـت و لەبەرامبەر دەرگەی جێـی بۆ دادەنێن و چاوی لەدەرگەیە، پاشـی لەتـاو گریان و فرمێچک ڕشـتنێ، چاوانیـش لەدەسـت دەدات و یاقوبیش هــەر نەهاتەوە، کەس گوێی لەدەنگی شمشاڵەکەی نابێت، ناوی یاقوبی و هەقایەتەکانی لە بیر دەچنەوە، هەتا وای لێدێ ئەگەر بە ڕێکەوت نەبێت، ئەگەر نا کەس نزانی یاقوبـەک لـە گوندی هەبووە، بەڵام تەنیا دایکی یاقوبی نەبی، هەمیشـە دەڵـێ: (ئەمن دەزانم ئەو هەر دێتەوە، کوڕەکەم لە شـاری زیندییانە و هەر دێتەوە!)
ئینجا مامۆژنەکەم، دەڵێ: (خوشـکم دوای بیست ساڵان، ڕۆژەکی داکێ یاقوبـی بە کۆرەیی چاوان هەوایەکی هەڵدەمژێ، لەسـەر لینگانی خانی دانیشـتییە و بایەکی لۆ دێ، هاوار دەکا کوڕە ئەلیاس .. ئەلیاس، بۆنی یاقوبـی دێ، کوڕە ئەوە بۆنێ یاقوبییە پاشـی بیسـت سـاڵی دێتە ئەو ماڵەی کا زوو بڕۆ دەرێ بزانە یاقوب لە کێیە؟) بەسەری من خوشکێ، دایکم ئەیگۆت ئەلیاس هێشـتا لە جێی خۆی هەڵنەستابوو، کە یاقوب بە ژۆرێ کەت، پاشی بیست ساڵان یاقوب هاتەوە و جارەکی دی، دایک و

خەڵک و گوندی خۆی دیتەوە، یاقوب چ یاقوب، ببووە پیاوەکی دی، پیاو چ پیـاو، خانەدان و دەوڵەمەند، ژن و مـاڵ و منداڵی پەیداکردبوو، کچە گەورەکـەی نێـو نابوو مریەم و دەیانگۆ گەلەک لـەو مریەمەی جوانتر بوو کە لەسەرە وی دەربەدەری دنیایێ ببوو، یاقوب شمشاڵەکەی هەر مابوو و هەندەک جار کە غەریبی هەستابا شمشاڵی لێدەدا و فرمێچکی دەگەر بەردەدانەوە، ئەدی خوشـکم پاشـی بیست ساڵی یاقوب هاتەوە، بەخوای کوڕەکەی توش لە شـاری زیندییان بی هەر دێتەوە، ئەتووش وکـی داکێ یاقوبی بکە، ئـەو دەرگەیەی قەپات مەکە، بـا هەر کرابیتۆ، رۆژەکی بۆنێ کوڕەکەت دەکەی و خۆی بە ژوورێ دا دەکات، بەخوای ئەویـش وەکـی یاقوبی بە خۆی و ژن و مـاڵ و منداڵییەوە دێتەوە نێو ئەو ماڵەی!)

بە بێدەنگی رێمان گرتبووە بەر، تەنیا ئەسـتێرە و تارمایی ئەو تەپۆلکە لماوییەمـان دەدی، کـە بـا دروسـتی دەکـردن و تێکـی دەدان، لەنێو تاریکییەکەدا هەموو رەنگەکانم دەهاتنە پێش چاو، رەنگی سوور، سەوز، پەمبە، سپی، مۆر و نارنجی.

کوڕە، چایەکی گەرمی هێنا و لە پێشـی دانام و گووتی: (ئەگەر دڵیشـت چـووە شـەڕاب پێم بڵێ.باوکم پێی وتووم لـە خزمەتی جەنابتان دا بم، چتان گەرەک بێت فرمان دەکەی قوربان).
منیش سوپاسـم کـردوو، گووتم پێویسـتم بەوەیە تا ئێـوارە، خۆم بە شـتێک خەریک بکەم، لەوەش باشـتر نییە ئەم کەشـکۆڵە لەگەڵ خۆی بمبات. با بزانم دەگەمە کوێ. چاوەڕێی ئێوارە دەکەم.

# کەشکۆڵە بەرگ شینەکە

مەلیک زاهیر لە دیوانەکەیدا، بە ویقارەوە لەسەر تەختەکەی دانیشتووە، دیوانەکەی وەک دیوانی هەر شایەکی ئیسلامیی ڕۆژهەڵاتی، ڕووناک و درەوشاوەیە بە قوماشی حەریر و پەردەی ساتان و مافووری کاشان و تەبریزیی ڕەنگاوڕەنگ و کورسیی داپۆشراو بە کوتاڵی نایاب و گرانبەهای دنیا؛ بۆنی بخور و ڕێحان، بە دڵڕفێنی لە دیوانەکەیەوە دێنە دەرێ، دەماغ و سەری دانیشتووان خۆش دەکەن. مێزێکی گەورەی داری ئەبەنووس، کە بە نەقشی شامی سەیر و زەخرەفەی عەرەبی ڕازێندراوەتەوە، لە شا زاهیرەوە نزیکە، ترێی ڕەش و تایەفی و کشمشی و سێو و قازمانەی کوردستان و هەرمێ، لە نێو لەگەنێکی دارینداا، لەسەر مێزەکەن، هەر لەسەر مێزەکە، دۆلکەیەکی مسیی سپی، کە شەربەتی ترێی یەکێک لە ڕەزەکانی کوردستانی تێدایە و بە بەفراوی چیا گیراوەتەوە، لەگەڵ شەش پەرداغی شووشە، لە بەرگێکی مسیی سپی، گیراون و دەسکێکی سپییان هەیە لە لای دۆلکەکەن، لەگەنێک بەفری سپییش لەسەر مێزەکەیە. بۆنی خۆشاوی ترێیەکە لەگەڵ بخور و ڕێحانەکانی دیوان تێکەڵ دەبێ. سوهرەوەردی لای دەستەڕاستەوە،

نزیکەی بە دوو مەترێک دوور، دانیشـــتووە، سەروســـیمای برســـییەتی و تێنوویەتیـــی پێوە دیارە و لەوە دەچـێ چوار یان پێنچ ڕۆژ ببێت، کە هیچی نەخواردبێ و ئاویشـــی نەخواردبێتەوە. هەر دەمێکە لە مزگەوتی ئەلحەلەوییە، بە پەلە هاتۆتە دیوانی شا زاهیر و لەسەر داخوازیی ئەو، لەوێ دانیشـــتووە، کنجرێکی پیسی لەبەردایە و بۆنێکی ناخۆشی لێدێ. کەس نازانێ چەند ڕۆژە، چەند حەفتەیە، چەند مانگە، سەر و کنجرەکانی نەشوشـــتون، مەندیلێکی زەردی لەسەرە و سەروگوێی قایم کردوون و لە چاوەکانیشیدا هێندێک لە تورەیی و هێندێک لە فەرامۆشی دیارن.
تماشـــای فەقێ و مەلاکان دەکا، کە زۆر پۆشـــتەن و لەوانەیە لە خودی شـــایش پۆشـــتەتر بن. جلی جـــوان و ڕازاوە و عەبـــای گرانبەها، زگە گەورە و مەندیلە هەرێرییەکان، کەللەی پووتییان دەشارنەوە، تماشایان دەکا و بیر لەوە دەکاتەوە، کە ئەوانە لە چ مەقامێکدان؟ تەنانەت هێشـــتا نەبوونەتە ڕێبوار و ســـالیکیش، جا وەرە لەگەڵ ئەوانەدا قســـانیش بکا؟ خۆ ئەگەر یەکیان گەیشـــتبا مەقامێک، کە مرۆڤ بیتوانیبا دوو قســـەیان لەگـــەڵ بگۆڕێتـــەوە و لە جیاتی ئەوەی باس لە شـــەڕی خاچپەرســـتان و شمشـــێر و بەرژەوەندییـــەکان و شەڕوشـــۆقەکانیان بکا، ئەوا خۆش دەبوو سەبارەت بە زانستی باپیرە گەورەکانی و ئەفلاتوون و ئەرستۆ و سوکراتەوە باسێکی خۆشـــیان دابمەزراندبا. سوهرەوەردی تماشای هەمووانـــی دەکرد و وەک ئەوەی کۆمەڵـــە پەیکەرێکی مەڕمەڕی ببینێ، لـــە دڵی خۆیدا دەیگوت، ڕووخســـارتان کتومت لە بیرکردنەوەتان دەکا، بیرکردنـــەوەی بێ گیان! ئەزموونی ڕۆحییش لەو ســـەروچاوانەدا دیار ناکەوێ. ئای چەند بێ ڕۆح و گیانن!

مەلیـــک بێدەنگـــی و دڵەڕاوکێـــی هەمووانـــی هەژانـــد، کاتێک بـــە ڕێز و بـــە دەنگێکـــی بەرزەوە، باســـەکەی کردەوە، شـــێخ شـــەهاب، ئاگەداری ســـەلاحەدینی باوکی پایەدار و سەرکردەی سوپای ئیسلام، خەریکی چ شەڕێکە لەگەڵ خاچپەرستان لە لایەک و دژمنانی ئیسلامیش لە لایەکی دیکەوە.
سوهرەوەرد لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە: بەڵێ ئاگەدارم.
فەقیهێک، کە لە بەرانبەر ســـوهرەوەردی، نزیکەی حەفت مەتر دوورتر،

لەســەر ئەژنۆ دانیشتبوو، ڕووی لە شا کرد و بەسەر چەماندنەوەیەک ڕووخســەتی قســەکردنی وەرگرت و گوتی: هیوادارم شــێخ شــەهاب، دژمنانی ئیسلام بناسیّ و بزانیّ مەبەستی گەورەتان لە دژمنانی ئیسلام کێن؟ ئەگەر خۆی نەبان نەکا، ئەوە دەزانیّ!
ســوهرەوەردی تێگەیشــت کە ئەوە یەکەم جار نییە، فەقیهەکان ئەو بە شیعە و بە باتنی و بە ئیسماعیلی و بە خوانەناس و لە ڕێلادەر و کافر و زەندیق تاوانبار بکەن.
بۆیــە بە تووڕەیی تماشــای کابرای کــرد و پێی گوت، مــن زیاتر چاوم لەسەر دژمنانی خوایە، نەوەک دژمنانی ئیسلام!
فەقیهەکە روخسەتی لە شا وەرگرت و هەڵیدایێ: هەموویان یەک دژمنن، دژمنانی خوا، دژمنی ئیسلامن و دژمنانی ئیسلامیش دژمنی خودان!
ســوهرەوەردی، ئەگەر شــا ڕێم بدات وەڵامی ئەو نەزان و خوانەناسە بدەمەوە: شــا بەســەر تێیگەیاند کە ئازادە قســە بکات و هەر چییەکی دەوێــت بیڵێت: نەخێر دژمنانی خوا و ئیســلام یەک شــت و یەک کەس نیــن، ئیســلامێکی زۆر هەن دژمنــی خوان و دژمنی نــووری ئەنوارن، دژمنی رووناکی و شــەوقی روخســاری پەروەردگارن، خودا، ئیسلام نییە و ئیســلامیش خودا نییە، ئیســلام رووناکییە، کە سەرچاوەکەی لە رووناکی رووناکییەکانەوە هاتووەتە خوار. ئیســلام دڵۆپێکە لە دەریای خودا، وەک چۆن دینەکانی دیکەیش، رووناکین و سەرچاوەیان نووری ســەرەوەیە. من بەســەر هەموو وێنە و شــەمایلەکانی دین و تەوحیددا بڵندتــر کەوتــووم، من بەرێی خۆمدا، بە رۆحمدا، نەوەک بە شمشــێر و تیر و رمدا، پەڕیومەتەوە بۆ هەقیقەتی ســاکاری خودا. ئەو هەقیقەتەی ئێوە لە پشت شەریعەتی ئیسلامەوە بزرتان کردووە؟!

فەقیهەکــە، بە تووڕەییەکەوە، رووی لە شــا کرد و گوتــی: قوربان ئەوە نامەیەکی ســوهرەوەردیمان کەوتووەتە بەردەســت و تەنانەت وشەی ئەم نامانەیشــی بە ئاشــکرا لە مزگەوتی ئەلحەلەوییــە و تەنانەت لەنێو بازاڕیــش لــە پێــش گەنجانــدا، درکاندوونییەتی و بێ شــەرم و پەردە قســە دەکات، ئەگــەر گەورەتان بە گەورەیی خۆیــەوە رێ بدات، ئەوە پێشکێشی ئامادەبووانی دەکەم.

شا بەسەر لەقاندنێک و ئاماژەیەکی دەستی ئاماژەی دایێ کە گوێی لێدەگرن.

* * *

*لەسەر داخوازی هەندێ برادەران و خۆشەویستان، ڕێبوارنی ڕێی هەق و یاوەرانی خۆشەویستی، تەماهیکەرانی عەشقی هەقیقی و سالیکەکانی تولەڕێی جوانی و چێژی پشت پەردە، ئەم وشانە دەبنە نووسینێکی کورت، لەبارەی ئەوەی بنیادەم، چۆن فێر بێت پرسیار بکات، چۆن بتوانێت لە وەڵامی هەندێ پرسدا جورئەت بکات قسە بکات.*

*ئەم نامەیە بۆیە نووسرا، چونکە خۆزگەی هەندێ خۆشەویستان تێکەڵ بە ڕۆح و گیانی خۆشەویستیی گەورە دەکات.*

## عەشق پەرچوو نییە

*لە سەردەمێکدا، کە حەکیم و فەیلەسوف و پێغەمبەرانیش، پێیان وا بووە کە عەشق و خۆشەویستی پەرچوون و هەموو کەس ناتوانێت عاشق ببێت و بەدەستی دڵ و بە پەنچەکانی چاوییەوە خۆشەویستی بگرێت و تێیدا بژییێت، ئەوەیان پرسیاری زۆر لە خەڵکانی سادە و خەڵکی مزگەوت و خەڵکی مەیخانەکانیش بوو. ئایا عەشق پەرچوویە؟ وەڵامی زۆربەی ئەو خەڵکەیش ئەوەبوو، کە بەڵێ پەرچوویە، تەنیا پێغەمبەر و وەلییەکان دەتوانن عاشق بن، چونکە ئەگەر عەشق پەرچوو بوو، ئەوە تەنیا پێغەمبەرەکان و ئەولیاکان و خەڵکێکی کەم دەتوانێت عاشق ببێت، بەو مانایەی شوان و بازرگان و وەستا و کرێکار و باخەوان و ژنە ئاوسەکان و پاسەوان و جەنگاوەران و ئەوانی دی ناتوانن عاشق بن.*

*لێرەدا من دەپرسم، عەشق پەرچوویە چونکە پێغەمبەر و وەلییەکان دەیکەن؟ یان چونکە پێغەمبەر و وەلییەکان خاوەن پەرچوون بۆیە عەشقیش پەرچوویە؟*

*وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر لە تێگەیشتنەکانمان دەگۆڕێت. ئەگەر عەشق پەرچوو بێت چونکە پێغەمبەرەکان کردوویانە، ئەوە دەبێت ئێمە گلەیی لە پێغەمبەرەکان بکەین، چونکە عەشقیان بۆ ئێمە نەهێشتووە و*

*نەیانهێشتووە ئێمەیش چێژی عەشق وەربگرین و ببینین. هەروەها دەبێت ڕەخنــە لە خوایش بگرین، کــە بۆچی تەنیا تاقمێکی دەستنیشــانکراوی پێغەمبەر و وەلییەکانی بەو بەهرەیە گەورە کردووە و ئێمەی بێ بەش و ناچیزە کردووە؟*
*ئەگەر عەشــق هەتاو بێت، خۆری گەشــی ئەو ئاســمانە بێت، ئەوا خۆر خــۆی لــە دار و بــەرد و دەروونــی هەمــوو کەســێک دەدات، نەوەک تەنیا تاقمێکی بەشــەر، باشــە ئەگەر مانگ و ئەســتێرەکان، لە بەرامبەر هەتــاودا غەرقی ڕووناکی عەشــق بوون و ســەرتاپای لەش و گیانیان لە هەتاو غەرق بوو، ئەو دەمە تۆ ئاوێنەیەک لەبەرامبەر ئەســتێرەیەک یان بەشــەرێک دانێ و پێی بڵێ لەو ئاوێنەیەدا تماشــای خۆت بکە، تۆ ئەستێرەیت یان بەشەریت یان هەتاو؟*
*دیــارە وەڵامی ئەو پرســیارە، هەروەک وەڵامەکەی (حــەلاج) دەبێت و هاوار دەکات: (من هەقم!)*

قوربان لێرەدا، نامەکە تەواو دەبێت.
ئەوە قســەکانی ئەو نامەیەن، کە ســوهرەوەردی، هەمان بۆچوونەکانی حــەلاج دووبارە دەکاتەوە، گەورەیشــمان دەزانێت کە کوشــتنی حەلاج چ جیهادێکــی گەورەبــوو لە پێناو خودا و ئیســلامدا، من دەزانم شــای گەورەمــان دەزانێــت باپیــرە گەورەکانمان لە کاتی کوشــتنی حەلاجدا چییان گوت، بەڵام باش دەبێت ئەو خوانەناسە، ئاماژە بۆ سوهرەوەردی دەکات، کــە لە ســایەی جەنابتدا، گیانی پارێزراوە، بیــری بخەمەوە کە حەلاجیــان کوشــت، زانایانمان چییان گوت: تەڵەکەبــاز و جادووگەر و خوانەناس و کافر و زەندیق بوو، ئەم زاتەیش دێت و جارێکی دیکە بە چیرۆک و وڕێنەکانی، تەڵەکە و جادووی ئەوان دووبارە دەکاتەوە.
فەقیهێکی دیکەیش، کە لە دیمەشقەوە هاتبووە حەلەب و تایبەت بۆ ئەم ڕوونشــتنە هاتبوو، هەڵیدایێ: شــێخ شــەهابیش لەم نامەیەیدا، (خودا و ئیســلام و پیرۆزی لە یەک جیادەکاتەوە!) ئەوەیش کفر و زەندەقەیە و کوشتنی حەڵاڵە.

هەر دیســان مەلایەکی دیکە، ئەویش لە دیمەشــقەوە بەتایبەت هاتبووە

ئەو دیوانە، گوتی: گەورەم! ئەو شـێخ شـەهابە، کە بە کنجرەوە خۆی دەکات بە دیوانی جەنابتان، کە دیوانی سـەلاحەدینی تێکۆشـەرە، خۆی دەکات بە مزگەوت و کۆڵانەکانی حەلەبدا، وەک شـێت وڕێنە دەکات و ئەخلاقـی گەنجانمـان تێک دەدات، دەیوێ پێتان بڵێت: منیش عاشـقم و عەشـق پیرۆز نییە و پەیوەندیی بە خـودا و پێغەمبەرەوە نییە، دەیوێ بۆتان بسـەلمێنێت، کە گەنجە هیچ و پووچەکانیش دەتوانن عاشق ببن، ئەگەر وێنەیان، جەستە و ڕۆحیان لە عەشق ختم بوو، دەیوێ بڵێ ئەی گەنجینە، ئێوەیش دەکرێ ببنە پێغەمبەر و دنیایەکی دیکە دروست کەن، تەنانـەت خودایەکی دیکە، پەیـدا بکەن! دەیوێ وەک زەندیق و کافرێکی حەلاج لە خشتەیان ببات و چارەنووسیان بکاتە ئاگری دنیا و جەهەننەم. دەبێ ڕێ لەم شـێخە تەڵەکبازە بگردرێت، بـۆ ئەوەی گەنجەکان گوێی لێنەگرن، ئەوە ئەخلاقیان تێک دەدات و بە کوشتنیان دەدات.

شێخ شەهاب، لەسەرەخۆ بە فەقیهەکەی گوت: کاکی خۆم! خودا ئەوەندە بـێ دەسـتەڵات نییە، خۆی و ئیسـلام و پیـرۆزی تێکەڵ بـکات! خودا دەتوانێ منیش و تۆیش و ئەو گەنجانەیش عاشـق بکات! خودا ئەوەندە دەستەوەستان نییە نەتوانێت جیهانێکی دیکەی باشتر دروست بکات؟

– واتە خودا دەیتوانی جیهانێکی باشتر دروست بکات؟!

– سنوور بۆ هێزی خوا نییە و دەیتوانی و ئێستایش دەتوانێت!

– واتـە خـودا کەمتەرخەمـی کـردووە، لـە دروسـتکردنی جیهانـدا؟ ماندووبووە و شتەکانی بێ سەروبەر خستوونەتەوە؟!

– خودا دەیتوانی شتەکان باشتر ئاوا بکات.

– ئەمە کفر و زەندەقەیەکی ئاشکرایە.

– ئەوەی تۆیش تێنەگەیشتن و نەناسینی خوایە! تۆ خوا ناناسیت.

– تۆی خوانەناس وا بە من دەڵێی؟!

کە شـا هەستی کرد، ئاراستەی مەسەلەکان، دەگاتە شوێنێکی توندوتیژ هەوڵیـدا، دانشـتنەکە خـاو بکاتـەوە و گوتی: حـەز دەکەم، لـە جیاتی تاوانبارکردنی یەکدی، بەڵگە و پرسیار و وەڵامەکانتان بخەنە ڕوو.

فەقیهەکە، کە تۆزێ لەسـەر چۆکەکانی خۆی بەرز کردبووەوە و پشتی قیـت کردبوو، عەباکەی ڕێک بەسـەر سـینگ و زگیـدا هاتبووە خوار، تۆزێ پشـتی چەماندەوە و زگی قۆپاندەوە نێـو هەناوی خۆی، ڕووی

لە شـێخ شەهاب کرد و گوتی: خوا دەتوانێت پێغەمبەرێکی دیکە، دوای مەحەممەد، بنێرێت؟!
شـێخ ، بزەیەکی هاتێ و زانی ئەو مەڕمەڕە ڕەنگاوڕەنگانە، کە هێشـتا پەیژەیەک بە پەیژەکاندا، بۆ ناسـینی خودا و هەقیقەت سەرنەکەوتوون، ناتوانن ئەزموونێکی ڕۆحی ببینن. بۆیە پێی گوت: من لە سـایەی شاوە گیانم پارێزراو نییە، من ڕێبوارێکم خدووم بە خوداوە گرتووە، ئەویش بـە گەورەیی خۆی حاڵی تومەئنینەی پێ بەخشـیوم، من گیانم داوەتە دەسـت دەسـتەکانی پەروەردەگار، من بەریم لە خەڵک و لە شـا و لە ئێوەیش. من هەمیشە بە دڵم خودا دەبینم و ئاگام لە کردەوەکانمە، نێزیکم لە خوا و بە پەرستن و زیکرەوە تا دێ لێی نێزیکتر و نێزیکتر دەبمەوە. خۆشەویسـتی خـوا داگری کـردووم و وەکوو حەلاج خۆشـم دەوێ. من هەموو ئەو دەقە ترسـناکانەم خوێندوونەتەوە، کە پەروەردگارمان بۆ ئەوە نووسـیونیەتییەوە تا هەمیشـە بیرمان بێت، زاهید بین و ڕێی خـوا بگرین. ئەو کاتە ئێمە میهرەبانی و لێبووردەیی خوا دەبینین. ئەو کاتـە وەکو حەلاج دەروونمان جۆش دەدات بۆ ئەوەی بگەینە شـەوقی گەورەی خۆشەویسـتیی گەورە. من چ ئارەزوویەکم لەم دنیایەدا نییە، تەنیا ئەوە نەبێت هەموو ئارەزووەکانم لە پێناو عەشـقدا بسووتێنم. من لە ئاسـتانەی خودادا نەبێت لە چ ئاسـتانەیەکی دیکەدا، ئۆقرە ناگرم، نە ئاسـتانەی سـەلاحەدین ئەیوبی و نـە کوڕەکەی، کە لـە نێوماندا وەک ئەزیزێک دانیشـتووە و شایەدی ئەم باسـەیە. من دەمێکە دەمەوێ دڵم لە خۆشەویستیی خوادا بسەکنێت و دڵنیاییم بخاتە ڕۆحەوە، من قایلم بەو بەشەی خوا پێی داوم. هەم لە ڕێی زانیاری و هەم لە ڕێی کەشف و دیتنـدا، هەمیـش لە ڕێی هەقی یەقیندا مـن گوومانم نەماوە، کە خودا دەستەڵاتی بێ سنووورە.
فەقیهـەکان دوای ئـەو قسـانە، هاواریـان لێ هەڵسـتا: دەیـوێ دوای مەحەممەد، ببێتە پێغەمبەرێکی نوێ. کوشتنی حەڵاڵکرا!!

* * *

لێرە بەدواوە، چیرۆکی شـێخ شـەهاب، بە خێرایی کۆتایی هات، دوای فەتوای فەقیهەکان، سـەلاحەدین فرمانی دا، بکوژرێ، چونکە پێویسـتی

بە پشــتگری دەستەڵاتی دینی دیمەشــق و حەلەبەوە هەبوو، کوڕەکەی ترساند بەوەی ئەگەر نەیکوژێت، ئەوە لە سەر تەختی لادەبات.
زاهیر، تەنیا ئەوەی کرد، کە شــێخ ڕێی مردنی خۆی دەستنیشان بکات، ئەویــش گوتی: فڕێمــدە ژوورێکەوە، با لە برســان و لــە تێنوان، وەک سۆفییەکی لەخوا ترس بمرم.
شــێخ شــەهاب کوژرا، ســەلاحەدین شــەڕەکانی بەردەوام بوون، شــا زاهیریش بەردەوام لە دیوانەکەی ترێی کوردستان و هەنجیر و سێوی دەخوارد و بەفراوی بەسەردا دەکرد.

❊ ❊ ❊

دیاربوو ماوەیەکی باش تێپەڕیبوو، من کەشـــکۆڵەکەم لەســـەر مێزەکە دانابـــوو و لـــە جێی خۆم ســـەرم بەســـەر مێزەکـــەدا لار بووبووەوە و خـــەو بردبوومبییەوە، لەگەڵ هاتوچوونی کوڕەکـــە بەئاگاهاتم، بۆ چەند چرکەیەک چاوەکانم هەڵگلۆفتن و تماشـــایەکی دەوروبەرمم کرد، تەنیا خۆم لە چایخانە بووم، خەوەکەم کە نەمزانی کاتەکەی چەندبوو، تۆزێ ئارامـــی و وزەی بە جەســـتە بەخشـــیبووم، کەشـــکۆڵەکە هەر لەســـەر مێزەکەی پێشم بوو، کوڕە گوتی: جامێ شەڕابی سوورت بۆ بێنم؟

گوتـــم بێنە. کەشـــکۆڵەکە و ســـوهرەوەردی و ئەیوبـــی و کابرای زەرد و خـــۆم و ڕووداوەکان و عەتـــار و ژنەکـــەی دوکانی عەتار و یاقوب و مریەم و خاوەن چایخانەکە و کەســـەکانی دیکە، وەک ئەوەی لە خەونم دیبـــن، لە مێشـــکمدا کۆبووبوونەوە، چی ئەو هەمووانـــە کۆ دەکاتەوە؟ چی من بەوان دەبەســـتێتەوە و چی ئێمە بەو هەبوونە و بە ژیان گرێ دەدات؟ شـــەڕی قـــەڵات و کوژرانی ئەو هەمـــوو خەڵکە و ڕۆحی دژمن و جەنـــگاوەرەکان و بۆنەکان، بۆنی ڕێحان و ئاوســـبوونم و ژنەکان و منداڵەکان و چارەنووسم، من جەنگاوەرم یان پادشا؟ پیرەمێردەکەم یان

ڕۆحی دەسگیرانم؟ باخەکەی ڕێحانی کافوری... عەتارەکە... ژنەکە باڵای زۆر بەرز بوو، لە ڕێحانێکی کافوری بەژن بڵندی دەکرد، هەناسەیەکم بەردا و ویستم بۆنی هەناسەی خۆم بکەم، بۆنی ڕێحان بوو، بۆنێکی سووک، زوو بە هەوا بڵاوبووەوە، خوێن دەگەڕایەوە لەشم، دوای ئەوەی هەستم دەکرد هەمووی لە سەرمدا کۆبووەتەوە. خوێن دەهاتە خوارەوە، نێو سپییەکانم، دڵم کاری خۆی ڕێک دەخستەوە، تماشای پەنچەکانم کرد سپی هەڵگەڕابوون. دەستم بۆ لاملم برد، جێی برینێکی لەسەر بوو ، بەڵام هی ئەوەنەبوو، بایەخی پێبدەم، لەشم دەخورا، جلەکانم تۆزاوی بوون، تماشایەکی خۆم کرد، وەکئەوەی لەمێژ بێت خۆم نەدیبێت، حەزم کرد لەو دەمەدا ئاوێنەیەک هەبووایە و روخساری خۆمم تێدا دیتبایەوە. ڕەنگە ئێستا ڕەنگم زەرد بووبێت وەک کابرای کوتاڵ یان کابرای زەرد کە گەڕایەوە دەشت، کابرای زەرد؟ خۆی کوتایەوە نێو مێشکم...

کوڕەکە هاتەوە و بادیە شەڕابێکی سووری لە پێش دانام. گوتی: کا تامی کە بزانە چۆنە؟

تۆزێ بادییەکەم شەقاند و بەرزم کردەوە بن کەپووم، بۆنێکی خۆشی لێهەستا، کەمێکم خستە دەمم و بەملاو بەولای شەویلاگەکانم داهێناو قووتم دا، تامێکی تفت و تۆزێ قورس رژایە نێو گەروومەوە.

کوڕە گوتی:

- شەڕابی شیرازییە، خەییامیش زۆری لەوە خواردووەتەوە.
- خۆشە، بەراستی بەتامە.
- نۆشی گیانت بێت.

کابرای زەرد لە دەشتەکەدا، یەکەم شەوی بە ئاسوودەیی بەسەر برد، لە نێو تەپ وتۆزی دەشتدا، چاوی لە ئاسمان دەبڕی و بیری لە تەمەنی دەکردەوە کە بەدووی کوتاڵدا خەرجی کردبوو: (هەر کەسێکە و شتێک ڕۆحی داگر دەکات، کەسێک پارە، کەسێک ژن، کەسێک کورسی و دەسەڵات، کەسێک سەفەر، کەسێک خودا، کەسێک هەقیقەت، منیش کوتاڵ!... ئێمە لەم دەشتە زەردەدا بۆچی دەمانەوێت ڕەنگەکان داگرمان بکەن؟ بۆ بە زەردیی رازی نەبووم و دواتریش لە دەست ڕەنگەکان

هەڵاتم؟ هەڵاتم و دوای چلوچوار ساڵ گەڕامەوە بۆ هەقیقەتی خۆم، بۆ ڕەنگی خۆم، ئێستایش دەبێت جارێکی دیکە بەو ڕەنگە زەردەوە بە دنیا وەرببمەوە، بەڵام لە پێناو هیچ نا، تەنیا لە پێناو خۆم و هەقیقەتی خۆمدا. ئێستا شتێک نییە راست بێت و شتێک نییە هەڵە بێت، نە خەتابارم و نە پاڵەوان، تەنیا خۆمم، خۆم و ڕەنگی زەردم، دنیاش ئاوا جوانترە، منیش ئاوا جوانترم!)

پیاوی زەرد لە خەویدا، هەستی دەکرد بۆتە حوشترێکی زەردی لەشسووک، بەو دەشتەدا دەسووڕێتەوە و بەدوای مێیەکدا دەکاتە غار و دەیگرێت و مێیەحوشتریش نازی بەسەردا دەکات، بەدەوریدا دەسوڕێتەوە و ڕێی هەڵاتنی لێدەگرێت و بەئاسانی سواری دەبێت.

بە ئاگا دێتەوە و زیاتر ڕوو دەچێتەوە نێو منداڵیی خۆی، هاوار دەکات: (ئێستا لەنێو منداڵیی خۆمدام نەوەک لەگەڵیدابم!) هەست دەکات، ئەو سەردەمێکە لەگەڵ منداڵیدا ڕێ دەکات، نەوەک لەنێو منداڵییدا، (ئای کە جیاوازە!) هەست دەکا کەیفخۆشە، خەنی دەبێت و هاوار دەکات: (من حوشتری زەردم، حوشتری زەردی منداڵیی!) قاقا پێدەکەنێت و بەو دەشتەدا غار دەدات و دەڵێن تا ئێستایش ئەو کابرایە زەردە، هەر غار دەدات و هاوار دەکات: (من حوشتری زەردی منداڵیی خۆمم!)

قومێکی دیکەم لە شەڕابەکە دایەوە، خاوەن چایخانەکە بە کۆخەکۆخ گەیشتەوە سەر کورسییەکەی بەیانی لەسەری دانیشتبوو.

رووی لە من کرد: (میوانی ئازیز لەوە دەچێت ماوەیەک نووستبی؟!)

– نازانم چەند نووستووم، بەڵام خەوم لێکەوت و هەست دەکەم لەشم ئارام و ئاسوودە بووەتەوە.

– میوان، هەموو شتەکان پەردەپۆشی دژەکانی خۆیانن.

– کەشکۆڵەکەم خوێندەوە. سوهرەوەردیش بۆنی هەقیقەتی گرتبوو!

– ئەوە کەشکۆڵی راستییە، (سورە) قوربانی بم، گەنجییتیی خۆی پێشکەش بە هەقیقەت کرد.

– ئەو گەیشتە هەقیقەتی خۆی، منیش دەمەوێت بگەمە یەقینی خۆم.

– یەقینی تۆ چییە؟

– دەمەوێت بە ڕێحانزادە ئاوس ببم، یان راستتر دەبێت پێی ئاوس

بیم.
– بۆ دەبێت؟!
– قەدەری منە، چارەنووسی جەستە و ڕۆحمە، لە پێناو شوێنێک کە دوای ماوەیەکی دیکە پەیدا دەبێت.
– ناشوێنەکان؟ ئای میوان ناشوێنەکان؟! کە دەگەیتە ناشوێنەکان ئیدی تۆ لێرە نیت!
– دەزانم من لێرە نابم، چونکە ئێرە شوێن نییە، ئەو شوێنەیش پەردەپۆشی ناشوێنە.
– بڕۆ میوان بڕۆ، ئەگەر ڕێت ناشوێنە نزات بۆ دەکەم، (سورە) دەستت بگرێت و پشتت بەرنەدات.

هەستامەوە و کەشکۆڵە شینەکەم هەڵگرت بیدەمەوە پیاوەکە.
گوتی: میوان بڕۆ بیبە، لەگەڵ خۆتی بەرە، تۆ شایانی ئەوەیت ئەو کەشکۆڵە لەگەڵت بێت، یاوەرێکی باشی تۆ دەبێت و با لەگەڵ تۆیش بگاتە ناشوێنی خاوەنەکەی.
بێ ئەوەی هیچ پارەیەکم لێ وەربگرێ، چایخانەکەم بە جێهێشت و بە هەمان ڕێدا لەگەڵ کەشکۆڵە بەرگ شینەکە، گەڕامەوە لای عەتار.
ئێوارە داهاتبوو، دوکاندارەکان خەریکی هەڵگرتنی کەلوپەلەکانیان بوون. عەتارەکەیش لە بنەبانی دوکانەکەی هاواری کرد: (یاخوا بەخێر بێیتەوە!) هاتە پێشەوە و گوتی: (وەرە دانیشە.)
کیسەتووتنێکی لە دەست بوو، دیاربوو حەشیش و تووتنی تێکەڵ دەکرد، کە تەواو بوو. سەری کیسەکەی بەستەوە و خستییە بەر پشتی، بە پەڕۆکێک دەستەکانی هەڵگلۆفت و لە تەنیشتم دانیشت: میوان، چیت کرد و لە کوێ بوویت؟
– لە چایخانەیەک دانیشتم و دواتریش خەوم لێکەوتبوو، لەو چایخانەیە زیاتر هیچی دیکەم نەدیت و نەچوومە هیچ شوێنێک.
– تۆ پێویستت تەنیا بە یەک شوێنە لەم شارەدا، ئەی میوان منیش ئەمشەو دەتبەمە ئەو شوێنە.
– چ شوێنێکە؟
– ئەوەی تۆی بەدوایدا دەگەڕێی، هەرچەندە من دڵنیا نیم لەوێ کارت

مەیسەر دەبێت یان نا، بەڵام من دەتبەمە نێو باخێکی ڕێحانی کافوری و لەوێ دەتوانی بە دڵی خۆت لەنێو ئەو باخەدا بگەڕێیت و ڕێحان بگریت و بخۆیت و کچێکی بۆن ڕێحانیشی لێیە لەگەڵی بنوویت.
- منیش هەر بۆ ئەوە هاتوومە ئەو شارە و عەتارێک پێی گوتم، لێرەدا لە ڕێی تۆوە دەگەمە ئەو شوێنە.
- ئـەرێ عەتارەکان دەزانن، من چیم لە دەسـت دێ. سـەرچاو میوان ئەمشەو دەچینە (چیای هەوەس).
- چ چیایەکە؟
- چیـا نییـە، ماڵێکە پڕە لە کچی جوان و کـوڕی جوانیش، ئەگەر حەز بکەیت لەوێ دەتوانی شـەڕاب بخۆیتەوە و گوێ لە مۆسـیقا و گۆرانی و شیعر بگریت و دواتریش لەگەڵ کچێک دەستبازی بکەیت و بنوویت، بـەڵام تـۆ دەبێت لە گەڵ ڕێحان بچیتە باخی ڕێحان و لەوێ چت دەوێ ئەوە بکە.

هەموو ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی دواییم بە یەک چرکە هاتنە بەرچاو و ون بوون، ئێستا دوای شەڕ و کوژرانی ئەو هەموو خەڵک و ڕۆیشتنی زیاتر لە بیست شەو و ڕۆژ، دەگەمە باخی ڕێحان و لەوێ ئاوس ببم؟ دڵم خۆشـبوو، بەڵام ترسیشـم هەبوو لەوەی کە لەوێ چ ڕوودەدات؟ نەوەک دیسـان تووشـی ڕۆیشـتن و گەڕانی دیکە ببم و ئاوس نەبم و خەونم نەیەتەدی؟ بەڵام دەبێت بچم و بزانم لەوێ چ دەکرێت؟

باخێکـی لێیە پڕی ڕێحان و گـوڵ و گوڵزارە، کچێکی لێیە ناوی ڕێحانە و چیرۆکێکی سەیری هەیە. بۆنی ڕێحان و هەمووجۆرە بۆنێکی خۆش لەو ماڵە هەیە، هەسـتە با ئەو شـتانە فڕێدەینە ژوورەوە و بەڕێبکەوین تا دەگەینێ دنیا تاریک دەبێت، کاتژمێرێک ڕێیە.

# کاتژمێرێک بە ڕێوە

بە بەردەم چایخانەکەدا تێپەڕین، پیرەمێردەکە لەوێ نەمابوو، کوڕەکەیش دیار نەبوو، هەر بە پێوە ڕۆیشتین و ئەسپەکەم بەدووی خۆمدا رادەکێشا، عەتار لە قەدەر تەمەنی خۆی هێشتا گورجوگۆڵ بوو. (ئەی دۆست، سەیرە! تۆ لەوسەری دنیاوە هاتوویت تا لێرە ئاوس بیت، رێحانیش هەر دیسان لەوسەری دنیا هاتووە، منیش لەوسەری دنیاوە هاتووم، کەواتە سێ کەس پێکدەگەن هەر یەکەیان لە سەرێکی دنیا هاتووە، من تازە فێرە دانیشتن بووم، ئەگەر نا جاران بەردەوام دەگەڕام، دەگەڕام و دەسووڕام و ماڵێکیش نەبوو بچمەوە ناوی، بەڵام پێش ئەوەی دەست بە گەڕانەکانم بکەم، مرۆڤێکی ئاوا ڕەوەندە، نەبووم، نا منیش ماڵ و خۆشەویستم هەبوو، ئای میوان چ خۆشەویستێک؟! هێشتا بیست ساڵ نەدەبووم، حەزم لێیکرد، کچێک بوو بەقەد سێو جوان بوو، چەندی دەمکرد بۆم رازی نەدەبوو، سەدان جار بە قسەی خۆش و دیاری و عەتر و شاڵ و خەناوکە و ئەو شتانە هەوڵمدا سوودی نەبوو، گۆرانیم بۆ دەگوت و مۆزیکم بۆی دەژەنی سوودی نەبوو، شیعرم بۆ دەخوێندەوە، کەشکۆلی نایابم بۆ پەیدا دەکرد، هەر سوودی نەبوو،

بیــرم کــردەوە بچمە چیــا و دواتر بێم بیدزم، بەڵام ئەوەیشــم پێنەکرا، خۆشم دەویست دۆستەکەم، شەو نەبوو بیری لێنەکەمەوە، ڕۆژ نەبوو بۆی نەســووتێم، بەدەیان و سەدان جار. تووتن و حەشیشم بەخەیاڵی ئــەو ســووتاند، تا ڕۆژێک پێم گــوت خۆم دەکوژم! کەچــی بێ منەتانە گوتی کەیفی خۆتە، من زیاتر بۆی ســووتام و تا گوتم: (ئەگەر سێویت بۆت دەبمە کرمێکی سپی؟!) بڕوابکە میوان دوای ئەو ڕستەیە ئەو کچە گۆڕا و خۆشەویستی لەگەڵ کردم، ئەو کات نەمدەزانی زەبری وشەکان چەندن لەســەر دڵــی دەزگیرانەکەم تا ئەو دێــڕە نەفرەتییەم نەگوتبوو، بەڵام لەوە بەدواوە بووینە دوو عاشــقی مارئاسا، هەر یەکسەر ماڵمان دانا و ســوێندت بۆ دەخۆم ئەی دۆســت، ســاڵێک لە ماڵێ دەرنەکەوتم و هــەر لەگــەڵ ژنەکەم بووم، خەریکی شــەڕاب و تێکئالان و شــیعر و موزیک و تووتن و حەشیش بووین، ساڵێک چ ساڵێک، نەمانزانی هاوینە، زســتانە، یان بەهارە و یانژی پاییــزە، دنیا لە لای ئێمە هەمووی بەهار و فێنکایــی بوو، قەت نە ســەرمامان بوو نە گەرمــا، قەتیش نە خۆمان داپۆشی و نە خۆمان دایە بەر با، ژیان لەوێ جەستە بوو، یان جەستە ژیــان بوو، ئەی دۆســت من قەت وەک ئەو ســاڵە نەژیاوم، جەســتەم تێکەڵــی جیهــان و گــەردوون و ژیــان بووبوو، یان ئەو شــتانە تێکەڵم بووبوون، بیرکردنەوە گەیشــتبووە نزمترین ئاســتی خــۆی و تەنیا بە جەستە لەگەڵ خۆشەویستەژنەکەم، ژنەخۆشەویستەکەم دەمکرد، ژیان جەســتە بوو، ئەو سێوێکی ســوور بوو، منیش کرمێکی سپی لە نێویدا دەهاتــم و دەچــووم و دەمخوارد، تەنانەت هەموو دنیا بووبووە ســێو و منی کرمیش دەمخوارد، لەوە خۆشــتر نەبوو و ناشــبێت مرۆڤێک لە خۆشەویستیدا ببێتە کرمێک و دنیا ببێتە سێوێک و بیخوات.

ئەی دۆســت، تا ســاڵێک لەو ماڵە دەرنەکەوتــم و دەرنەکەوتم، ئەویش هەروا ساڵێک دەرنەکەوت، بە تەنیا لە ماڵەوە بووین، تەنیا ئەوساتانەی میوانێــک یان ئەزیزێک ســەری دەداین ئەگەر نا، ئاگامــان لێنەبوو کێ ســەری کــێ دەبڕێ و کێ ســەرۆکە و کێ وەزیر و کــێ گزیرە و کێ شەڕی بردەوە و کێ شەڕی دۆڕاند. دوای ساڵێک لە ماڵ دەرکەوتم و کەوتمەوە سەر ئیش و کارکردن و نان پەیدا کردن، ئەو ساڵەی لە ماڵەوە دانیشــتبووم، لە ســایەی دایک و باوکمدا دەژیام، بێ کار پاڵمدابووەوە

و تەنیا عەشــقم دەکرد، ســاڵێک بوو تەمەنی هەموو پادشاکانی دەهێنا، تێگەیشتنم بۆ ئیش و بۆ ژن و بۆ عەشق و خۆشەویستی و تێکەڵبوون و مــاڵ و ژیــان و وزە و ڕۆح و ئازادی زۆر شــت گۆڕا، یان راســتتر گەشــەی کرد، ئــەو ژنــەم وای لێکردم، بــە مانای مــەراق مەراقی بم، رۆژ نەبــوو تێکــەڵ نەبین و یەک تێر تێر مــاچ نەکەین و ئارەقەی یەک نەخۆینەوە، لە هەموو ســوچێکی ئەوماڵەدا هەوەســبازیمان دەکرد، لە باخەکەیش زۆر جار تێکەڵی یەک دەبووین، تلیاک و تووتن و شــەڕاب و سەرخۆشــی و سەرمەستی و شــیعرخوێندنەوە و دەیان سیپارەمان لــەلا بوون بــۆ یەکمان دەخوێندنەوە، تەنانەت چەند شتیشــمان پێکەوە نووســی، من ئەگەر ژیانی خۆم حســێب بکەم، ئەوە تەنیا ئەو ســاڵە بە ئیرادەی خۆمەوە بە هەقیقی ژیاوم.

ســاڵی دووەم و ســێیەمم، بــە عەشــق و خۆشەویســتییەکی گەورەوە بەڕێوەچــوو، تەنیا ئەوەندەم کار دەکرد نانی پێ بکڕم و کاتەکانی دیکە زوو بگەڕێمەوە لای ژن و دەســگیران و مەعشوق و جیهانەکەم، چەند ســەفەرمان پێکــەوە کرد و شــار و گوندان گەڕاین و لــە زۆر رووبار و دارســتان و دەشتمان دا، قســەکانمان تەواو نەدەبوون، هەقایەتەکان کۆتایی نەدەهاتن. جیهانمان پڕی وشــە و قسە کردبوو، هەر لەو وشە و قسانەیش جیهانێکمان دروست کردبوو، رۆژانە بەدەیان جار خۆمان قوربانی یەک دەکرد و بۆ یەک دەمردین و ژیانمان دەکردەوە بەر یەک، مــن لە بیرکردنەوە و لێکدانەوە و پرســیار و گومان تەواو بووم، وەک ئــەو جەنگاوەرە بــووم کە قەڵایەکی داگر کردبێت و ئێســتا کاتی ئەوە هاتبــێ تەنیا چێژ لە ســەرکەوتن و قەڵاتەکــەی وەربگرێت، منیش ئیدی مێشــکم بــەوە مژوڵ نەبوو چۆن بگەمە دەســگیرانەکەم یــان بیر لەوە بکەمــەوە، عەشــق چییە یان ژیان چییە یان جیهــان لە کوێوە بۆ کوێ، من تەنیا بە جەســتەم لەو عەشــقەدا لەو ماڵەدا دەژیام و ژیانم دەکرد، بۆیە فەلسەفاندن و بیرکردنەوە نەمان، ژیانم بووە هەبوونێک لە خۆیدا و لــە ئیرادەمــەوە خۆم دەدیت و لە خۆمدا ئیرادەی خۆمم بەرجەســتە دەکرد، ئیدی ئەو ژنە بووە هەبوون و تێیدا ختم بووبووم، ختم بوونێک کــە چێژێکی گەورەی دەدامێ، هەموو شــتەکان بە رێکوپێکی دەچوونە پێشەوە، منداڵێکمان بوو، بەڵام هەتا ئەویش هیچی لە هەست و سۆز و

خۆشەویستی من نەگۆڕی بۆ ژنەکەم، وەلێ بۆ ئەو نا، منداڵەکەم بووە خۆشەویستـترین کەسـی ئەو و من دووهەمین، بـەڵام بۆ من ئەو هەر یەکەم کەس بوو، لەو ماوەیەدا دەستم بەر هیچ ژنێک و کچێک نەکەوت، ئەگەر چی دەرفەتی رابواردن و هەوەسـبازیم زۆر بوو، بەڵام ژنەکەم بووبووە بەربەسـت لە بەرامبەر بیرکردنەوەیشـم لە عەشق کردن یان تەنانـەت جەسـتەگۆڕینەوە لەگەڵ ژنێکـی دیکە، لە سـاڵی چوارەممدا، رەوشـەکان گۆڕان، قسـەممان کەم بووەوە، هەقایەتەکان خەریک بوو تـەواو دەبوون، بیرکردنەوە خەریک بوو دەگەڕایەوە نێو مێشـکمان و گومان و پرسیارەکان دەستیان پێکردەوە، هەستم کرد خەریکە گەف لە قەڵاتەکەم دەکرێت و پێویست بوو، بیر لە بەرگری بکەمەوە، ئەمەیشیان بـۆ من ئازار بوو، هـۆکارەکان، مەترسییەکانیشـم نەدەزانین لە کوێوە سەرچاوە دەگرن، بۆ تاقەتی قسەی نەماوە؟ بۆ زوو دەخەوێت و تێکەڵم نابێت و بڕوبیانوو دەگرێت؟ بۆ وەکجاران خۆی جوان ناکات و شیعرم بۆ ناخوێنێتەوە، یان کە من بۆی دەخوێنمەوە خەوی لێدەکەوێت، دەستی کرد بە گۆڕینی خانوو، بە گۆڕینی رایەخ و شتی نێوماڵ، گۆڕینی کاتی ئێش و خەو و خواردن، وەستانی سەفەر و گەڕان و بە دنیا وەربوون. شـتەکان دەگۆڕان و دەرکەی قەڵاتەکەم خەریک بوو دەشکا، دەشکا و نەمدەتوانی رێی لێبگرم، تا رۆژێکیان گەڕامەوە ماڵ و نە ژن و نە منداڵ نەمابوون، رۆیشتبوو ئەی دۆست.

سـیگارە تووتن و حەشیشـەکەی کە دەمێک بوو پێیـەوە خەریک بوو، خسـتییە نێوان لێوانی و دایگرسـاند، لەوەتەی دەستی بە قسە کردبوو، تماشـای نەکردبووم، بەدەم رۆیشتنەوە تماشـای پێشەخۆی دەکرد و قسەی دەکرد.

تماشـایەکی کـردم و دەسـتی پێکـردەوە: رۆیشـتبوو، ئـەی دۆسـت رۆیشتبوو، لەگەڵ کەسێک، پیاوێک کە لە هیچ روویێکەوە لە من باشتر و رێکوپێکتر نەبوو، نزانم من وای دەبینم، نە دەوڵەمەند بوو بڵێم لەبەر پارەکەی، نە گۆرانیبێژبوو بڵێم لەبەر هونەرەکەی، سـوارچاکێکی واش نەبـوو بڵێم هەوەسـتی پێهاتووە و حەزی کـردووە مێردەکەی پاڵەوان بێت. نایشـزانم پیاوەکە چەند عاشقی بووە؟ من هیچم لەگەڵ ئەو پیاوە نەبـوو، نـە لـە دوور و نە لـە نێزیکەوە، نـە بە باش و نە بـە خەراپ.

بەدوویـــان کەوتـــم و دوای دوو شـــەو رۆژێـــک لە بناری چیـــا گرتمن، گرتمن و هەردووکیان خۆیان هاوێشـــتە بەر پێم و دەســـتیان بە گریان کرد، من تەنیا ویستم لەوە بگەم کە بۆ ئەم شتە روویدا؟ باوەڕ کە ئەی دۆســـت، نەمتوانـــی رقم لێی بێتەوە، ئەوەم پێ ناخۆش بوو کە لەســـەر پێڵاوەکانـــی منـــدا بگرییێت و داوا بـــکات، نەیکوژم، رقم لێـــی نەبووەوە، بەڵام لەوەیش گەیشتم کە دنیای من رووخا، فانتازیای من تێکوپێکچوو، تازەیش ناگەڕێتەوە دۆخی جارانی خۆی.
پێکەوە هەر ســـێک دانیشـــتین و بە چاوی گریانەوە کەوتنە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆشەویســـتیان، ساڵێک دەبوو، حەزیان لە یەک کردبوو، بۆچ نەمویســـت بزانـــم بۆچ؟ ئا نەمویســـت، من زوو بـــە پیاوەکەم گوت، من پەیوەندیم بە تۆ و دنیای هەست و سۆزی تۆوە نییە، من تەنیا گوێ لە ژنەکەم رادەگرم، نازانم قســـەمان زۆر کرد، کە پێویســـت بوو قسەیش نەکەیـــن، زۆر گریایـــن و زۆر توڕەبووین و زۆر هەڵچووین و زۆریش لە یەک پاڕاینەوە، شـــەوێکی لەعنەتی بوو، تا بەری بەیان قســـەوباس و گلەیی و گازاندە کران، لێ بەرەبەیان تێگەیشتم، سێوەکە کرمی بووە و من کرمیم کردووە، ئیدی ئەو کرمە سپییە نیم کە یارەکەی بۆی دەبێتە ســـێو، خەونـــەکان کرمی بوون، دنیـــام کرمی بوو و ژیـــان کرمی بوو، تێگەیشـــتم قەڵاکەم رووخا و داگر کرا و شکا و هەپڕوون بە هەپڕوون بوو، تەخت و تاراجی کۆشـــکەکەم تێکوپێک شکا و تەواو بوو، ئیدی بە شەق لە فانتازیاکەمدا دەرکرام و دەرکەیەکیش نەما بۆ ئەوەی بچمەوە نێوی، تڕۆ کرام ئەی دۆست تڕۆ!
قســـە نەما، کـــردارەکان هەموو شـــتەکانیان راگەیاند، بە جێمهێشـــتن و گوتـــم ئـــازاد و ســـەرفیرازن، ژنەکەم خـــۆی فڕێدایە بەر پێـــم و گوتی: ئـــەی پیـــاوە میهرەبانەکە چی بکەم؟ گوتم: ناڵیـــن و فیغانی ناوێ، وەک چـــۆن پرسیارکردنیشـــی نـــاوێ، تۆ کردت، تـــازە کاتـــی بیرکردنەوە و پرســـیارکردن نییە، تـــۆ بڕیاری خۆتت داوە، ئێســـتا دەبێت من لە خۆم بپرسم چی بکەم؟
ملی رێم گرت و لەســـەر رۆیشـــتنی خـــۆم بەردەوام بـــووم، باوەڕ بکە ئەی دۆســـت نازانم چەند رۆیشـــتم، رۆیشتم و رۆیشـــتم و رۆیشتم و نەمدەویســـت رێیەکان تەواو بن، ئیدی تڕۆکراوێک بە دنیا وەربووبوو،

نەمدەزانی بۆ کوێ ڕێ دەکەم و دەگەمە کوێ، تەنیا دەمویســت بڕۆم، بڕۆم و بیرنەکەمەوە، ئیدی ئەو ژنەم بۆ من تەنیا ژنێک نەبوو خیانەتی لــە من کردبێت، نەخێر، من تا ئێســتاش نەمگوتووە، خاین بوو، یان بێ وەفابوو، یان هەر ناوێک کە لکەداری بکات، نا، ئەو دنیایەک بوو بۆ حەز و ئیرادەی من، ژیان و ویســت و ئارەزووم بوو، قەڵاکەم بوو، لێ ئەو بە ڕۆیشتنی قەڵاکەمی رووخاند نەوەک خۆی، ئەو ناشیرین نەبوو، ئەو خەونەکانی منی لەبار بردن و ئەو شەوقەی بۆ خۆم دروست کردبوو، نەمــا و بــووە هەوا، بۆیــە لەوێ ڕۆژێوە، بڕوام بــەوە نەما قەڵایەک لە مێشــکی خۆمدا دروســت بکەم و بچم لەنێویدا بژییــم، هەموو قەڵاکان دەڕووخێــن، تەمەنی هەموو قەڵاکان کورتە، کورتە و دواتر دەڕووخێن و ملت دەشکێنێت، خەونەکان نەزۆک دەکات و پیاو دەخەسێنێت.

ئیدی ئەی دۆســت دەرۆیشــتم و قەڵاکەشــم بەرد بــەرد دەکەوتە نێو عەدەمەوە، پێ بە پێ دەرووخا و شوێنەرایشــی نەدەما، ڕۆیشــتم و لە یەکــەم مەیخانــەدا تووتن و تلیاکــم تێکەڵ کردن و لە باوەشــی دەیان ژندا، خۆم ون کرد، ئیدی هەســتم کرد، قەڵایەکم نییە خەمی لێ بخۆم، ئازادبــووم لە دەرەوەی قەڵادا، باوەشــی ژنــەکان بوونە ماڵی بچووک بچــووک و هەر شــەوەی لە باوەشــێکدا خۆم ختمی هــەوەس و لەش و تلیــاک و بۆن و شــەڕاب و بیرچوونەوە دەکــرد، ئەوەندەی پێم کرا، تێکەڵــی ژن بــووم، بەڵام بڕواش بکە ئەی دۆســت، قــەت ڕۆژێک دڵی ژنێکم نەڕەنجاند، ئەوەندەی کارم دەکرد تەنیا بۆ نان و زگ و بن زگم بــوو، بوومە عەتار و بە شــار و کۆڵان و ماڵاندا دەســووڕامەوە، هەر شارێکیش جارێک چووبم جارێکی دیکە پێم تێنەناوەتەوە، سنوورەکانم بڕین و شــارەکانم تەی کردن و دنیا گەڕام، خەمی یەکەمیشم تەنیا ژن و تێکەڵاوبوون بوو، قســەی خۆش و رووی خۆش و شــیعر و شەڕاب و ژن و هــەوەس، بەو ڕێیانەدا بیرکردنەوە بەرۆکی بەرنەدەدام بۆچی و لەپای چی ئەم ژیانە؟ لەپای چی ئەو هەموو قەڵایانەی نێو مێشــک و سەر ئەو زەوییە؟ بەڵام هەمیشەیش بە پەلە بووم بگەمە باوەشی ژنێک و پرسیارەکان و وەڵامەکانم توڕ هەڵدەم و تف بکەمە بیرکردنەوە و لە گومان و خۆماندووکردن، ئەی دۆست بڕیارمدابوو، بژییم بە جەستەی خۆمەوە بژییم و چ قەڵاتی دی لەو کەللەپووتەدا دروست نەکەمەوە. تا

ئێستایش وام کردووە ئەی دۆست، قەڵاتی دیکەم دروست نەکردەوە، زۆرجاریش حەزم کردووە لە قەڵاتێکدا بژییم، یان قەڵاتێک لە کەللەمدا هەبێت و بمژیەنێت، بەڵام سوێندم خواردبوو کە من کەڵکی قەڵاتی دیکەم نەماوە، زۆر جار گریاوم کە بێ قەڵاتم، بەڵام دواتر بە شەڕاب و ژن و تێکەڵبوون چارەی خۆمم دەکرد، ئیدی رۆژان هاتن و رۆیشتن و منیش ماندوو بووم، ماندووبووم و تاقەتی سەفەرم کەم بووەوە، تاقەتی گانیشم کەم بووەوە، دواجار لەو شارەدا نیشتمەوە و وەک هەڵۆیەکی پیر نیشتمەوە، نیشتمەوە بەو ئومێدەی ئەوەی لە ژیان ماوە بە هەوەس و کارێکی سادە و روانینە شتی جوان بەسەری بەرم، حەزم لە بۆن و بخوورە، حەزم لە ژن و شەڕاب و شیعرە، ئیدی بێ ئەوەی بە خۆم ئاگەداربم، ئەوە بوونە قەڵاتی من، ئای دۆست ئاگات لێیە، من نزیکەی چل ساڵ لە قەڵات هەڵدەهاتم و دواتر زانیم ئەوە قەڵاتی منە، ئەوە هەڵاتنمە لەنێو قەڵاتێک کە ئەوەندە گەورەیە سنوورەکانی دیار نین، پیربوون نیشانی دام، جەستەیش قەڵاتێکە و لە کۆتاییدا ئەویش هەپڕوون بە هەپڕوون دەبێت، ئیدی ئێستا خەریکە قەڵای جەستەم دەڕووخێ، دەڕووخێ و شتەکان هەموویان تەواو دەبن، تەواو دەبن وەک ئەوەی نەبووبن، بەلایەنی کەمەوە بۆ من. چونکە نە بڕوام بە زیندووبوونەوە و نە بڕوام بەرۆژی هەستانەوەیە، تەنیا بڕوام بەوەیە جەستەم تەواو دەبێت، کە جەستەم تەواو بوو، خودا و ژیان و هەبوون و جیهانیش بۆ من تەواو دەبێت، ژیان سەفەرێکی حیز بوو، تورەهاتییەک بوو لەنێو قەڵایەکدا، تەنیا ئەو ساتانەم بۆ مانەوە کە چێژ وەربگرم، بڕوا دەکەی یان نا ئەی دۆست، زۆر جار سوپاسی ژنەکەم کردووە کە لە من ئازادتر و ئازاتر بوو؟! منیش قەرزاری ئازادی و ئازایەتی ئەوم، ئەو پێش ئەوەی خۆی ئازاد بکات منی ئازاد و بەڕەڵاکرد، ئەو بۆ یەک چرکە لە من ئازاد بوو، بەڵام خۆی خستەوە بندەستی پیاوێکی دیکە، قەڵایەکی دیکە، وەلێ من بەڕەڵابووم، هیچ قەڵایەک نەیگرتمەوە، تەنیا قەڵای جەستەی خۆم نەبێت، جەستەیش تەمەنی خۆی هەیە، ئیدی لەو تەمەنە کورتەدا، باش ئەوە تەنیا چێژ وەربگرێت، بفڕێت بەسەر هەبوون دا، بەڕەڵابێت و ئاوێتەی جوانی و چێژ بێت، ئەمەیە جەستە، قەڵاتی ژیانی هەر یەک لە ئێمە، ئەگەر ئازادت کرد، ڕۆح خۆی بەڕەڵا

دەکات، لێ ئەگەر توندت کرد، ڕۆحت دەخەسێنێ. جەستە، سەیرە ئەی دۆست، نە غوربەت دەناسێ و نە وڵات، نە حەرام و نە حەڵاڵ، نە دۆزەخ و نە بەهەشت، نە بڕوا بە مێژوو دەکات نە داهاتوو، جەستە تەنیا ئێستایەکە لە خۆیدا، ئەو خۆی خالقی شتەکانە، ئەوەی جەستە دەشێوێنێت بڕوا بکە ژن و مێژوو و غوربەت و دووری و نێزیکی نییە، هیچ شتێک جەستە ناکوژێت و نایخەسێنێت، تەنیا ئەقڵ و بیرکردنەوە نەبن، بیرکردنەوە، پەتای جەستە و ڕۆحە، نەوەک بە پێچەوانەوە، من لە دوورترین وڵات و لە هەموو ساتەکاندا، جەستەم بە هانامەوە هاتووە و ئاسوودەی کردووم، ئەوە ئەقڵە جەستە دەشێوێنێت، کە جەستەیش شێوا، ئینجا غوربەت و دووری و حەڵاڵ و حەرام دروست دەکات، تۆ بڕوانە ڕەبەنێک چی لە من کەمترە، وەک من چاو و گوێ و کەپوو و دەست و پەنچە و هەستی هەیە، وەک من زمان و ددانی هەیە، وەک من گوو دەکات و دەنوێ و هەڵدەستێتەوە، بەڵام ئەو لێناگەڕێت هەموو جەستەی قسەی خۆی بکات، نایەڵێت بۆ نموونە چاوەکانی و بەشەکانی دیکەی جەستەی قسەی خۆیان بکەن، نایەڵێت چاو شیعرێک بڵێت، دەست ئاوازێک بخوێنێت، لەش موزیک و ریتمی خۆی هەیە، ئەگەر ئازادی کەیت ئەوە هەموو جەستە زمانە، تەنیا مێشک نییە تا بە فرمانی خوا یان بتێک یان شتێک و فەلسەفەیەک، قسە بکات. جەستە با قسەی خۆی بکات، ئینجا دەبینی شتەکانی دیکە هەمووی هەڵبەستراو و درۆودەلەسەن، بەڵێ ئەی دۆست، ژیان لە گەمەیەک زیاتر نییە، بۆیەشە دەبینی، دیندارێک ئێستا ڕێ دەداتە پیاو چاو ببڕێتە خوشکی خۆی، وەک منیش سوێی لەوە ببێتەوە کە چۆن ژنێکی وەک ئەوەی لە دوکانەکەی من دیتت، بیدەنە دەست کەسێکی نەناس. بۆیە ئەگەر خۆت بۆ جەستە شل نەکەیت، پرسیار و گومانەکانت، دەتکرۆژن، جەستەت دەکرۆژن، تەنیا مێشکت ناکرۆژن، سنوورت بۆ دادەنێن و نایەڵن بە کەیفی خۆت گووش بکەیت.

ئیدی ئەی دۆست، تۆش لەوسەری دنیاوە هاتوویت و دەتوێت جەستەت ئاوس کەیت. لە پای چی ئەی دۆست تۆ جەستەت ئاوس دەکەیت؟! تۆ مێشکت ئاوسە و ئاگات لێی نییە، وەک ئەوەی مێشکی بە خوشکی ئاوسە، وەک ئەو کەسەی مێشکی بە کورسی و دەستەڵات، ئەوەی بە

سەفەر و ئەوەی بە شیعر و شەڕاب؟ جیاوازییەکان لە کوێوە دێن ئەی دۆســت، من ئەو پرسیارانە بۆ خۆم ناکەم. من دەمێکە لەوە بوومەتەوە و ئێستا لە چیای هەوەست هەموو پرسیارەکان دەخەمە باوەشی ژنێکی نەرمن و ژیکەڵە و چێژدارەوە، بەڵام تۆ ئەی دۆست؟ چی دەکەیت بیر دەکەیتــەوە یان کردار؟ چیای هەوەســت ڕەنگــە دوا مەنزڵگەت بێت و لەوێ ئاوس ببیت بەو ڕێحانزادەیەی دەتوێت و ئەویش دوای تۆ و من دنیا بگۆڕێت. ڕەنگە جەســتەت ئەمشەو ئازاد بێت و بەڕەڵابێت و بگاتە ئەو شــێوەیەی خۆی دەیوێت، پیمخۆشــە جەســتەت بدەیتە بەر خەون و قەڵاتێک کە لەنێویدا هەیە. پیمخۆشــە ئەی دۆســت جەستە بەڕەڵابێت و لەو قەڵاتەدا ســنوورەکان و مــەوداکان فراوانتر و فراوانتر بکات. تۆ ئێستاکە قەڵاتێک دەروخێنیت و قەڵاتێکی گەورەتر دروست دەکەیت. من هیچم نییە بۆ تۆ لە دەستخۆشی زیاتر ئەی دۆست.

ڕێحــان، وەک تۆ بۆنی ڕێحانی هەیە و یــەک لەو کچانەیە لە تەمەنێکی زووەوە لــە چیا بــووە، ئەویش دوای رووخانی قــەڵای چیا، قەڵای نێو مێشکی رووخاندووە و گەیشتووەتە ئێرە، زۆربەی دانیشتووانی چیای هەوەســت، هەڵاتووی چیان، بە پیاو و بە ژنیانەوە، پیاوەکان زۆربەیان خەســاون و ناتوانــن ژنێک بگێن، پیاوی باش و مــەرد و رووخۆش و دەنگخۆشن، موزیکژەنی باش و شیعرخوێنی ناوازەن، ژنەکان، گاندەری ســەیر و ئەنتیکــەن، لەوێ وانەی تایبەتیان هەبــووە و وات لێدەکەن بە جەســتەوە ئاوێتەیــان بیت و دەســتیان لێ بەرنەدەیــت، لەگەڵ هەموو کەسێک و بیانییەک و خۆییەکیش تێکەڵ نابن، ئەوانیش دوای رووخانی قەڵاکەیان هێشــتا هەر یەکە و قەڵایەکی لە ســەردا ماوە. ژنانی ئازادن و تەنیــا لــە پێناو پــارە و ژیان ئــەو کارە ناکەن. ناتوانــی بەوانە بڵێی قەحپە، وەک هەر قەحپەیەکی سووک و چرووک، ئەوانە ژنن ژن! ئیدی دەچینە ئەوێ، ئازاد و بەڕەڵابە، تۆ چارەنووست لە قەڵایەکە، کە لە نێو جەستەت دایە، جەستەت قەڵاتی تۆیە.

ســیگارەکەی تەواوبووبــوو بــە لا لێوییەوە، چاوەکانی تــەڕ و تەماوی بووبــوون لەگــەڵ دوکەڵی تووتن و حەشیشــدا، ئەی دۆســت ســەرم ئێشاندی، هەردووکمان دەچینە چیای هەوەست، ئەوەی دەمانباتە ئەوێ جەســتەمانە. مــن دەزانم کە دێمــە دەرەوەیش هــەروەک خۆمم، وەلێ

تـۆ ئیدی لەوێوە ڕەنگە بۆ دواجـار بگۆڕێیت. بگۆڕێیت و نەبیتەوە ئەو کەسـەی ئێستا. سەیرە ئەی دۆسـت، ژیان و تۆ و من و ئەو ژنانەیش سەیرین!

پـاش بێدەنگییەکـی کـەم، گوتـی: مـن ماندووبـووم، ئەگەر سـواری ئەسپەکەت نابی، با من سەرکەوم، ئەو سەرکەوت و منیش ڕەشمەکەم گرتبوو، لەسەر پشتی ئەسپەکە بێدەنگ بوو، منیش تاقەتی قسەم نەبوو، دەمویست زوو بگەینە چیای هەوەس، لەوێ زوو ڕێحان ببینم و بزانم چیم پێدەکرێت، ئومێدم بوو، جەستە و ڕۆحم لەو ئازارە ئازاد بن، کە هەنجن هەنجنیان دەکردم، دەمویسـت ئاوس ببم، جەسـتەم دەیویسـت ئاوس بێت، شـتێک بوو پەیوەندیی بە مێشـک و بیرکردنەوە و فەلسەفاندنەوە نەبـوو، ئاوسـبوونم ئەو قەڵاتـە بوو دەبوایە جەسـتەم داگری بکات و بچێتـە نێوی و بـە چێژەوە لێی دابنیشـێت و تامی ئاوسـبوونی خۆی بکات، ڕێحانزادە لەو جەستەیەدا دروست ببێت و وردە وردە جەستەم گەورە بکات و هەڵیدەفێنێت، ڕێحانزادە لەنێو سـکمدا، دەسـت و پەل و سـەر و گوونی بڕوێت و هێدی هێدی ببێتە مرۆڤ، ئەو کاتە جەسـتەم دەبێتـە خۆی. ئازاد و بەڕەڵا دەبێت. شـتەکانی دیکەیش دواتر لەسـەر دەسـتی ڕێحانـزادە ڕوودەدەن و گـەورە دەبن و دەبنـە مێژوو، ئیدی مێژوونووسـەکان چی سەبارەت بە جەسـتەی من دەنووسنەوە کێشە نییـە، چی سـەبارەت بە ڕێحانزادە دەنووسـنەوە، ئەویـش گرفت نییە، جەستە مێژووی خۆی دروست دەکات نەوەک بە پێچەوانەوە، ئیدی لە دووریی یار و پادشا و باخەوانی شار و پیرەمێردی کتێبخانە و تەرمی سـوورگوڵ و خوێنە لینجەکەی، ئەوشـۆ ڕەنگە ڕێحانزادە لە جەستەی مـن یەکەم تۆی خەلق بێت. ئیدی ئەوشـۆ جەسـتە دیرۆک درووسـت دەکات.

دەڕۆیشـتین و مـن ئومێدی زیاتـرم هەبوو، بەوەی دوای ئەو بیسـت ڕۆژە، ڕەنگە دەگەمە دوا مەنزڵگە و ئاوسبوونم دەبێتە هەقیقەت. ڕەنگە، ئەم ڕەنگبوونە ختووکەی جەسـتەی دەدام، ختووکەی زگم، ختووکەی پشت و هەموو لەشم.

دەڕۆیشـتین و بێدەنـگ بۆرەتاری ئێوارەیەکمـان دەبڕی کە ڕەنگە دوا ئێوارەی نەزۆکی نێرێک بێت، ئیدی دوا ئێوارەیە کە تێیدا وەک جەنگاوەر

دەڕۆم، دەگۆڕێمە سەر چ ئاوسێک؟!
ئەو بێدەنگ لەسەر پشتی ئەسپەکە دووکەڵ و بۆنی تووتن و حەشیشەی بــە با وەردەکرد، منیش دەســتم لەســەر زگم بوو و بەنێــو بۆرەتاردا جەستەم ڕەت دەکرد.

# چیای هەوەست

ئـەو لە پێـش من بە ژوور کەوت و لە سـڵاوی مەیگێڕ و سـاقییەکان دیاربـوو، ناسـراوە لـەو ماڵەدا، جێیەکیـان لە بنەبانێ بـۆ کردینەوە و لەسەر زەوی دانیشتین، چیای هەوەست، هۆڵێکی گەورە بوو، خەڵکێکی زۆری تێدابوو، بۆنی بخوور بە توندی دەسووتا، بۆنی شەڕاب و تووتن و حەشـیش و تلیاکیش دەهات، لـە قوژبنێکی هۆڵەکەدا، کەمانچەژەنێک و تارژەنێک دانیشـتبوون و ئاوازێکی عاریفانەیان دەژەنی، دوو پیاوی بەتەمـەن بـوون، یەکەمیـان ئەوەی کەمانچـەی لێدەدا تەمەنـی رەنگە لە سـەرووی پەنچا سـاڵەوە دەبوو، تارژەنەکەیش لـە چل زیاتر بوو، هەردووکیان ریشـێکی درێژ و پرچێکی درێژیان بەردابۆوە، جلەکانیان سوور و رەش بوون، لەسەر زەوییەکە بەرابەر یەک لە دووری مەترێک دانیشـتبوون، رەنگـە نێزیکـەی سـەد کەسـێک ژن و پیاو بـە تەمەنی جیاوازەوە گوێیان لێدەگرتن و هەمووشـیان شـەڕابیان دەخوارەدەوە، تووتنیان دەکێشا، کوڕ و کچێکی گەنج کە سەریان خستبووە سەر یەک بـە قووڵی گوێیان گرتبوو، کوڕە چەند فرمێسـکێک لەسـەر روومەتی دیاربوون و کچەیش چاوی بڕیبووە پەنچەی تارژەنەکە. پیرەمێردێک لە

نێزیــک ئەوان کچێکی زۆر گەنجی لە باوەش گرتبوو و لە لای خۆیەوە بــە پەنجەکانی ماچی بــۆ مۆزیکژەنەکان دەنــارد، کابرایەکی کەڵەگەت بە تەنیا دانیشــتبوو جامی شــەڕابەکەی بەرزکردەوە و بە خۆشیی ئەو دووکەســە جل رەش و سوورەوە پێکەکەی هەڵدا. رووناکیی ژوورەکە کز بوو، مەیگێڕ و ساقییەکان بە بێدەنگی دەهاتن و دەچوون و خزمەتی میوانەکانیان دەکرد، عەتار بە چپە پێی گوتم: کاتی ئاوازە، لێرە هەموو بە بێدەنگی گوێ لە موزیک دەگرن.
تارژەن سەری بەرزکردەوە و بە چوارینەیەکی خەیام وای کرد ئەوەی پێکی لەدەست بێت بەرزی بکاتەوە:

زۆری وەکــو مەی قەزا و قــەدەر چاند و دروون
بێهــودە چداگــرم خەمــی بــوون و نەبــوون؟
پیاڵێکــی پــڕم لــە بــادە بــۆ تێکــە وەخــۆم
هەرچــی دەبــوو بێ و ببێ هەمــوو هاتن و بوون

مەیگێــڕ بگــە پێــم لــە بــێ مەیــی ماررووتــم
تــوورم بــدە کوپــەوە لــە دووریــت ســووتم
گــۆڕم لــە پەنــا رەزان بکۆڵــن. رەزوان
هەڵبەســتێ لــە پەلــک و داری مێــو تابوتــم

ئینجــا کەمانچەژەنەکــە ســۆلۆیەکی پڕ ســۆزی لێدا، کە پێــم وایە هەر میوانێکــە و بە خەیاڵ بۆ ئەو شــوێنە رۆیشــت کە حــەزی لێیە، کچێک لــە باوەشــی پیاوێک بــوو، بە کوڵ گریــا کە ژەنینەکەی تــەواو کرد و کەمانچەکەی دانا ، ژنە هەســتا چوو نێوچەوانی کەمانچە ژەنەکەی ماچ کرد، ئەویش بە نەرمی دەســتی ژنەکەی راموســی و لە دوورەوەیش سڵاوێکی بۆ کابرایەکە نارد و ئەویش بە حورمەتەوە هەر بە دانیشتنەوە خۆی بۆ چەماندەوە.
کچێکی گەنج جلێکی زۆر تەنکی لەبەر بوو، گۆشــتی لەشــی و تەنانەت مەمــک و سینگیشــی تێــدا دیاربوو، ئەگــەر هاتبــا و ژوورەکە کەمێک

ڕووناکتر بووایە، ئەوە لەشـــی زۆر بە جوانتر دەبینرا، پرچێکی ڕەشـــی قەترانی هەبوو و هەمووی بۆ ســـەرەوە بردبوو، لە پشـــتەوەیش وەک کلکی ئەســـپ بەسەر پشـــتیدا شـــۆڕبووبووەوە، چەند ئەنگوستیلەی لە پەنجەدا بوو، ســـێ تا چوار خەناوکەی لە ملدا بوو، تەمەنی سی و پێنج ســـاڵێک دەبوو، چاوەکانی زۆر بە خەستی بە کل ڕشتبوون، دووچاوی ڕەشی گەورە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا نەیتوانیبوو لۆچەکانی بن پێڵووی بە تەواوی بشـــارێتەوە، بە هێمنی پرســـیاری کرد: (بە خێر بێن، چیتان گەرەکە میوانانی ئازیز؟) تماشـــایەکی منی کرد و بزەیەکی کرد، منیش هەر بە  هێمنی گوتم، شـــەڕابی ســـوور و بزەیەکم بۆی کردەوە. عەتار هەر وا داوای شەڕابی سوور و هەندێ فستق و باوی و گوێزی کرد. ئەمجارە تارژەنەکە چریکاندی :

وەرە مەیگێڕ منم گەر دەتەوێ مەســـتێکی خەمبار
وەرە بڕژێنـــە ســـەرم ئـــاوی تـــرێ، کەفـــی هەنار
تەمـــەن ڕۆیـــی، گەییە پەنچـــا بە گومـــان و هاوار
وەرە بمبـــە بمخـــەرە نێو نەقەبـــی دوو مەمکی یار

چێـــژم بـــدێ کـــە مـــن مەســـتی جەســـتە و ماچم
بمکـــوژە خۆ مـــن دەمێکە حەلاجم لەســـەر خاچم
لەسەر سینەت من خاوەنی هەم تەخت و هەم تاجم
بۆیـــە تـــا نەمکـــوژی گـــەر تـــۆ نەچـــی مـــن ناچم

تـــەڕم کە بـــە خونـــاوی ڕەزی لێوی مەســـتانەت
بـــا بفـــڕێ بۆنی ڕزیوی لەشـــی من لە ئاســـتانەت
بمخـــەرە نێو گەرمایی ئەو باســـک و دەســـتانەت
لـــەوێ گۆرانی بڵێـــم و بڵێی ئای لەو هەســـتانەت

گێـــژم کـــە بـــە بۆنـــی ڕێحانـــی هەناســـەت
کڕنۆش دەبەم لە ئاســـتانەی جوانی و قەداســـەت
چیـــم داوە لـــە دیـــن، لـــە خـــودا و لـــە قیامـــەت
مـــن تـــۆم هەبـــێ وێرانەیە تەخـــت و ســـەڵتەنەت

من تماشـــای کەمانچەژەنەکەم دەکرد، کە فرمێسک بە چاوانیدا دەهاتنە خــواریێ، ئــەو دوو کابرایە زۆر ســەیر بــوون، دیتم ئەوان، لــە دڵەوە بــە ڕۆح ئەو ئامێرانە دەژەنن نەوەک تەنیا بە جەســتە، هەســتم دەکرد ئاوازەکان لە دڵی ئەوان دەرژێنە نێو ئامێرەکان نەوەک بە بەرەواژی.
بە چپە بە عەتارم گوت: بەراستی ئەوانە موزیکزانن؟!
– بــەڵام ئــەوان هەموو جار دەڵێن ئێمە هیچ لە موزیک نازانین، ئێمە بە موزیکژەن مەناسن!
– چۆن، لەوە زیاتر؟!
– ئەوان رایان وایە، جارێکیان لێرە بووم ئەو پیرەمێردە، کەمانچەژەنەکە، گوتی بە هیچ شــێوەیەک بــە ئێمە مەڵێن موزیکــژەن، ئێمە دەژەنین بۆ ئەوەی ببینە مۆزیکژەن، مۆزیکژەن نین تا بژەنین؟!
– ئەها...
مــن تێگەیشــتم ئەو دوو کافــری مۆزیکە، لە کوێی ڕۆح و جەســتەیان خەریکی موزیکن؟!
کچەکە هاتەوە و شــەڕابی ســوور و ئەو شــتانەی هێنا کە من و عەتار داوامان کردبوو، لە پێشــی داناین و بە ئەســپایی کشــایەوە دواوە، لە نێزیک ئێمەوە وەستا، جامەکانمان پڕکردن و یەکەم پێکمان هەڵدا.
ئەوجارەیان کەمانچەژەن، هەڵیدایێ:

ستایش بۆ دڵ، کە دەزانێت دوای تەنیایی تۆ دێیت
ستایش بۆ ئەقڵ کە تێدەگات عەشق هەقیقەتە
ستایش بۆ پەنچەکانم کە دەزانن مەمکت کانی چێژە
ستایش بۆ لێو کە دەزانێ تامی ماچت لە بەهەشت شیرینترە
ستایش بۆ سینە کە دەزانێ بە بۆنی تۆ با دەگەڕێ
ستایش بۆ چاو کە دەبینێ یەقین لە تۆ سەرهەڵدەدا
ستایش بۆ دەروون کە دەزانێت پیرۆز تۆی و تۆی پیرۆزی
ستایش بۆ تۆ ئەی یار، ئەی دەسگیران، کە پێم دەڵێی ئەمن خوام!

هەمــوو چەپڵەیــان بۆ لێــدا و ئەویش بە ســەرچەماندنەوە، سوپاســی کردن.

کابرایەک هەستایەوە و دەستی کابرا و کەمانچەکەی ماچ کرد و شتێکی چرپاندە بن گوێی، ئەویش سەرێکی بۆ راوەشاند، کابرا گەڕایەوە شوێنی خۆی و دانەنیشت، هەر بەوەستاوی مایەوە، کەمانچەژەن سۆلۆیەکی خەمبار خەمباری دایێ، کابرا چاوەکانی داخستن و دەستەکانی پان کردنەوە، بەدەنگێکی زۆر خۆش، چڕی:

چیایەک هەبوو، پڕ لە باخ و پڕ لە ماچ
کوریکەکان و گوڵەکان ئاویان رادەمووسی
رووبارەکان تاشە بەرد و بەردیش خۆی لە خاک هەڵدەسووی
هەڵۆ ئاسمانی دەلاواندەوە
ئاسمان هەوری بە دیاری دەدایە شینایی
بولبول بە مەستی گۆرانی بۆ درەخت دەچڕی
دار بۆ نەسیم دەبووە سێبەر و بینایی
خاک لە ناخی خۆیدا وشەی دەدایە مرۆڤ
مرۆڤیش بە عەشقەوە دەچووە ژوان
لە ژوانێدا یاری بە ماچ مەست دەکرد
یاریش بەناز عەقڵی لەسەر دەردەکرد

چیایەک هەبوو لەوێ ژیان وەک ئاسمان رەوان و
ڕۆحیش وەک باران تەڕ بوو
چیایەک هەبوو لەوێ مرۆڤ بە کامی دڵ دڵداری دەکرد و
بۆ خۆشیی خۆی سەمای دەکرد

چیایەک هەبوو لە لووتکەیدا هەوری سپی ماچی دەڕژاند
هەڵۆی هەبوو ئاوازی قارەمانانی دەخوێند

لە بناریدا گیای شینی بەهارانی هەر چواروەرزان لێ شین دەبوو
بۆنی گوڵان و هەتاوی سیحری جوانی قەت لێ ئاوا نەدەبوو
چیایەک هەبوو، هەموو رێیەکی دەچووەوە سەر خۆشەویستی
هەموو جۆگەیەکی دەگەیشتەوە دڵ، ئاخ چیایەک هەبوو
چیایەک هەبوو چیایەک هەبوو

کابــرا زیاتــری پــێ نەگووتــرا و دایە پڕمــەی گریان و لــە جێی خۆی دانیشتەوە و ژنێک کردیە باوەشی و لەگەڵی گریا،
تار ژەن بۆی تەواو کرد:
چیایەک هەبوو، چیا نەبوو، ماڵی خوا، هەیوانی فریشــتە و ئەشــکەوتی پێغەمبەر بوو
چیایەک هەبوو لە دامێنیدا لەگەڵ درەختەکاندا جوانی لێ شین دەبوو
لەگەڵ بارانی، عەشق دەباری
لەگەڵ کانییەکانی، سۆزداری دەتەقی
لە ڕێگەکانیدا ئازایەتی دەنگی دەهات
لە لووتکەیدا قارەمانی خۆی دەخستە دەست و بازووەکان
چیایەک هەبوو، چیایەک هەبوو، چیایەک هەبوو
لەو ڕۆژەوەی ئێمە دەڵێین چیایەک هەبوو
چاوەکان هیچ شتێکی دیکە نابینن
دڵەکان هیچ شتێکی دی هەست ناکەن

هەموو چەپڵەیان بۆ لێدا و ئەویش بە گەرمی جامەکەی بەرزکردەوە و شەڕابەکەی خواردەوە، کەمانچەژەن دەستی بە چڕین کردەوە.
تا ئەو ساتە کچە جل تەنکەکە، ڕاوەستابوو و سینییەکەی لەدەست بوو، کە گۆرانی چیا تەواو بوو، ئاهێکی هەڵکێشــا و ســینگی بەرز کردەوە و بایەکی لە ســینگ هاتە دەر بۆنی ڕێحانی هەبوو، ئینجا بەرەو پێشــەوە ڕۆیشت.
عەتــار هــەر بە چپە گووتی: (ئــەوە ئەو ڕێحانەیە کە باســم کرد، کاتی خــۆی لە چیا بــووە، لە قەڵات. بۆیــە هەموو جار لەگــەڵ گۆرانی چیا، دەوەســتێت و گوێ دەگرێ و ئاە هەڵدەکێشێ. زۆربەی ئەوانەی لێرەن شتێکیان لەگەڵ چیادا هەیە.)
- ئەم گۆرانییە زۆر دەگوترێ؟
- چیا، گۆرانی زۆرە.
- ئەی ئەو ڕێحانە چی لەگەڵ چیادا هەیە؟
- یەک  لە کچەکانی ئەوێ بووە.

– ئەها... زۆر لەوێ ماوەتەوە؟
– تا چیا گردرا ئەو هەر لەوێ بووە، ئەو و ئەو کەسانەی دەربازیان بووبوو و هەڵاتبوون، هەر یەکەیان بەلایەکدا گرساوەتەوە، زۆرێک لەوانەی ئێرە بە پیاو و ژنەوە لەوێ هەڵاتوون. خاوەن ماڵەکەیش هەر لەوێ بووە، ئەو پیاوەیش، ئەوەی گۆرانی چیای چڕی هەر لەوێ بووە، مۆزیکژەنەکانیش هەر لەوێ بوون... دەتوێت زوو لەگەڵ ڕێحان دەست پێ بکەیت؟
– بەڵێ.
– دەکەواتە دەبێت بچم قسەی لەگەڵ بکەم.
عەتار هەستاو ڕۆیشت و چاوم لێبوو، ژنێک باوەشی بە عەتاردا کرد و ئەویش چاو و رووومەت و دەست و پەنچەکانی ماچ کردن، بە پێکەنینەوە قسەی بۆ کرد و بانگی ڕێحانیشی کرد، هەر سێکیان پێکەوە چوونە پشت پەردەیەکەوە، کە نەمزانی لە پشت ئەو پەردەیەوە چی هەیە، لێ مەزەندەی ئەوەم کرد، ژووری ئەو ژنە بێت کە ماچی کرد، نێزیکەی چارەگێکیان پێچوو، دواتر پیرەمێرد پێش هەموویان هاتەوە و لە دوورەوە بە زەردەخەنەوە هاتەوە تەنیشتم و دانیشت.
ئێستا ڕێحان دێت، ڕێحان لە پشت پەردەکە هاتە دەر و بە خەندەیەکەوە چاوی بڕییە لای ئێمە، عەتار ئاماژەیەکی بۆ ڕێحان کرد، کە بێتە لامان، هات و دۆستەکەم هەر بە چپە پێی گوت، ئەوە میوانەکەیە وەک پێم گوتی لە دوورەوە هاتووە، لە تۆ دەگەڕێت و وەک تۆ بۆنی ڕێحانی هەیە. دەیوێ ئاوسی بکەیت!
تماشایەکی کردم و یەکسەر هەر بە چپە گوتی: (کا لێوەکانت ماچ کەم؟)
خۆی هێنایە پێش و لێوەکانی مژیم.
(ڕاستە بۆنت ڕێحانە.) تماشای دۆستەکەی کردمەوە و گوتی: ئەوە میوانی خۆمە، مام عەتار، من دەزانم چی لێدەکەم؟! بەسەر چاو میوانی ئەزیز. تماشای کردم و چاوەکانی تەڕبوون، فرمێسک لە چاوی قەتیس ما و دەستی درێژکرد و گوتی: (هەستە ئازیز با بڕۆین.)
من بیرم لەسەر فرمێسک و کراسە تەنکەکەی و چیلچیلەی مەمک و بۆنی ڕێحانەکەی بوو، بەڵام پێم سەیر بوو کە ئەو یەکسەر توانی

کارەکەی بە جێبێڵێت و بمباتە ژوورەکەی.
– من دەتوانم هەموو کاتێک لەگەڵ میوانان بم، یەک لەو کچانەم کە هاتمە ژوورەکەم چەند کچی تر هەن دەتوانن لە شوێنی من خزمەتی میوانان بکەن. فەرموو میوان، پێش هەموو شتێک جلەکانت داکەنە با بۆتیان بشۆین، کە من و تۆیش تەواو دەبین، جلەکانیشت وشک دەبنەوە، چەند کاتت دەوێ لەگەڵت بم؟
لە ژوورەکەی لەسەر قەنەفەیەکی سوور دانیشتم و چاوم بە ژوورەکەدا گێڕا، ژوورێکی جوان و دڵڕفێن بوو، رووناکییەکی زەردی جوان لە ژوورەکەدا دەرژا، کە جەستەی زیاتر و جوانتر دیاربوو، چیلچیلەی مەمکەکانی بە ئاشکرا دیاربوون، رەنگیان زەردێکی تێکەڵ بە قاوەیی بوون، مەمکەکانی سپی بوون، لە یەکەوە دوور بوون و نەقەبی مەمکەکانی بە تەواوی پێش چاو بوو، گوتم : (تا ئاوسبوون کاتم هەیە.)
لە سندوقێکی ژوورەکەیدا، دەستێک جلی هێنایە دەر و گوتی: (زۆر باشە، ها ئەوە لە جیاتی جلەکانت بکە بەر) شەڕواڵێکی رەش و کراسێکی سووری وەک هی موزیکژەنەکانی دامێ. (دەچم سەرەتا سەرشۆ ئامادە دەکەم و هەندێ شەڕاب دێنم. تۆ جلەکانت داکەنە) ئەو دەرکەوت و منیش جلەکانم داکەندن، شەڕواڵ و کراسەسوورەکەم لەبەر کرد، لەسەر قەنەفەسوورەکان دانیشتم و هەستم بە ئارامی و ئاڵۆزی دەکرد، خۆشی و ترس، ژوورەکەی شۆقێکی زەردی نەرمی هەبوو، چەند چرا لە ژوورەکان دەسووتان، سێ چرا لەسەر سێ دیوار هەبوون، چرایەک لەسەر مێزی خۆرازاندنەوەی بەرابەر بە ئاوێنەیەکی گەورە، چرایەک نێزیک تەختی نووستنەکە، تابلۆی ژنێکی رووتی زۆر جوانی لە بەرابەر تەختی نووستنەکە هەڵواسیبوو، ژنێک بوو وەک ئەوەی تازە لە سەرشۆ هاتبێتە دەرەوە و بە رووتی لە ئاوێنەیەکدا تماشای خۆی دەکرد، تابلۆکە لەسەر مافورێکی ئاوریشمین دروست کرابوو، خاکی زەوییەکەی بە مافوورێکی رەنگ سوور و شینی گوڵگوڵینی تەورێزی راخستبوو. لەسەر دیوارەکان و هەندێ چراشی لەسەر زەویدا دانابوون، پەنچەرەی ژوورەکەی قەپات بوو، چووم کردمەوە، دنیا تەواو تاریک بوو، بۆنرێحانێکی زۆر خۆش و توند هاتە نێو کەپووم و سینەمەوە،

لە ژوورەوەیشدا بخوری ڕێحان دەسووتا، هاتەوە ژوور و تماشایەکی جلەکانی کردم، گوتم: (هەر کەمانچەیەکم کەمە!)
پێکەنینێکی نەرمی کرد و گوتی: (زۆرم پێخۆشـــە، دوای ماوەیەکی زۆر بۆنرێحانێک ببینمەوە.)
ســـینییەکەی دەستی کە دەســـکێ ڕێحان و شەڕاب و جامەکانی لەسەر بوون، لەســـەر تەبڵەیەکی نزم دانان، کە لە بەر پێی تەختی نووســـتنەکە بوو. گوتی: (وەرە لێرە دانیشین.)
– تماشـــای دەرەوەم دەکرد لە پەنچەرەکەوە و گوتم، بۆنی ئەو ڕێحانە لە کوێوە دێ؟
– ئێســـتا شـــەوە و باش دیار نییە، ئەوە بۆنی ڕێحانی باخی کافوورییە کە ڕێک ئەو ژوورەی من لەســـەری دەڕوانێ. کـــە ڕۆژ بێتەوە دەبینی، چ دەشـــتێکی ڕێحـــان لەبەر پێمانە. بـــەڵام وەرە دانیشـــە میوان، جارێ خۆتم پێ بناسێنە، بزانم چیرۆکی تۆ چییە، بۆچی دەتەوێت ئاوس بیت؟ یەکەمجارمە ببینم مرۆڤێکی نێر بیەوێت بە ڕێحانزادە ئاوس بێت، ئەوە چ چارەنووسێکە بۆت هەڵبژێردراوە؟
– من کێشـــەم لەگەڵ چارەنووســـم نییە، بەڵکو جەستەم ئەوەی دەوێت. ئەوەیان شـــتێکە لە دەســـتەڵاتی بیرکردنەوە و هزرینـــی مندا نییە، ئەوە ویستی جەستەمە.
– لە کوێوە هاتووی؟
– لە دوورەوە. ڕەنگە بیســـت ڕۆژەڕێ بێت، دوای شـــەڕێکی سەخت و کوشتن و خوێنڕشتنێکی زۆر.
– پێتـــەوە دیارە، دەزانم ئەو سەروســـیمایانەی دوای جەنگ دەربازیان دەبێـــت و هەڵدێـــن، چۆنن. بۆ من دیارن، تـــا ماوەیەکی زۆریش مرۆڤ ناتوانێت بیانشـــارێتەوە. منیش پێش چەند ساڵ، مانگێک زیاتر هەڵاتم تا گەیشتمە ئێرە.
– بەڵام من لێرە نامێنمەوە، دەڕۆم.
شەڕابێکی دا دەستم و گوتی: (بەخۆشیی دەربازبوونت.)
منیش بەرزم کردەوە و فڕێکم لێی دا.
– هەستە با سەرەتا بتبەم جوان بتشۆم و لە قڕێژی ڕێ و تۆزی شەڕت پاک بکەمەوە، هەستە با جەستەت پاک بێت و ئاسوودە بێت.

دەســتی گرتم و بەرەو سەرشۆی بردم، سەرشۆ بۆنی ڕێحان و تەمی ئاوی گەرم و بخوور و مژێکی تەنک بوو، بە خۆی جلەکانی داکەندم و رووتی کردمەوە، خستمیە نێو ئاوێکی گەرم و کەفاوێکی ڕێحاناوییەوە، لەنێویدا درێژبووم و تەنیا سەرم بەدەرەوە ما، کراسە تەنکەکەی فڕێدا و خۆیشــی بەنەرمــی هاتە نێو کانیــاوە گەرمەکەوە، ســەرەتا بە بادیە ئاوێکی مسین دەستی کرد بە تەڕکردنی پرچ و سەروچاوم، چەند بادیە ئاوی گەرمی پێداکردم، ئینجا بەدەســکە ڕێحان کەفاوی لە جەستەم دا، باسکەکانم، گەردەنم، روومەتم، سینگم و زگ و گەڵوگوون و ران و پێ و تا پەنچەکانم، بە نەرمی ڕێحانی بە جەستەدا دەخشاندم و هەناسەی دەهاتە نێو کەپووم و دەچووە سینەم، تماشای روخساریم دەکرد، چاوە رەشــەکانی جوان و گەورە بوون، گەردەنی درێژ بوو، ســەری لووتی کەمێک بەرزببۆوە، لەشی گۆشتن و پتەو بوو، دڵۆپەئاو دەنیشتنە سەر پرچــە بادراوەکــەی بۆ پشــتەوە، کلێکی زۆری دانابوو، بــن پێڵوەکانی هەنــدێ لۆچــی کەوتبوونێ، باســکەکانی درێــژ و توندبوون. ســینگی کەمێــک بەرزبوو، لەگەڵ جوڵانەوەی دەســتەکانی مەمکەکانی بەنەرمی دەهەژانەوە، وردە وردە ئەویش زیاتر تەڕ دەبوو، ئاو لەســەر ســینگی و مەمکەکانی دەخلیســکا و تێکەڵ بە ڕێحاناوەکە دەبووەوە، هەناسەی ڕێحانــی لەگەڵ هەژانەوەکانیدا توندتر و خۆشــتر دەبوو... ئینجا گوتی: کا پشــتی خۆتم تێکە. مل و شــان و بن کەوش و پشــت و قون و پێ و لاق و لەتەرم، خۆی بە پشــتمەوە نووســاند و سینگ و زگ و بن زگی بە ڕێحان کەف دەدام، گەرمایی مەمک و دەســت و پەنچە و هەناســە ڕێحاناوییەکانــی هەموویان دەهاتنە جەســتەم، خۆم خاو خاو کردەوە، ئەوجارەیان گوتی: خۆت بســوڕێنەوە و رووی خۆتم تێکە. منی خستە نێو باوەشی و کەوتە کەفدانی پشتم، سەری خستبووە سەر لاملم و لە پێشــەوەیش ســینگ و مەمکی تێکەڵ بە سینگ و مەمکی من کردبوون، پێیەکانی خستبوونە سەر پێیەکانم و لە کۆشم دانیشتبوو و کەفی دەدام، دواتر پرچی کەف دام، کەفی دام و سەری خستمە نێو کەفاوی ڕێحان، ئارەقە و قرێژی چەند ساڵەم فڕێدەدا، هەستم دەکرد لەشم دەکرێتەوە، کونیلەکانی لەشــم فراوان دەبن و دەتەقنەوە، پاک دەبمەوە، هەســتم بە چێــژ و پاکبوونــەوە و گەرمی و بۆنی لەش و هەناســەی ئەو دەکرد و

ئومێدم زۆر بوو لەشم ئامادەبێت بۆ ئاوسبوون، پرسیارم کرد:
- چیرۆکـی تۆ چییـە ڕێحان؟ چۆن گەیشـتبوویتە چیـا و لەوێ چیت دەکرد؟ چەند ساڵ لەوێ بوویت و سەرهاتەکانی ئەوێت چ بوون؟
- تۆ پرسیاری چی دەکەیت؟ پرسیاری هەموو ژیانم دەکەیت!
بـێ ئەوەی لە کەفدانم بوەسـتێت، تماشـایەکی خێرای کـردم و چاوی کەفدام، گووتی: (ئێستا هیچ دەبینی؟)
- نا هیچ نابینم.
- منیش چاوی خۆم لە بەرابەر رابردووم کەف داوە، هیچ نابینم.
- چاوەکانـم کردنەوە و گوتم، بەڵام ئێسـتا دەبینـم، تۆیش چاوەکانت بکەوە.
- چیرۆکێکی درێژە ڕەنگە شایانی گێڕانەوەیش نەبێت.
- مەرج نییە. من پێویستیم بەو چیرۆکەیە.
لە کەفدانم وەسـتا و لە کۆشـم هاتە دەر، کشـایە دواوە، لە بەرابەرم پشتی بە دیواری کانیاوەکەوە دا و پێیەکانی درێژ کردن و خستنیە نێو پێیەکانم و لە بەرابەرم راکشا.
- حەزت لێیە گوێت لە چیرۆکی من بێت؟
- بێگومان. گرنگیشە بتناسم. چونکە تۆ ئاوسم دەکەیت.
بـا بچم شـەڕابەکە بێنم، هەر بە تەڕی هاتە دەر، بـە هەڵم و هاڵاوەوە چوو شـەڕابەکەی هێنا، بۆنی ڕێحان سەرشۆی پڕ کردبوو. دانیشتەوە و ڕێحاناوەکەی شـڵەقاند، بوتڵەکەی دا من و خۆیشی بادییەکی مسینی لە دەست گرت.
- مـن کەنیزەکـی پیاوێکی دەوڵەمەندبووم، لە سـێزدە سـاڵییەوە منی کڕیبـوو، لـە یەک لە شـەڕەکان گـردرام و وەک کەنیزەک لـە بازاڕی کەنیزەکەکانـدا پارەیەکـی باشـی پێـدام، پێش ئەوە سـەربازێک دوای ئەوەی باوک و براکەمی کوشت، لە کچێنی خستم و لە ماوی هەفتەیەکدا ڕەنگە نزیکەی شـازدە جار توخنم کەوت، هەناوی دەرهێنام و نەمردم، کە دامیە دەسـت پیاوەکە، توانای راوەسـتان و ڕۆیشتنیشـم نەمابوو، گچکـە بووم، تـازە گەندەمـووم هاتبوون و پیاوەکەیـش کە منی کڕی پەشـیمان بووەوە و تێگەیشت کە پارەکەی هاویشتووەتە گۆمێک. بۆیە کـە گەیشـتینەوە ماڵەوە، یەکسـەر توخنم کەوت و خـۆی پێ ڕەحەت

کردم و تفێکی لێکردم، گوتی: دوو کیلۆ گۆشـــتت پێوە نییە، قەحپە ئەو پارەیەم بۆ پێدایت؟ لە ژوورەکە بەجێی هێشتم و لە هۆش خۆم کەوتم، نازانـــم چەندی پێچوو، کاتێک دەســـتێک منی راچڵەکاند و هەڵیســـاندم، پیاوێکی دەموچاو پێچراوبوو، بە دەست ئاماژەی دامێ کە دەنگ نەکەم و بە ئەســـپایی بەگەڵی بکەوم، خەنجەرێکی بە خوێنی لە دەســـت بوو، ئاراســـتەی کردم و بـــە بێدەنگی بە ترس و لەرزەوە هەســـتامەوە و بە پێشـــی کەوتم، لە ژووری دانیشـــتندا بینیم کابرای کڕیاری من ســـەری لێکراوەتـــەوە و لەنێو گۆمێکی بچووکی خوێندا کەوتووە، لە هۆش خۆم چوومەوە، کە خەبەرم بووەوە، لە بەر ئاگرێکی گەورەدا پاڵکەوتبووم و کابرایەکی گەنجی جوانیش لەولاوەتر لە بەرابەر ئاگرەکەدا دانیشـــتبوو، هەندێ خواردنی بۆ هێنام و ئاوی دامێ، تاقەتێکم هاتەوە بەر، پرســـیم: (تۆ کێیت و چیم لێدەکەیت؟)

ئەو پرسیاری لێکردم، لەمێژە لەماڵی ئەو کابرایە بوویت؟

– نا ئەمڕۆ منی کڕیبوو.

– باشە فریا نەکەوت لێت بخوا! بە سزای خۆی گەیشت.

– نەمناسی ئەوە کێبوو؟ بۆ کوشتت؟

– پیرە سەیەکی پیس بوو، هەقی کوشتنی هەبوو و فرمانم پێکرا لەنێوی ببەم.

– کێ فرمانی پێکردی؟

– کاتی ئەو قسانە نییە.

هەستایەوە و لێم هاتە پێشەوە، گوتی:

– هیچ بەرەنگارییم نەکەیت، خەنجەرەکەی دەرهێنا و لەسەر زەوییەکەی دانا، ئەگەرنا وەک کابرا سەرت دەبڕم!

زەندەقـــم چوو، دەســـتی بە ماچکـــردن و رووتکردنـــەوەم کرد و وەک وڵاغێکی بەهێز و بەتین خۆی هاوێشـــتە ســـەرم، هەســـپەکەی تماشای دەکردم و ســـەری رادەوەشاند، منیش لەو ساتەدا هەستم کردماینێکم و کلکم رادەوەشـــێنم، بـــە بێدەنگی گریام، وامدەزانـــی دارێکم تێدەبڕێ، دوو ســـێ جار دارەکەی بەنێو لەشمدا هێنا و رەحەت بوو، کەوتە سەر پشـــت، رووم وەرگێڕا و دەمدیت ئەســـپەکە هێشتا بە چاوە گەورەکانی و برژانگـــە درێژەکانی تماشـــام دەکات، گریام و فرمێســـکم بە بێدەنگی

هاتنە خوار، من لەو شەوەوە تا ئێستا هەرگیز بەدەنگ نەگریاوم، تەنیا فرمێسکم دەڕژێ و چاوم دەبێتە چاوی ئەو ئەسپە و برژانگەکانم تەڕ دەبن. دوای نیو کاتژمێر جارێکی دیکە، هاتەوە زگم و دەستێکی دیکە خۆی رەحەت کردەوە، ئینجا هەستاین و بەڕێ کەوتین، نەمزانی بۆ کوێم دەمبا، ئەوەندەیش هیلاک بووم نەمدەتوانی بیر بکەمەوە، تەنیا خەمم دەخوارد و هیوادار بووم بمکوژێت و بمرم. لەسەر ئەسپەکەی لە پێشەخۆی دانام، رۆیشتین و تا بەری بەیان هیچ قسەی نەکرد و منیش متەقم نەکرد، لەباوەشیدا بە خەم و قەهرەوە دانیشتبووم و خۆم لێ بووبووە ماینێکی پیس و کلکم دەهەژا، تا لە رێیەکی ئاسێ و پەناوپێچدا بەسەر کەوتین و لەوێ پێی گوتم: ئێستا دەتدەمە دەست کەسێکی دیکە، باسی ئەوشۆ بە هیچ شێوەیەک لای هیچ کەسێک نەکەیت، ئەگەر نا دێمەوە و وەک کابرا سەرت دەبڕم، تێگەیشتی؟! وەک مایینێکی کز و لات، کلکم شۆڕ بووبووەوە و نەدەجوڵایەوە، مێش لەسەر رووم هەڵدەنیشتن و گوویان لەسەر دەموچاوم دەکرد. گوتم: سۆزت دەدەمێ، لای هیچ کەسێک باسی ناکەم.

من ترسی کوشتنم نەمابوو، بەڵام وەک منداڵێک خۆم لێ بووبووە مایین، شەرم بوو باس لەو هەستەم بکەم، ئەگەر نا من خۆزگەی مەرگم دەخواست.

منی دایە دەست کابرایەک، تەنیا ئەو توخنم نەکەوت، دواتریش زانیم چونکە خەساندبوویان، بۆیە نەیدەتوانی نە تخونی من و نە هیچ کچێکی دیکە بکەوێت. ئیدی لەوێوە ژیانی من لە چیا دەستی پێکرد، لەگەڵ سەدان کچ و ژنی دیکە، لەوێدا چیرۆکی دووەمی من وەک کچی چیا دەست پێدەکات.

# کچی چیا

شــەوەکەی فریا نەکەوتم هیچ ببینم، کەس ببینم، تەنیا ژوورێکی تاریک و ژنێکی رەش. بەیانییەکەی، ژنی رەش تێیگەیاندم کە ئیدی من بوومەتە کچی چیا، وەک دەیان و سەدان کچی دیکە، لە خزمەتی پەیامێکی پیرۆز و کەسانی باوەڕدار و پیرۆز و گەورەداین، دەتوانم ببمە خاوەنی هەموو شــتێکی خۆش، هەموو شــتێکی باش و ناوێکی پایەدار، هەر لەوێ فێرە موزیک و شــیعرگوتن و گۆرانی و ســەما و خۆجوانکــردن و تەنانەت هەوەســتبازییش دەبم، راستیشــی کرد، بە ماوەیەکی کەم، فێرە هەموو ئەو شــتانە بووم، دەیان مامۆستای خەساو و دانا و بلیمەتمان هەبوو، مــن و هەمــوو کچانیان فێر دەکــرد چۆن رۆڵی پەرییەکانی بەهەشــت دەبینین و بە دەیان شەو جەنگاوەرانی رێی هەقمان مەست دەکردن بە گۆرانی و سەما و دەستلەملانێ و ماچ و نووستن و شیعر و شەڕاب و رێحان و بخوور و شیر و هەنگوین و بەفراو و میوە و سەوزە و هەر شــتێک ئەو جەنگاوەرە دلێر و بازووئەستوور و بەهێزانە حەزیان لێبا، ئیدی من زەرییەک بووم کارم ئەوەبوو، بەهەشــت، تامی بەهەشــت، لە خۆشی و نۆشی بدەمە جەستەی ئەو پیاوانە. دەستەخوشکم زۆربوون،

هەموویان جوان و زیرەک و گویرایەڵ و بەخشندە. جەستە و هەست و خۆشەویستیمان دەبەخشی، هەر جارەی بە پیاوێک، دەمانتوانی هەمان تام و عەشق و خۆشەویستی بە دەیان پیاو ببەخشین، نازمان هەڵدەگرتن و لە باوەشماندا دەحەسانەوە، بە مەستی دەڕژانە نێومان و خۆیان لەبیر دەکرد، هەر لە باوەشی ئێمەدا کپ دەکەوتن و خزمەتکارە خەساوەکان هەڵیاندەگرتنەوە، دەیانبردن و دەمانزانی جارێکی دیکە ئەو پۆلە پیاوانە نابینینەوە، ئەوکات نەماندەزانی بۆ نایانبینینەوە، دواتر تێگەیشتین ئەوەی شەوێک لە لای ئێمە بوایە، ئەوە لە مەیدانی شەڕدا بە پێی خۆی بۆ شەهیدبوون دەڕۆیشت. بۆیە کەسمان جورئەتی نەکرد لەدڵەوە پیاوێک لەو پیاوانە بخاتە دڵییەوە، دەمانزانی یەکجارە و ببڕای ببڕ نایانبینینەوە، بۆ من چەند پیاو هاتن و هەمان بەزمم لەگەڵ کردن و هیچیان لام بەجێنەهێشت، دەستەخوشکانی دیکەم هەبوون، بۆ پیاوەکان لێدەدران و سەرەنجامیش بە دڵساردی دەگەڵ پیاوی دیکەدا تێکەڵ دەبوونەوە، من بۆ دواجار، کە نەمدەزانی دواجار دەبێت، کوڕێک هات، بە وێنەی سەرۆکێک، عاریف و جەنگاوەر و شاعیر و پاڵەوان، بەدەست خۆم نەبوو، خۆشمویست و ئەویش ئەو شەوە تەنیا دەگەڵ من توایەوە، لە باوەشیدا بووم و پێی گوتم: (خۆشم دەوێی!) کەس ئەو قسەیەی پێ نەگوتبووم. دەیان پیاوی دیکە لە باوەشیان کردبووم و پێیان نەگوتبووم خۆشمدەوێی، لێ ئەو کوڕە، وای پێگوتم و باوڕم کرد، بۆ من تاقە شەوێک بوو، کە بگەمە لووتکەی بەختەوەری و شادی، هەرگیز وا خۆم نەدیبووەوە لە باوەشی پیاوێکدا، گەرم و ئارام و بە کەیف، خەریک بوو دەفڕیم. دەگەڵ ماچ و پەنچە و دەستە گەورە و زبرەکانیدا هار بووبووم، قەت بەو شێوەیە تێکەڵی کەس نەبووبووم، بۆیە زانیم خۆشمدەوێت، بەڵام دەشمزانی، خۆشەویستی لە لای ئێمەدا پێویستە تەمەنی لە شەوێک زیاتر نەبێت، تا کپوکڕ خەوی لێکەوت، ئەوکات تێر تماشای لەشی رووت و بازوو و نێو قەد و لێو و تەواوی لەشیم کرد، لە شێرێک دەچوو، کە حەزم دەکرد دەگەڵیدا بچمە مەیدانی شەڕ و هەر لەوێدا لە بن پێی سوار و ئەسپ و تیر و شیر و رمەکاندا ئاوێتەی ببم، لەسەر پشتی ئەسپێکی رەشدا تێکەڵی ببم، ئیدی ئەو شەوە دەیان خۆزگە و هیوای لە نێودا چاندم. هەستم بە مەترسی و ئاڵۆزی

و ســەرگەردانیی ڕۆحی خۆم کرد، بە تەواوی ژیانی خۆمدا چوومەوە تا کەوتبوومە باوەشی ئەو ئەزیزەوە، دەیشمزانی نایبینمەوە، کە گریام، ژنی ڕەش دەستی گرتم و خستمییەوە ژوورە تاریکەکەم، دەیزانی ئەو گریانــە بــۆی هەیە دنیایەک تێکبدات، بۆیــە دەبوایە فریا بکەوێت و ئەو دنیایە لە فرمێســکەکانی من دەرباز بکات، گەفی ئەوەی لێکردم، کە دڵم توڕ دەداتە بەردەمی سەگێکی هار، ئەگەر کاری وا دووبارە بکەمەوە.
شەو ڕابرد و دڵی منیش خراپتر لێیی دەدا، ژنی ڕەش چەند ڕۆژێک لەو ژوورەدا نەیهێشــت بێمە دەرێ و کەس بە دەردم نەزانێت، تا دواتر بە میهرەبانی دایکێکەوە، فرمێســکە بێدەنگەکانی سڕیمەوە، زۆر بە کورتی گوتــی: کچم خــەون بە هیچ پیاوێکەوە مەبینە، ئــەو چەند ڕۆژەی بێت، دنیا ڕەنگە بگۆڕێت، بۆنی خوێن و مردن دەکەم، بەڵام نایەڵم تۆ بمریت و خوێنت بڕژێت. من تێنەگەیشــتم مەبەســتی چییە، ڕۆیشت و منی تاق و تەنیا بەجێهێشــت، دەرکەکەی بە واڵایی بە جێهێشــت، هاتمە دەرەوە، زانیم چەند شــەوە کــۆڕ و ئاهەنــگ نەگردراوە و دەستەخوشــکەکانم نەچوونەتە باوشــی هیچ پیاوێکەوە، بۆ ئەوەی دڵم نەتەقێت، باســی ئەو پیاوەم بۆ دەستەخوشکەکانم کرد، باسی حەز و ویست و خەونەکانم... خەونی ســەر پشتی ئەسپە ڕەشــەکە و مەیدانی شەڕ، زۆریان پێکەنین و دواتریش، هەر کچەی شــتێکی ئاوای لەگەڵ پیاوێکدا بەســەر هاتبوو، بەڵام هەمووشــیان لەوە گەیشتبوون، عەشقی ئێمە تەنیا بۆ شەوێکە و زیاتر نا.
میوانــی ئەزیــز، بــا زۆر ســەرت نەیەشــێنم. تۆ بــۆ ئــەوە نەهاتووی سەربوردەی من بزانیت، ئەو ڕۆژانە بوو، من هێشتا مەست بووم بە بۆنی ئەو پاڵەوانە، کە دەرکەکانی بەهەشــتی ئێمە شــکان و دەستەخوشکانی چیا هەر یەکەی بە لایەک گەیشــت، زۆربەیان وەک کەنیزەک بردران و کەوتنە باوەشــی تاڵانکەرەکان، ژنــی ڕەش منی دەربازکرد، بە ڕێیەکدا بردمی، کە زۆر کەس نەیاندەزانی، ئەو وەک دایکی ئێمە وابوو و دەگەڵ ســەرکردەماندا دەســتی تێکــەڵ بوو، بۆیــە من و ئەو مــاوەی مانگێک هەڵاتین و لێرە گرســاینەوە، دواتریش ئەو دوو موزیکژەنە گەیشــتن و چەند کەســێکی دیکەیش، ئیدی لەســەر ڕاســپاردەی ژنی ڕەش، دایکی هەمووومان، لێرە ئەوماڵەمان درووست کرد.

بـەڵام تەنیـا یـەک کارەسـات بۆ مـن بەس بوو بـۆ ئەوەی تـا مردن بمتلێنێتـەوە، لـە هەڵاتنمانـدا، بـە نێـو ئاگـر و رووخان و سـووتاندا راماندەکرد، دەنگەدەنگ و قاووقیژی ژن و پیاوان دەچووە ئاسمان، کە تەرمی ئەو پاڵەوانەم دیتەوە، سینگی کونکون بووبوو، خوێنێکی زۆری لێڕژابوو، تاقەهەناسەیەکی نەمابوو بیداتە من بۆ دواجار، لەو حاڵەتەدا، تەنیا نێوچەوانیم ماچ کرد و ژنی رەش پەلکێشی کردم، وەک ماییەکەم لێهاتـەوە، ماینێـک کە ئیدی جارێکی دیکە ناتوانێـت نە خەون ببینێت و نە بگرێیت.

میوان، بەسە...!

بە پێیەکانی ئاوەکەی شلەقاند و منی لەو چیرۆکە هێنایەوە نێو کانیاوەکە، ویسـتم دەیان پرسـیاری لێبکەم سـەبارەت بـە چیا و سـەربوردە و چیرۆکەکانـی، بەلام ئەو زوو گوتی: ئـەو پاڵەوانە زۆر هەر زۆر لە تۆ دەچـوو! بۆیە کە تۆم بینی دیسـان دڵم تەپ تـەپ تەپ کەوتەوە لێدان. بۆنت لە بۆنی ئەو پیاوە دەکات، خۆی هێنایە پێش و چاوەکانی داخستن و دەستەکانی کردنە لەپ و خستنیە بن چەناگەم و گوتی: هەناسەیەکی درێژ بڕژێنە سـەر رووخسـارم، چاوەکانی داخسـتن و هەناسـەیەکم رژاندە سەر رووخساری، گوتی: هێشتا!...

منیش هەر بەو حاڵەتە هەناسـەی درێژ درێـژم دەرژاندن، گوتم: کچی چیا!...

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم و پەنجەیەکی خستە سەر دەمی و گوتی: هش.

هەڵسـایەوە و دەسـتەکانی گرتم و لە کانیاوەکە دەرکەوتین، منی بردە ژوورەوە. شەڕابەکەی لێوەرگرتم و گوتی:

– زۆر قسـەم بـۆ مەکە میـوان، لەمێژە من تینووی لەشـێکی رێحانیم، خۆتم بۆ شل کە با جاریَ تێر بۆنت کەم و تێکەڵت بم. زۆر قسە مەکە، هەناسەت بڕژێنە نێو دەمم، با تێکەڵ بین.

شـەرابەکەی خـۆی و منی لەسـەر سـینییەکە دانایەوە و بـە هەردوو دەسـتەکانی لاجانگەکانـی گرتـم و تماشـای نێـو چاوەکانـی کـردم، روومەتەکانی ماچ کردم و ئینجا نێوچەوانم، تۆزێک سـەری بڵند کردم و بیَ ئەوەی سـەرم بەردات لێوەکانی گرتم، مژی. بۆنی رێحان کەوتە

سەر لێوم و ئینجا زمانم و دواتر شۆڕبووەوە گەرووم و بۆڕی هەوام و سییەکانم، لەزەتێکی زۆر خۆش بە سینەمدا گەڕا، هەستیشم کرد لە منەوە، لە سینەمدا دیسان بۆنی ڕێحان دێتە بۆڕی هەوام و ئینجا گەرووم و سەر زمانم و سەر لێوەکانم و دەرژێتە سەر لێوەکانی ئەو. لێوی یەکمان تەڕ تەڕ کرد و ئەو هەموو قەترەیەکی منی دەخواردەوە، زمانی خستە نێو دەمم و بە زمان لە ئاو دەگەڕا، زمانی لە لێوەکانم و نێو دەمم و لە زمانم دەخشاند. تامی شەڕاب لە سەر زمانی ئەو و من نەما، تەنیا تامی ڕێحان و بۆنی ڕێحان و ئاوی ڕێحان لە زارمان دەڕژا، من شل بووم و لە شوێنی خۆم کە مافورێکی گوڵگوڵی سور و شین بوو خۆم درێژکرد، ئەو هێشتا سەری گرتبووم و لێومی دەمژی، لەگەڵ من بێ ئەوەی دەستەکانی بکاتەوە خۆی چەماندەوە، لێوی بەرنەدام و هەر دەیمژیم، بە لێو و بە زمان قەترە ئاوەکانی دەخستنە سەر لێوی و نێو گەرووی و نێو سینەی و ڕێحانی دەردەدایەوە و دەیخستەوە نێو دەمم و جارێکی دیکە هەڵیدەمژییەوە. بەردەوام بوو لە لێومژینم و لەگەڵ هەر مژێک زیاتر و زیاتر تەڕ دەبووم، ڕێحانی زیاترم لە سینە دەهاتە دەر و ئەویش زیاتر بۆنی ڕێحانی دەردەدا، چاوەکانی کردنەوە و بێدەنگ کەوتە لێستنەوەی چەناگە و گەردەنم، لای ڕاست و چەپی گەردەنی مژتم و لێستییەوە، بۆنی ڕێحان هەر زیاد دەبوو، منیش زیاتر لەشم دەکەوتە بن کاریگەریی بۆنی ڕێحان، گەرووم دەپژایەوە، وەک ئەوەی ڕێحانم لەسەر گەردەن بپلیشێنێتەوە، ئاوا بۆن لە گەردەنم هەڵدەستا، لێو و زمانی ئەویش بۆنی ڕێحانێکی تیژ وەک بیبەریان لێهەڵدەستا، ڕوومەتەکانی سوور بووبوونەوە، لێوەکانی تەڕ تەڕ، شین داگەڕابوون و چەند تفێکی سپی کە هەر لە گوڵی ڕێحانی کافوری دەچوون لەسەر لێوی دەڕژانە سەر گەردەنم و هەستم پێیان دەکرد، گەڕایەوە سەر لێوم و تفە ڕێحانییەکانی ڕشتنە سەر لێو و زمانم، پاشانیش تفەکانی هەڵگرتنەوە، تفەکان لەسەر لێو و زماندا زیاتر و گەورەتر دەبوون و دەیخواردنەوە و قووتی دەدانەوە. دیسانەوە چەناگەم و گەردەنم و ئەوجارە چووە سەرسینگم، لەنێو مووەکاندا، تفی ڕێحانی دەڕشت و هەڵیدەگرتەوە، بە پەنچەکانی مووەکانی لا دەدام، تفی دەکردە سەر سینگم و دەیخواردەوە، بەپەلە دەستی بۆ لای بوتڵە شەڕاب و جامەکان

درێژکرد و دەسکە ڕێحانە ڕەشەکەی هەڵگرت، چەند پەلکی لێکردەوە و خستییە سەر سینگم، ئینجا دەستی بردە جامە شەڕابەکە و رووی کردە نێو مووەکان و پەلکە ڕێحانەکان، بە پەنچەکانی مووی سینگ و ڕێحان و شەڕابەکەی تێکوەردا، پرچە کلک ئەسپییەکەی کردەوە و خۆی لەسەر سینەم درێژ کرد و کەوتە لێستنەوەی، بۆنی شەڕاب هەناسەی خەست کردم، ئەویش دەستی بە مشەمش کرد، لێستنەوەی بەتاوتر و بەهێزتر دەبوو، لیکاوی دەرژاندە سەر سینگم و هەڵیدەگرتەوە، پەنچەکانی دەخستنە دەمم و دەیڕژاندە سەر لێوەکانی و دەیڕژاندە سەر سینەم، مژی لە سینەم دەدا، بۆنی ڕێحان خەریک بوو ژوورەکەی دەتەنییەوە، هەوای ژووریش خەست دەبوو، ئەویش دەنگی وردە وردە بەرزدەبووەوە، دەنگی لێستنەوەی دەهات، ئمممماه... سینگم دەسووتا و بۆنی ڕێحانی لێ هەڵدەستا، پەنچەکانی ئەو دەبوونە مۆم و بۆنی ڕێحانیان دەدا، لێوەکانی بووبوونە ڕێحانی ڕەش و تەڕ و ئاوی ڕێحانیان دەدا، سینگی هەڵدەگلۆفیم و دەیخوارد، مەمکەکانی خستنە سەر سینەم، توند توند مەمکەکانی بە سینەمەوە نووساندن، خۆی بەرزکردەوە و مەمکەکانی لەسەر لێوم ڕاگرت و گوتی: بیانمژە. منیش چێژ لەسەر لێو و سینەم دەسووتا، بە دەستەکانم کەوتمە شێلانێکی کورتی هەردوو مەمکە سپی و لە یێک دوورەکانی و یەکەمجار نەقەبی مەمکەکانیم ماچ کرد و زمانێکی تەڕ تەڕم پێدا هێنا، بە ئاوی ڕێحانی زمانم چزەی لێهەستا و ئەویش هاوارێکی کرد و گوتی: ئۆهههە... بیسووتێنە! زمانێکم لە خوارەوە بۆ سەرەوە پێداهێنا، لەگەڵ لێکخشانی زمانم بە گۆشتی سینەی چززەی هات و لەگەڵ ئۆهههەی دووەمی بۆن ڕێحان لە سینەی هاتە دەر، هەناسەیەک بوو بە گەرمییەکەی بای نێو سینگی دەسووتا و بۆنی ڕێحان دەبووە بخور لە سینگی و وەک ئاگر بە گەرووییدا سەردەکەوت و دەرژایە نێو پرچ و سەر پێڵووی چاوەکانم، زمانی جاری دووەمم لە سەرەوە بۆ خوارەوە چز کرد و ئەو ئاگرەی لەنێو پرچ و سەر رووخسارم نیشتبوو، بە ئهێک هەڵیکێشایەوە نێو دەمی و سەر زمانی سووتا و بۆڕی هەوای گڕی گرت و لە سینەیدا تەقییەوە، بووە گڕکانی ڕێحان، بۆن دەتەقییەوە و دەهاتە دەر و هەڵیدەمژییەوە، لەگەڵ هەر هەناسە فڕێدانێک و هەناسە خواردنەوەیەکدا، مەمکەکانی

گەرمتر دادەهاتن و دەم و لێو و زمانی منیش ڕێحانیان لەسەر دەبووە کڵپە و پشکۆ، ئاهێکی زۆر قوڵی هەڵکێشا... بە چیلچیلەی مەمکی تەڕایی دەم و لێوی وشــک کردم، هەناســەی دەمم وشک هەڵات و ناچاربووم تفێک لەســەر زمانم کۆبکەمەوە و قووتی دەمە نێو گەرووم کە وشــک بوو، مەمکی راستەی خستە دەمم و ئەو کرتەیەکی کرد و خۆی چەماندە ســەر ســەرم و مەمکی پاڵدایە نێو دەمم، وەک جۆگەیەکی باریکی ئاو، ڕێحاناوی ڕژاندە نێو دەممەوە، دەمم پڕبووەوە لە ئاو و گەرووم بووە کانــی، ســینەم بووە بای تەڕ و باران، بە ئــاوی زمانم چزەم لە هەموو لایەکی مەمکی راستی هەستاند، چیلچیلەی لە دەممدا دەتافایەوە و ئاوی ڕێحانی لێدەڕژا، وەک ئەوەی گوڵی ســپی ڕێحان بێت دەمتافاندەوە نێو دەمم، ئینجا مەمکەکەی دیکەی، چیلچیلەکەی دیکەی شــیری ڕێحانی لێ دەڕژا و دەکەوتە سەر ڕوومەت و چاوم، هەردوو مەمکەکانیم گرتن و خستمنە نێو دەمم و ئەویش بە پەنچەکانی وێکی دەهێنانەوە و پاڵی دەدایە دەمم و بە چزەچز دەچوونە نێو دەممەوە، داغم کردن و ئاهی لێهەستا. هاواری کرد بمسووتێنە، لە بنەوە کێرم ڕێحاناوی لێ ڕژا، بەر ڕانەکانی کەوت و هەســتی کرد ڕانی دەسووتێ، سەری بەرزکردەوە و زمانێکی بــە لێــوم داهێنا و چنگە ئاوێکی لێ برد و بەســەر چەناگە و گەردەن و ســینگ و زگیدا ڕشــتم، ســەری کێرم کە دڵۆپێکی گەورەی ڕێحاناوی لەسەر کۆبووبووەوە، بە ناسکی، بە زمانی هەڵیگرتەوە و خستییە سەر زمانی و وەک شەڕاب تامی کرد و ڕژاندییە قوڕگییەوە، سەری بەسەر داگرت و بە زمان و لێو و پەنجە کڵپەدار و بۆن ڕێحاناوییەکانی مژی، مژی و مژی و مژی. هەموو ڕێحاناوی لەشم لە مێشک و پەنجەی پێم و ســینەم و پشــتم و زگم دەرژانە نێو کێرم و ئەویــش دەیخواردەوە، دەیمــژی و چــززە لە کێری مــن و دەمی ئەو هەڵدەســتا، ژوور بووە باخێکــی ڕێحان و بۆنی ڕێحان دەســووتا و بارانــی ڕێحان دەباری و هەوری ڕێحان بانی ژوورەکەیان سواغ دابوو، چرا زەردەکە تۆی سپی ڕێحانی دەباراند و من و ئەو بووینە جۆگەی ڕێحان و ڕێحاناو. ئارەقە لــە هەموو لەشــم دەهاتە دەر و هەنییەم ئاگــری دەباراند، ئەو دەیمژی و داخی دەکردم، هەمووی خســتە دەمی و هەناســەیەکی بەردایە سەر و ســووتاندی، ئینجا بە یەک مژ هەناوی لەگەڵ ڕاکێشــام و ڕێحاناوی

هەموو جەســتەی ڕژاندە نێو دەمی، ســەرم گرت و پاڵمدا، هەتا بنی لە دەمیدا بوو، ئەو ســەروچاوی بزر بووبوون، پرچە ڕەشــەکەی بەسەر زگمدا تەخشــان بووبوو و بووبووە دەشــتی ڕێحانی ڕەش، پەنچەکانم لەنێــوی بزرکــردن و تەڕتەڕ بــوو. مژی، هارانە مژی و شــێتانە قومی لێــدەدا، ئمئمەکانی زیاتر دەیانســووتاندم و پڕیــان دەکردم، تەڕتەڕیان دەکردم و ئاوی لەشــم بە هوڕوژم بــۆ نێو کێرم دەهات، ئاوی لەش و تۆی ڕێحاناوی لێدەرهێنام و هەر بەری نەدا، من تۆم هات و ڕێحاناوم هات و تۆی ڕێحانم لە لەش هاتە دەر و ئەویش هەر دەیمژی، نەیهێشت یەک دڵۆپ بڕژێتە سەر لەشی من، ئەو قومی لێدا و ئاوم هات و ئەویش دەمی کردەوە و خستییە سەر زمانی، هەتا هەندێک کۆبووەوە و ئینجا قووتی دا، جاری دووەم گوڵ ڕێحانە سپییەکانی کێرم دەردەهاتن دەمی کردبووە و دەیخستە نێوی، قووتی دەدا و لە گەروویدا دەیتافاندەوە و دەیڕژاندە نێو گەدەی، تۆی خواردمەوە، لێوەکانی بە زمان دەسڕینەوە و نەیدەهێشــت یێک گوڵە ڕێحانی لەشــم بڕژێتە سەر خاک، یان لەشی من، کەوتەوە لێستنەوە و مژینی، دەیویست دوادڵۆپ لە لەشم دەربێنێت و بیخاتە نێو هەناســە و لەشــی خۆیەوە. ئاهێکــی درێژی کرد و خۆی بەردایەوە سەر لەشی من، دەمی خستە نێو دەمم و ئەو تۆیەی من، کە لەدەمیدا بوو، هەمووی ڕشــتەوە نێو دەمــم، ئاوێکی لینج و ڕێحاناویی لەســەر زمانم خزی و دڵۆپەکان دەچوونە نێو قوڕگم و نێو ســینەم و گــەدەم و لەگەڵ خوێنمدا بە لەشــمدا وەردەبوو. تــا دوادڵۆپ هەمووی ڕشتەوە نێو دەم و لەشم.

کەوتەوە لێســتنەوەی ســینگم و گەردەن و لێو و زمان و چاو و پرچ و پێ و هەتا پەنچەکانی پێشم، هەمووی ماچ کردم، سەری بەرزکردمەوە و خستییە نێو مەمکەکانی، هێشتا گەرمایی لەشی ئەو منی دەسووتاند، ڕێحانێکی ڕەشی خستە دەمم و گووتی: بیجوو.

* * *

من کە خەبەرم بووەوە، شـــتەکانی شـــەوم وەک برووســـکە بە مێشکدا هاتنەوە، هەر بە رووتی لە شوێنی خۆم کەوتبووم، بۆنی ڕێحان سەر و جەستە و هۆش و ژوورەکەی داگرتبوو، هەستامەوە و جگە لە کراسە تەنکەکـــەی ڕێحـــان هیچ شـــوێنەوارێکی دیکەی ئـــەوی لێنەبوو، بۆ لای پەنجەرەکە چووم و کردمەوە...
کـــە کردمەوە چی دەبینم... ئەوەندەی چاوی خەواڵووم بڕی کرد، باخی ڕێحانـــی کافوورییـــە، باڵای بەرزی ڕێحانـــەکان، گوڵە ســـپییەکان، ئەو بۆنـــەی لـــەو نێوەدا بە دنیا وەردەبوو یەکســـەر منی خســـتە گریانەوە، گریانێـــک یەکەمجاربوو وا بمگرێت و ڕێحانـــاوم بە چاودا بێنێتە خوار، لەگـــەل دەنگی گریانـــم، ڕێحان هاتە ژوورەوە و باوەشـــی تێوەرێنام و لەگـــەڵ مندا بە بێدەنگی فرمێســـکی ڕشـــت، تێر گریایـــن و ڕێحاناومان ڕشـــتە ســـەر رووخسار و نێو هەناسەی یەک، هەســـتامەوە و تماشای ئـــەو باخەم کـــردەوە، هەتاو لە ڕێحانەکانی دەدا، هەتاو بە تیشـــکەکانی دەچـــووە نێـــو ڕێحانەکان، نەوەک تەنیا لە جەســـتەیان بـــدات، دەچووە نێو ڕۆحیان، دیمەنێک بوو کەپووی دەزووراندمەوە کە بۆن و ســـینەم تەڕتەڕ بوون لە بۆن.
بـــە پەلە جلەکانم لەبەر کردن و لەگەل ڕێحـــان ڕامانکردە نێو باخچەی ڕێحانی کافوورییەوە.

***

پێکەوە من و ڕێحان کەوتینە ڕێ و تا کاولگەکەم، کە بووبووە کاولگەی من و ڕێحان، نەوەســـتاین، کەســـە دوور و هەڵاتووەکان گەڕابوونەوە، ئەوانـــەی نەکوژرابـــوون و نەدزرابـــوون هاتبوونـــەوە، فاڵچییـــەکان چاوەڕێیـــان دەکردین و هـــەر یەکەی، بە پێی تەمەن و ئەزموونی خۆی پێشبینییەکی دەکرد

فاڵچییەک پێی وایە ئەو شتەی پێی ئاوسم، مرۆڤێکە لە چەشنی باران و دنیا نقووم دەکات. فاڵچییەک، پێی وایە شیعرێکە و دنیا دەکاتە بیابان. یەکێـــک، یەقینـــە کە باخی ڕێحانێکە و دنیا گەمـــارۆدەدا و مرۆڤەکان لە جیاتـــی هـــەوا بە بۆنـــی ڕێحان هەناســـە دەدەن. یەکێکـــی دی، دەبینێت رووبارێکە لە خوێن، قەترەقەترە دەرژێتە نێو ڕۆحمەوە.

نازانم پێشبینیی کامە فالّچی، ڕاست دەردەچێت؟
ئەوەی خۆم هەستی پێ دەکەم، ئازارێکە، لە بلّندترین شوێنەوە دەرژێتە هەناومــەوە. چەقۆیەکە، لە ســپیترین دەســتەوە، لە لــە لاملم دەچەقێ. تیرێکــە بە وێنەی عەشــق، جەرگم کــون دەکا و قەهرێکیشــە، هەناوم هەلاهەلا دەکا.

ئەگەر هاتوو شــیعر دەرچوو، دەیخەمە ڕووبارە وشــکەکانەوە. ئەگەر باران دەرچوو، دەیدەمە باخچەکانی کۆشکێکەوە، کە دواتر چیرۆکەکانی دەبیستن.
ئەگەر بووە باخی ڕێحان، ئەوە هەمووی لە پرچی تۆ دەدەم، کە ئاوس دەبێت. ئەگەر روباری خوێن بوو، ئەوە پارچەپارچە، هەر بە ئاوسییەوە پێی وەردەبم.

# House of Basil

Hoshang. S. Mohemmed